# ڕێنوێن

## کۆکردنەوەی:

## غولام حوسێن ذولفەقاری

## ئامادەکردنو وەرگێڕانی لەفارسیەوە:

## محەممەد پشدەری

## ئەدەلاید

# ڕێنوێن

❖ ئامادەكردنی: محەممەد پشدەری
❖ بابەت: پەندو وتەی بەسوود
❖ ئامادەكردنو وەرگێڕانی: محەممەد پشدەری
❖ نەخشەسازی: مەهدی ئەحمەد
❖ نەخشەسازی بەرگ: محەممەد پشدەری
❖ سەرپەرشتیاری چاپ: كەنعان خەلیل
❖ تیراژ: 500 دانە
❖ ژمارەی سپاردنی: (1418)ی ساڵی2008 وەزارەتی ڕۆشنبیری دراوەتێ
❖ سلێمانی (2008)- چاپخانەی كوردستان

ناونیشان:
بەڕێوەبەرێتی چاپو بڵاوكردنەوەی سلێمانی
گردی ئەندازیاران: 105 كۆڵانی: 34 ژمارەی خانوو: 10
ژمارەی تەلەفۆن: 2180994

# ڕێنوێن

پێشەکی ........................................................................ 6
چەند پەیڤێک لە بری پێشەکی ............................................................. 7
سوپاس‌و پێزانین .............................................................. 9
ئەم نامێلکەیە پێشکەشە بە: ........................................................10
تێبینی.......................................................................11
بەختەوەری ....................................................................12
خیانەت .......................................................................15
خیانەتکردن ....................................................................16
ئەوشتانەی کەدەبنە هۆی رازاندنەوەی مرۆڤ ...........................................17
ئەوشتانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی رێزیی مرۆڤ ....................................18
زانین و نەزانین ..............................................................19
فێربون و بەرەو پێشچوون ......................................................22
زانست‌و فێربوون................................................................24
درۆکردن ......................................................................25
مرۆڤ بێ هەڵە نابێ ............................................................27
دوژمن.........................................................................28
هاوڕێ ........................................................................30
نهێنی.........................................................................33
ژن ...........................................................................35
ژیان .........................................................................37
زیان .........................................................................39
جوانی ........................................................................40
قسەکردن .....................................................................41
بێدەنگی ......................................................................45
بۆ زیاتر خۆناسین ............................................................46
سیاسەت ......................................................................47
ڕووخۆشی ......................................................................48
گریان ........................................................................49
خۆشەویستی ....................................................................51
ڕێزگرتن لەکەسایەتی ...........................................................53

ئازایی ........................................ 54
ناوبانگ ........................................ 55
گاندیو وەسێتنامە حەوت خاڵییەکەی ........................................ 56
خەم ........................................ 57
دادوەری ........................................ 58
ئەوین ........................................ 59
لێبوردن ........................................ 62
چەند وتەیەک لە گاندی یەوە: ........................................ 64
ژیری ........................................ 66
زانست ........................................ 68
غەیبەت ........................................ 69
خۆ بەزلزانین ........................................ 71
گەورەیی ........................................ 72
سواڵکەر ........................................ 74
دەسەڵات ........................................ 75
بڕیاردان ........................................ 77
قومار ........................................ 79
خۆپاراستن ........................................ 80
دەستبڵاوی ........................................ 81
کارو تەمبەڵی ........................................ 82
خوێنەر ........................................ 85
ڕوناکبیر کێیە؟ ........................................ 87
لاسار ........................................ 89
منداڵ ........................................ 91
ئەرکی باوک ........................................ 92
تامو چێژ ........................................ 94
پیاو ........................................ 95
مردن ........................................ 96
پرسو ڕا ........................................ 99
گەلو نیشتیمان ........................................ 100

میوان ....................................................................................101
گەورە پیاوان ..........................................................................102
نوسەر ....................................................................................104
چاکە ......................................................................................105
ویژدان ...................................................................................107
کێن ئەوانەی دڵیان شادە؟ ..........................................................108
کات .......................................................................................110
هیواو ئارەزوو ...........................................................................112
ئازادی ....................................................................................114
کۆمەڵ ...................................................................................116
بەرژەوەندی پارێز .....................................................................117
ڕەوشت ..................................................................................118
هاوسەرگیری ............................................................................121
خۆڕاگرتن ................................................................................123
مامناوەندی ..............................................................................125
بیرو باوەڕ ...............................................................................126
باوەڕ بەخۆبوون ........................................................................128
مرۆڤ ....................................................................................130
بەخت و چارەنووس ....................................................................131
گەشبین و ڕەشبین .....................................................................132
داهاتوو ...................................................................................133
دایکو باوک .............................................................................134
پەشیمانی ................................................................................135
دە هوی سەرەکی بۆ خۆشحاڵبوون: ..............................................136
پارە ......................................................................................139
زاڵبوون ..................................................................................143
بەڵێن .....................................................................................144
ئەزموون .................................................................................145
بیرکردنەوە .............................................................................146
لەخۆ بایی بوون .......................................................................147

زمانلووسیی ..........149
تەندرووستی ..........150
تەنیایی ..........151
شەڕو ئاشتی ..........152
لاوێتی ..........153
تەماح ..........154
حەسوودی ..........155
ڕاستی ..........156
توڕەیی ..........157
لوقمانی حەکیم ..........158
ژیان چییە؟! ..........162
مرۆڤ 2 ..........164
باسکردن ..........165
پەندی جۆراوجۆر ..........166
ژیان دەریایە ..........175
گوێ رەش ..........177
پەروەردە ..........178
لێکتێگەیشتن ..........180
بۆئەوەی ویژدانت ئاسوودەبێ: ..........182
ژیان چییە؟! ..........184
راستیی ..........186
دین، ئەگەر بریتی بێت لە: ..........187
خیانەتکردن ..........189
ئەوشتانەی کەدەبنە هۆی رازاندنەوەی مرۆڤ: ..........190
ئەوشتانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی رێزیی مرۆڤ: ..........191
سیقەو راوێژ ..........192




# پێشەکی

## بەناوی خوای گەورە

ئەم نامیلکەیەی کە لەبەر دەستتدایە، وەرگێردراوی بەشێکی کەمە لە کتێبێکی گەورە بەناوی ""**رهنمون**"، کە بەرهەمی رەنجو خۆماندوکردنی لە رادەبەدەری نوسەری ئێرانی "غولام حوسین ذولفەقاری"یە.

لەم نامێلکەیەدا، ژمارەیەکی زۆر پەندو ئامۆژگاریو قسەی بەنرخی کەسانی ناودارو ژیر لە سەرانسەری جیهان دا جێکراوەتەوە، کەلەڕاستیدا نیشانەی کۆششی نەپچڕاوەی مامۆستا "ذولفەقاری"یە.

من هەوڵمداوە گوڵبژێرێک لەو باخە پڕ گوڵو رازاوەیەدا بکەمو وەک دیاری پێشکەشی هەموو ئەو کەسانەی بکەم کە پابەندی رەوشت، مرۆڤدۆستی، راستگۆییو گشت نەریتە باشو پێشکەوتوە کۆمەڵایەتیەکانی مرۆڤن.

"**ڕێنوێن**"،" ناوی هەڵبژێردراو بۆ ئەم نامیلکەیەیە، کە لەکوردیدا مانایەکی جوان دەبەخشێو ڕێنوێنیمان دەکات چاکەو خراپە لێک هەڵاوێرین، رێگای راستو چەوت لێک جیابکەینەوەو دۆستو دوژمن بناسین، پەند لە رابردوو وەربگرینو بۆ بنیاتنانی داهاتوویەکی پڕشنگداریش ژیرانە بیر بکەینەوەو زانایانە پلان دابڕێژین.

هیوادارم، "**ڕێنوێن**"" بتوانێ بە راستی ببێە "**ڕێنوێن**".

ئەگەر پەندەکان سوودبەخش بوون سڵاو بۆ گیانی پاکی وێژەرەکانیانو کۆکەرەوەکەی بنێرن، خۆ ئەگەر لە خوێندنەوەشی وەرەز بوون، تاوانەکەی بخەنە ئەستۆی منی وەرگێڕ.

**ڕێنوێن**

**ئوستراليا**
15.12.2005

# چەند پەیڤێک لە بری پێشەکی

- فەرهەنگی هەر میللەتێکی دنیا، کەم تا زۆر بێبەش نییە لە پەندو حیکمەتو قسەی نەستەق کە لە ئاکامی کەڵەکەبوونی کۆی ئەزموونو بەسەرهاتی ژیانی پڕ لە کەندو لەندی هەموو میللەت بە گشتیو هاوکات تاکەکانی ئەو میللەتەدا هاتوونەتە بەرهەم . لێرەوە دەکرێ قسە لەسەر بەرهەمهێنانی پەندو حیکمەتو قسەی نەستەق لەسەر دوو بنەما بکەین: یەکەمیان ئەوەیە؛ کە ئەزموونی ژیانی دەستەجەمعیی کۆمەڵ لە پرۆسەی ژیانی کۆمەلایەتییو فەرهەنگییو ئابورییو تەنانەت سیاسییشدا، دەبێتە مایەی بەرهەمهێنانی زۆربەی هەرە زۆری ئەو پەندو حیکمەتو قسە نەستەقانەی کە بەشێکی بەرچاوی فۆلکلۆر پێکدێنن. بنەمای دووهەمیشیان؛ ئەزمونی تاکە تاکەی ئەندامانی کۆمەڵە کە زۆر جاران ئەزمونی کەسێک لە ناو ڕووداوێکدا دەبێتە پەندو لەناو سەرجەم کۆمەڵدا دەبێتە شتێکی باوو وەک نموونە باسی دەکرێ، کە ئەمیشیان لە ئاکامدا تێکەلاوی ئەزمونە گشتییەکە دەبێتەوەو دەبێتە بەشێک لە فۆلکلۆری ناو کۆمەڵ .
- گومانی تێدا نییە کە هەر پەندو حیکمەتو قسەیەکی نەستەق هەروا لە خۆڕا نەهاتۆتە بوون، بەڵکە سەرگوزەشتەو ڕوداوی خۆی هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم چەشنە بەرهەمە وەک زۆر لایەنی دیکەی ژیانی کۆمەڵ لە پرۆسەیەکی مێژوویی کۆمەلایەتییدا هاتۆتە گۆڕێ. لێرەوە دەکرێ بڵێین بەشێکی زۆری ئەو پەندانە هەتا ئێستاش بایەخی بەرچاوی خۆیان هەیەو بەهای پراکتیزەکردنیان لەدەست نەداوە. بەلام بەشێکی دیکەشیان لەگەڵ بەسەرچوونی زەمەندا یان بەلەدەستدانی ئەو هەلو مەرجە زەمەنییو کۆمەلایەتییەی کە لەسەروەختی خۆیدا بوونەتە مایەی لەدایکبوونیان، گرنگییو بایەخی خۆیان لەدەست بدەن. بە واتایەکی تر دەکرێ بڵێین لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ژیانو ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر پەیوەندییە کۆمەلایەتییو ئابورییەکاندا دێن،

دەکرێ بەشێکی ئەو پەندانەش بە تەنێ وەک بەشێک لە کەلەپوور چاویان لێبکرێو ئیدی کەڵکی ئەوەیان نەمێنێت لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا وەک چارەکە سەدەیەک یان نیو سەدە بەر لە ئێستا پراکتیزە بکرێن. دیارە کە ئەمە دەڵێم مەبەستم ئەوە نییە لە بایەخو بەهای ئەو جۆرە پەندو حیکمەتانە کەم بکەمەوە کە بۆ ڕۆژگاری خۆیان سەرچاوەی سوود لێبینین بوون .

- ئەم بەرهەمەی بەڕێز "محەمەد پشدەری" مایەی دەستخۆشییەو دڵنیام پێوەی ماندوو بووە. هیوادارم بەردەوام بێ لەسەر ئەم جۆرە کارانە لەگەڵ لەبەرچاوگرتنی ئەم پێشنیازانەی خوارەوە: کارێکی چاکە ئەگەر لە داهاتوودا، بەڕێز پشدەری بتوانێت لەپاڵ خستنە ڕووی ئەم بەشە گرنگەی ئەزموونی کۆمەڵدا، لەوەش بتوێژێتەوە کە پەندو قسەی نەستەق چیین‌و جیاوازیی چییە لە نێوان ئەو دووەدا.. دیارە من خۆم بەشارەزای ئەو بوارە نازانم، دەنا هاوکارییم دەکرد.
- کارێکی پوختە ، ئەگەر لە داهاتوودا بۆی بلوێت ڕیزبەندییەک بکا لە نێوان ئەو پەندو قسە نەستەقانەی کە بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆکەش بایەخی خۆیان هەیە لە لایەکو ، ئەو پەندو قسە نەستەقانەی کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆکەدا بە هۆی گۆڕانی بارودۆخی کۆمەڵایەتیی‌و مێژووییەوە ئەو سەنگو بایەخەیان نەماوەو دەکرێ بە تەنێ وەک کەلەپوورێکی ڕێزلێگیراو تەماشابکرێن.
- دوا وشەم، هیوادارم ئەم بەڕێزە زیاتر خۆی ماندووبکاو بەم جۆرە کارانەی خەرمانبەرەکەتی زیاتری لێبکەین.

جەمال غەمبار
ئەدیلاید، ئۆکتۆبەری
2005

# سوپاس‌و پێزانین

پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندنی نامیلکەی "ڕێنوێن" لەلایەن شاعیرو نوسەری کورد، بەڕێز جەمال غەمبار، هانیدام جارێکی دیکە ئەم پەندانە لە توێی کتێبێکدا بۆ جاری دووەم چاپ و بڵاو بکەمەوە. لێرەدا جێی خۆیەتی کە ڕێزو سوپاسی خۆم ئاراستەی کاک جەمال بکەم کە جگە لەوە، لەکاتی بەنرخی خۆی گرتووە بۆ پێداچوونەوەی "ڕێنوێن"و نوسینی چەند پەیڤێک لەچاپی دووەمدا، زۆر جاریش هانیداوم کەسوود لەکات وەربگرمو ئەگەر لەدەستم بێت، پەرە بە نووسین بدەم.

زۆر سوپاسی کاک "شێرکۆ کرمانج" دەکەم کە دڵسۆزانە هاوکاری کردووەمو زۆر لە هەڵەکانی چاپو ڕێزمانی بۆ ڕاستکردوومەوە. هەروەها سوپاسیی کاک "هەیاس کاردۆ" دۆستی دێرینو خۆشەویستی دەربەدەریم دەکەم کە بەردەوام ئاگامان لەیەکترەو یەکێکە لەو هاوڕێ دڵسۆزانەم کە بەدڵنیاییەوە جێگای زۆرێک لەکەسە نزیکەکانی بۆ گرتوومەتەوەو زۆریش سوود لەئەدەبیاتە جوانەکەی وەردەگرم. سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی کاک "نەجات ئەحمەد" و کاک "سەعید پەرنیان" دەکەم کە زۆر جار لەکاتی پێویست دا، هاوڕێو دڵسۆزم بوون. جێی خۆیەتی سوپاسی کاک "محەممەد کەرکوکی" بکەم کە زۆر بەدڵسۆزییەوە ئەرکی گەیاندنی نامێلکەی ڕێنوێنی خستە ئەستۆو لەسەفەرێکدا بۆ کوردستان، رادەستی برای بەڕێز "مامۆستا جەلال حەمە عەلی" قەلادزەیی، دانیشتووی سلێمانی کرد، کە بەڕێزیان، زۆر بە دڵسۆزیەوە ئەرکی برایانەی خۆی بەجێهێناو تاکاتی چاپکردنیش هەر لەهاتوچۆدابوو. سوپاسی دەکەمو چاکەی زۆر بەسەرمەوە هەیە.

لەناخەوە دەستخۆشی لەبەڕێوەبەرو کارمەندانی ئەرک وەخۆگرو ماندوویی نەناسی (**چاپخانەی کوردستان**) لەشاری سلێمانی دەکەم کە ئەرکی پیرۆزی چاپکردنو بڵاو کردنەوەی ڕێنوێن یان بەجێهێناو جاری دووەم

لەلایەن ئەوانەوە چاپو بڵاوکرایەوە. ئەگەرچی هیچ شتێک بێ کەمو کوڕی نابێت، بەڵام گرنگ ئەوەیە هەرچی کراوە، بە دڵسۆزی کراوەو لەخزمەت هاوزمانانی خۆشەویست دایە.

# ئەم نامێلکەیە پێشکەشە بە:

گشت هاوزمانانی نیشتیمان پەروەرو خۆشەویست، بەتایبەتی بەگیانی پاکی دایکو باوکم، کە ئەوەندەی توانیانو لەدەستیان هات، تاکو لەژیاندا بوون، ئەرکی پێویستیان بەجێهێنا. هەروەها پێشکەشە بە هاوڕێو کەسە دڵسۆزەکانم. (هیوادارم ئەگەر لەکاتی پێویستدا گفتوگۆو ئامۆژگاریەکانم کاریگەر نەبوونو سوودیان لێوەرنەگیرابێ لەلایەن بنەماڵەکەمەوە، جا چ نەمتوانی بێ تێیان بگەیەنم یان بەهەڵە لێم تێگەیشتبن، یان هەر نەیانویستبێ لێم تێبگەن، ئەوا ئێستا لە ڕێگەی ئەم نامیلکەیەوە توانیبێتم بەهۆی وتە بە نرخەکانی ناوداران، هەستو مەبەستی خۆم بگەیەنمو بۆ داهاتووش کەڵکی لێوەربگیرێت. کەدڵنیام هەر وتەیەکی بەسوود لەدەمی هەریەکێکەوە دەرچووبێ، بەبێ ئەزموونێکی تاڵو دژوار بەدەست نەهاتووە.

وەرگێڕ

# تێبینی:

جێی ئاماژه پێکردنه كه بڵێم: له به‌چاپ گه‌یاندنه‌وه‌ی **ڕێنوێن** بۆ جاری دووهه‌م، له كۆتایی ناميلكه‌كه‌دا، به‌شێكم پێوه زیاد كردووه (**پەندی هەمەجۆر** و **لوقمانی حەكیم**، ئه‌م به‌شه وه‌رگێڕدراوی كتێبی "**ڕەهنمون**" نیه، به‌ڵكوو من خۆم كۆمكردۆته‌وه‌و بۆ چاپی ئه‌م جاره ئاماده‌م كردووه. تاكه مه‌به‌ستیش له‌م تێكهه‌ڵكێشانه ته‌نیا ڕێگه خۆشكردنێكه بۆ ئه‌وه‌ی خوێنه‌ران ئاسانتر ده‌ستیان به‌و په‌ندو قسه به كه‌ڵكانه‌ش ڕابگا كه ڕه‌نگه له كتێبه‌كه‌ی " زولفه‌قاری" دا نه‌بن.

# بەختەوەری

- مرۆڤی ژیر بۆ هەر پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراو ئامادەیە. (محەمەدحیجازی)
- ئەوەی مرۆڤ لەژیاندا بێزاردەکا، هەژاریو نەخۆشیو ئازار نییە، بەڵکوو لەخۆبایی بوونو لووت بەرزیو خۆ بەزلزانینە. (ئەبوعەلا)
- کەسانی زیرەک پەند لەپەیڕەوو پیشەی خەڵک وەردەگرن، بەڵام مرۆڤی نەزان لە گیروگرفتەکانی خۆشی پەند وەرناگرێتو تەمبێ نابێ. (فرانکلین)
- یەکەم تەندروستی، دووهەم جوانی، سێیەم ماڵ، چوارەم هاوڕێی باش، ئەوانە پلیکانی خۆشبەختین. (سامۆئیل)
- ناوناوبانگی باش گەورەترین خۆشبەختییە. (شیللر)
- خوازیاری خۆشبەختی خەڵک، گەورەترین خۆشبەختییە. (؟)
- خۆشەویستی ناوخێزان باشترینو بەهێزترینو شیرینترین خۆشبەختییە. (ڤۆلتێر)
- باوک خۆشبەختی بۆ ماڵەوە دێنیو دایک دەیپارێزێ. (؟)
- ڕازی خۆشبەختی لەوەدایە، کە کارێکت پێسپێردرا، کارەکەت خۆشبوێ. (؟)
- خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە لەگەڵ گێرەوکێشەکانی ژیان پێبکەنێ. (شکسپیر)
- خۆشبەختی وەک هەرگەورەییەکی دیکە، لە پاشەکەوتو هەوڵدان پێکدێ. (ڤۆلتێر)
- خۆشبەخت کەسێکە، کەلەکاتی ڕووبەڕوو بوونەوەی پەلاماری گێرەوکێشەکانی ژیاندا پێبکەنێ. (پاسکال)
- خۆشبەختی بەکارکردنو ئازادییەوە بەستراوەتەوە. (بەلزاک)

- خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە هەموو بەیانیان هەوڵدەدات لە دوێنێ باشتر بێ. (فنلون)
- چێژی ژیان نەک هەر مایەی خۆشبەختی نیە، بەڵکوو دەبێتە هۆی بەدبەختی، چونکە لەش بێهێزو مێشک خەریک دەکا. (ئەرستۆ)
- ئەوکەسەی لە بیری خێروخۆشی خەڵکدابێ، لەئەنجامدا بۆخۆی خۆشبەخت دەبێ. (ئەفلاتۆن)
- ئەگەر دەتەوێ خۆشبەختبی، بۆ خۆشبەتی خەڵک هەوڵبدە. (بتهۆڤن)
- مرۆڤ لەکاتی هەژاریو بەدبەختیدا نەبێ، خۆی ناناسێ. (ئەلفرێد دی موسێ)
- ئەی ئەو کەسەی لەخۆشیو ئاسایشدا دەژی، بۆچی ئاسایش بۆ خەڵکی دیکە بەڕەوا نازانی. (سەعید نەفیسی)
- ناخۆشییەکانتان لە بیر خۆتان ببەنەوە، تادڵشادبن، وەئەگەر خۆشیەکانیشتان لەبیر بچێەوە، بێچارەو بەدبەخت دەبن. (مترلینگ )
- هیچ بەد بەختییەک لە نارازی بوون گەورە تر نیە. (لائۆتە)
- بۆ گەیشتن بەخۆشبەتی تەنیا یەک ڕێگا هەیە، ئەویش کەمکردنەوەی خەفەتە بۆئەو شتەی کەلەتوانادا نیە. (؟)
- مرۆڤ زوو بە خۆشبەختی ڕادێت، هەر بۆیەش زوو ئەوە لە بیردەکا کەشادو خۆشبەختە. (مۆدا)
- بەدبەختی تەنیا لەو دەرگایەوە دەچێتە ژوورێ کە بۆیکرابێتەوە. ( چیکۆسلۆڤاکی)
- بۆ فێربوونو وەدەستهێنانو پاراستنی کامەرانی، پێویستە بەرلە -هەمووشتێک لە بێچارەیی بگەین. (دەیڤید وایت)
- کە لەبەر بەدبەختی خۆت ناڵەو هاوارت دێت، سەرنج لە ڕەنجکێشانی خەڵکی بدەی یەکسەر ئارام دەبیەوە. (شیلۆن)

- شتێک کە نابێتە هۆی خەمخواردنی خەڵک، بۆ دەبێ ئێمە خەفەتی لێ بخۆین!؟ (حجازی)
- کامەرانی وەک تۆپی فوتبۆڵ وایە، تادەستمان دەکەوێ بەدوایدا ڕادەکەین، کە دەستیشمان کەوت شەقێکی تێهەڵدەدەین. (شاتوبریان)
- خۆشبەخت ئەو کەسەیە کە مایەی شانازی خەڵک بێ. (؟)
- خۆشبەختی وەک پە پوولە وایە، کە دوای کەوتی لەبەرت ڕادەکاو ئەگەر ئارام دابنیشی لەسەرت دەنیشێتەوە. (دەیڤید هیرم)
- خۆت بۆ خاتری خۆشڕابواردن بەدبەخت مەکە. (؟)
- دووری لە خەڵکی شەڕخواز، دەرگای خۆشبەختیو ئارامی یە. (بتهۆڤن)
- خۆمان دیوار لەنێوان خۆشبەختیو بەدبەختیدا دروستدەکەین. (؟)
- لە هەموو خراپی یەکدا لایەنێکی باشیش هەیە. (پەندی فەرەنسی)
- خۆشبەختی لە دەوڵەمەندیدا نیە، بەڵکوو لەوەدایە کە ئەوەی لەدەستتدایە چەندە کەڵکی لێوەردەگیرێت. (؟)
- بیرکردنەوە لەبەدبەختی، بەدبەختی دروستدەکا. (لۆرد ئاڤیبۆری)
- خۆشبەخت ئەوکەسەیە کەبەمردنی هیچکەس شادنەبێو کەسیش مردنی ئەوی پێخۆش نەبێ. (سەعید نەفیسی)

# خیانەت

- ئەوەی بەکەم خیانەتت لێبکا، بێگومان لەزۆریشدا هەردەیکات. (عیسای مەسیح - د)
- لە شەڕی ئەوکەسە دڵنیا مەبە کەهیچ نرخ بۆخۆی دانانێ. (ئیمامی هادی)
- مرۆڤ بێ بەزەییترین گیانداره بەرامبەر بەخۆی. (نیتشه)
- فڕوفێڵو خیانەتکردن، لە کەسانی بێ تواناو کەم نرخ ڕوودەدات. (ڤۆلتێر)
- خیانەتکار هەمیشە دەترسێ. (پەندی عەرەبی)
- تاوان ئەگەر بە ئەنقەست نەبێو بە نەزانی ڕووبدات، هەڵەیە. (برتولەبۆشت)
- کوشتنی مێروولە فیل تەمبێ ناکا. (؟)

# خیانەتکردن

م. پشدەری
2011/04/04

کاتێک بیر لە خیانەتێک دەکەیەوە بەرامبەر بە کەسێک یان بەرامبەر بە کۆمەڵێک، ئینجا ئەو خیانەتە، بە زمان بێت یان بەکردەوە، سەرەتا زۆر باش بیربکەوەو بیر لە پێشهاتەکانی ئەو خیانەتە بکەوە بەرامبەر بەخۆت.:

کورد دەڵێ: (چی بچێنی، هەر ئەوە دەدروویەوە.)

یەکەم: هەتا ئەو رۆژە کەدەمریی، ویژدانت لەئازاردایەو تەنانەت بۆ ساتێکیش بەدڵێکی ئاسوودەوە ژیان تێپەڕناکەی.

دووەم: هەرکەسێک چاڵ بۆ هەرکەسێک هەڵکەنێ، لەئەنجامدا هەر خۆی تێیدەکەوێت.

سێیەم: لەئەنجامدانی ئەو خیانەتەدا، دوور نییە زیان بە ماڵت بگا، بە کەسایەتیت بگا، بە ماڵ و منداڵت بگاو هتد.

چوارەم: کاتێک کە دڕک دەچێنی، هەرگیز چاوەڕێ مەبە گووڵ بچنیەوە.

پێنجەم: هیچ کەسێک بەهۆی خیانەتەوە، لەژیاندا سەرکەوتوو نەبووە.

شەشەم: ئەو کەسەی خیانەت دەکا یان نیازیی خیانەتکردنی هەیە، هەروەکچۆن خاڵێکی رەش لەسەر بەفر دیاریدەکا، ئەویش ئاوا لەناو کۆمەڵگادا دیارەو ناتوانێ سیمای خۆی بشارێتەوە.

حەوتەم: ناشێرینترین دیمەن، ئەو دیمەنەیە کە تەنیا بیر لە تێکدانی ژیانی خەڵک و خیانەت دەکاتەوە.

هەشتەم: بێبایەخترین و کەم نرخترین کەس هەر ئەوانەن کە تەنیا دەتوانن وەک مێشە رەشە هەر لەسەر شتی پیس بنیشن.

نۆیەم: ئەو کەسەی بۆ چەند ساتێک بۆ ئەنجامدانی خیانەتێک دەیەوێ دڵیی خۆی ئاسوودە بکا، دەبێ باش بزانێ کە بۆ تەمەنێک لەناو زەلکاویی خەم و خەفەت دا مەلەوانی دەکا.

بەڕای من، گەورەترین خیانەت لەسەر گۆی زەویی، خیانەتکردنە بەهۆی زمان. چونکە هەرچی شەڕو ئاژاوەیە، لەژێر نووکیی زمان دا شاردراوەتەوە، هەروەکچۆن سەرجەم شتە چاکەکانیش هەر لەژێر زماندا شاردراونەتەوە. کەوابوو، با سوود لەزمان وەربگرین بۆ ئاشتی و بەیەکەوە ژیان، نەک تێکدانی شیرازەی بنەماکانی ژیان.

# ئەوشتانەی کەدەبنە هۆی رازاندنەوەی مرۆڤ:

م. پشدەری

2010/12/15

- دڵنیاکردنەوەی هەمووکەس لەزیان پێنەگەیاندن.
- ئەوەندە جێگای متمانەبێ، کە دوژمنەکانیش باوەڕی پێبکەن.
- هیچکەس بەچاوی گومان و ترسەوە سەیری نەکا.
- بەیەک زمان لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسە بکا.
- سیقە، کەگەورەترین سامانی ژیانە، هەرگیز لەدەستی نەدا.
- راستیی رێبازی راستەقینەی بێت و هەرگیز لێی لانەدا.
- کەجێگای باوەڕی هەرکەسێک بوو، خیانەتی لێنەکا.
- بێبەڵێنی، کە ناشیرینترین شتە، خۆی لێ بپارێزێ.
- بۆهێشتنەوەی ناوبانگی باش، ئەگەر زیانیشی پێ بگا، هەر سەرکەوتووە.
- ئەوەی کەدڵی پەسندی نەکرد، پەسندیی نەکا.
- هەرکەسێک لەزمانی دڵنیانەبێ، هاوڕێی نەبێ.

# ئەوشتانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ڕێزیی مرۆڤ:

م. پشدەری

2011/02/03

- زمان لووسی
- دووڕوویی
- فێڵبازی
- ناپاکی
- حەسوودی
- نیەت پیسی
- هەلپەرستی
- ناکەس پەرستی
- خۆنەناسین
- خۆبەهیچ نەزانین
- خۆبەزلزانین
- بێگانە پەرستی
- بێبەڵێنی
- خۆلێگۆڕان بەبێ هۆ
- لاساری
- خۆتێهەڵقورتاندن لەکاروباری خەڵکدا
- زۆر بلێیی و درێژدادڕی
- پەنابردن بۆ کاریی نەشیاو لەپێناو ژیاندا
- نەپاراستنیی ناوو ناوەرۆک
- کەم بیرکردنەوە
- لاساییکردنەوە بەنەزانی
- خۆجلّف کردن بۆ دڵخۆشکردنی دەوروبەر!

# زانین و نەزانین

- مرۆڤی زانا کەهەنگاوێک دەهاوێژێ، جێگای هەنگاوی دواتری دیاریدەکا. (حجازی)
- مرۆڤی بەهۆش دەردەسەریە گەورەکان بچووک دەکاتەوەو بچووکەکانیش لەناو دەبا. (چینی)
- بێ ئەقڵ هەمیشە بەدوای لەخۆی بێ ئەقڵتردا دەگەڕێ بۆ ئەوەی ئافەرینی بۆ بڵێو دەستی بۆ لەمل بدات. (بوایۆ)
- کەسانی نەفس نزم ناتوانن ڕاستو دڵسۆز بن. (لارشفۆگۆ)
- کەسانی زانا هەوڵدەدەن خۆیان لەگەڵ دەوروبەردا بگونجێنن، بەڵام کەسانی نەزان هەوڵدەدەن دەوروبەر لەگەڵ خۆیان بگونجێنن. (ئەندرە موبا)
- دانان بە نەزانین نیشانەی زاناییەو لە بێتواناییش، بەتواناییە. (؟)
- ئەگەر کەمێک شتی ناپێویستیش بزانی باشترە لەوەی کەهەر هیچ نەزانی. (سندکا)
- ئەگەرشتێک دەزانی دەبێ بزانیت کەدەیزانی، ئەگەر نەشتزانی دەبێ بزانی کە نایزانی، زانستی ڕاستی ئەوەیەو بەس. (کۆنفۆشیۆس)
- هەرچەندە زیاتر بزانی ئەوەندە شتی شاراوەتر بەدەست دێنی. (؟)
- بە شەش شت دەتوانی نەزان بناسی: 1- تووڕەبوون بەبێ هۆ، 2- کردنی قسەی پڕوپووچ، 3- خۆ لێگۆڕان بەبێ بەرزبوونەوەی پلەوپایە، 4- ڕەزاقوڕسی بەبێ هۆ، 5- پشتبەستن بەبێگانە، 6- دروستکردنی دوژمن لەجیاتی دۆست. (عەرەبی)
- ئامۆژگاری کردنی نەزان وەک سەرکەوتنی پیر وایە بۆسەر هەوراز. (لوقمانی حەکیم)
- نەهاتنە دونیا لە فێرنەبوونو بە نەزانی مانەوە باشترە، چونکە نەزانی ڕەگو ڕیشەی هەموو بەدبەختییەکە. (ئەفلاتۆن)

- **گوێدرێژ ئەگەر کورتانەکەشی زێڕ بێ هەر گوێدرێژە. (ئەفریقی)**
- **دووجار پرسیارکردن لە یەکجار هەڵەکردن باشترە. (ئەڵمانی)**
- **بێ ئاگایی لە نەزانی، دەردێکە کە نەزانەکان پێی گرفتارن. (ئەلکوت)**
- **فێرکردنی نەزان وەک سپیکردنەوەی خەڵووز وایە بە سابوون. (کینز)**
- **زاناترین کەس ئەو کەسەیە کەلەخەڵکی نەزان دوورکەوێتەوە. (محەمەدپێغەمبەر- د.خ)**
- **زانا ئەگەر بشمرێت هەر زیندووە، بەڵام نەزان بەزیندوویش هەر مردووە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب- د)**
- **زانا چاوەڕوانی لە هیچ کەس نیە کە پێی بڵێ ئەوکارەت باشەو پێیدا هەڵبڵێ. (لائۆتە)**
- **زانایی مرۆڤ لەوەدایە کە بەنەزانی خۆی پەی ببا. (لارشفۆگۆ)**
- **زانا هەرگیز توندوتیژی ناکا. (مهادیرا)**
- **شێت بەبینینی شێت خۆشحاڵدەبێ. (؟)**
- **زانا لە دوژمنانی پتر سوود وەردەگرێ، تا نەزان لە دۆستەکانی. (ئیسپانی)**

**لەوانەیە دوو زانا لەسەر یەکشت پێکبێن، بەڵام دوو نەزان هەرگیز لەسەر هیچ شتێک پێکنایەن. (بوقراتی حەکیم)**

- **من تەنیا یەک شت دەزانم ئەویش ئەوەیە کەهیچ نازانم. (سوکرات)**
- **تێنەگەیشتنو نەزانینی مرۆڤ سێ جۆرە: 1- هەرهیچ نەزانی، 2- ئەوەی کە پێویستە نەیزانی، 3- ئەوە بزانی کە دەبێ نەیزانی. (دوکلوس)**
- **نەزانەکان هەمیشە لاف بەڕابردووەوە لێدەدەن، زاناکان بیر لە ئێستا دەکەنەوەو شێتەکانیش قسەلەداهاتوو دەکەن. (ناپلیۆن)**
- **زانا ئەو کەسەیە بە هەژاری بژێیتو بەدەوڵەمەندیش بمرێت. (عەرەبی)**

- **هەرکەسێ لەگەڵ نەزاندا خۆی ڕووبەڕوو بکا، ئابڕووی خۆی دەڕێژێ.** (سەعدی)
- **ئەوەی خۆی بەوە ڕابێنێت کەهەموو قسەیەک بەبێ بەڵگە باوەڕ بکا، لە مرۆڤایەتی بەدوورە.** (ئەبوعەلی سینا)
- **ئەو کاتە ئازادو ئاسودەی کەزانا بەدۆستو نەزان بەدوژمن بزانی.** (سەعید نەفیسی)
- **هیچ کاتێک لەوکاتە زیاتر پێویستمان بەهۆش نییە، کەسەروکارمان لەگەڵ نەزاندا هەیە.** (چینی)
- **تەنیایی لەهاودەمی نەزان خۆشترە.** (بودا)
- **بێ ئەقڵێکی خوێندەوار لەبێ ئەقڵێکی نەخوێندەوار بێ ئەقڵ ترە.** (مۆلێر)
- **بەردێک کە نەزان بیخاتە ناوچاڵ بەسەد زانا دەرناهێندرێتەوە.** (کوردی)

# فێربون و بەرەو پێشچوون

- مرۆڤ بۆ پرسیارکردن هاتۆتە دونیا، نەک بۆ گومانکردن. (یانگ )
- لەهەر بێ ئەقڵێک دەتوانی شتێک فێرببی. (؟)
- ئەگەر ئەمرۆ وشەیەک لە دوێنی زیاتر بزانی بێگومان شتێکی دیکەی. (چاچیت)
- مرۆڤ هەمیشە پێویستی بە لەخۆی بەهێزتر هەیە بۆهاوکاریکردنو ڕێنوێنی کردن. (محەمەد حیجازی)
- هاوڕێی کەسانی باش بە، تالاسایی ئەوان بکەیەوە. (چینی)
- منداڵەکانتان بەگوێرەی خووو ڕەوشتی ئەو سەردەمە پەروەردە بکەن، کە تێیدا دەژین. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب- د)
- ناتوانی هەموو شتێک بزانی، چونکە نەدەتوانی هەموو شتێک بخوێنیو نەهەموو شتێکیش ببینیو تێبگەی. (راژسیۆن)
- دوو جۆرە برسی هەرگیز تێرنابن ، 1- برسی زانست، 2- برسی ماڵو سامان. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- پەلەکردن بۆ فێربوون وەک ئەوە وایە بەدوای کەسێکدا ڕابکەیو پێی نەگەی، لەوەش بترسێی کە لەبەرچاوت بزربێ. (کۆنفۆشیۆس)
- هەمیشە تێگەیشتن لە فێربوون باشترە. (گۆستاگ لۆبۆن)
- کەری تەواو ئەوکەسەیە، کەنایەوێ ببیستێ. (ئەفریقی)
- ئەوەی وانەکانی دووبارە دەکاتەوە لەوەی کە لەبەری دەکا باشتر کەڵک وەردەگرێ. (مونتی)
- من هەمیشە پێمخۆشە پەیڕەوی لە کەسانی ڕەوشت بەرزبکەمو لەوان شت فێرببم. (شکسپیر)

- لەوانەیە کەسێک کە زۆر پرسیار بکا بەنەزان بێتە بەرچاو، بەڵام ئەوەی کەهەرگیز پرسیارناکا، هەمیشە بەنەزانی دەمێنێتەوە. (لۆوی پاولەر)
- ئەوەی وشەیەکم فێربکا دەمکاتە بەندەی خۆی. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب- د)
- هەموو کەسێک بەشێوەیەک لەمن بەرزترە، چونکە من لەهەموو کەس پەند وەردەگرمو شتێک فێردەبم. (ئەمرسۆن)

# زانستو فێربوون

2009/03/15

- هەرکەسێک کەپێیوایە هەمووشتێک دەزانێ، دەبێ ئەوە بزانێ کە هیچ نازانێ.
- هەرکەسێک کەپێیوابێ نازانێو لەهەوڵی زانست دایە، درەنگ یان زوو هەر پێیدەگا.
- خوێندکار لە دوو ڕێگەوە باش وانە فێر دەبێ: یەکەم بەهۆی مامۆستای باش، دووەم بەهۆی قوتابی تەمبەڵ.
- خۆ بەزۆرگری ڕێگە لەزانست دەگرێ.
- ڕاکردن بەدوای پارەدا، ڕاکردنە لەبەر زانستو فێربوون.
- بیرکردنەوەی زۆر لە پارەو سامان، بیر نەکردنەوەیە لەبەرەوپێشچوون.
- دوای بەدنیا هاتن، یەکەم تەندروستی دووەم زانست سێیەم سامان.
- زانست دەریایەو مەلەوانی باشی گەرەکە.
- زانست هەرچەند کەزۆربێ بەڵام کەلەبەرژەوەندی کۆمەڵدا نەبێت، بێسوودو بێ بایەخە.
- زانست بۆ کەسێک کە نرخی نەبێت، وەک (زین) وایە بۆ گوێدرێژ.
- بۆ ئەوانەی کە دابڕاونو خۆیان بەزیاتر دەزانن لەکۆمەڵ، زانست هیچ مانایەکی نیە.

(وەرگێڕ)

# درۆکردن

- ئەگەر دەتەوێ خۆشەویستبی لەناوخەڵکدا، ستەم مەکە، درۆ مەکە، بەزمانی خۆت خەڵک مەڕەنجێنە. (ئەبو عەلی سیتا)
- مرۆڤ هیچ کاتێک بە ئەندازەی ئەوکاتە فێڵی لەخۆی نەکردووە، کە وادەزانی فێڵی لە خەڵکی کردووە. (لاشۆگۆلە)
- ترسناکترین شت لەفریودانی خەڵکدا، ئەوەیە کە لەکۆتاییدا خۆیشی هەر فریو دەدات. (؟)
- گەورە ترین ناپاکی درۆکردنە لەگەڵ کەسێکدا کەباوەڕی پێت هەیە. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- تەنیا شتێک کە زانایی دەڕازێنێتەوە ڕاستی یە. (ئەبو عەلی سینا)
- لەناو خەڵکی نزمدا درۆکردن زۆرە. (نیتشە)
- گەورەترین شەرمەزاری ئەوەیە، کە لەناو خەڵکدا درۆیەکانت ئاشکرا ببن. (فرانسیس بایگۆز)
- درۆزن هەمیشە لە سوێندخواردن زیادڕەوی دەکا. (کودین)
- درۆزن خۆی لە درۆزن دەپارێزی. (ئەفلاتۆن)
- سێ جۆرە درۆ هەن: 1- درۆی سادەی ڕۆژانە، 2- درۆیەک کە سوێندی لەسەر دەخورێ، 3- ئەو درۆیەش کەکەسێک دەڵێ هەرگیز درۆم نەکردووە.
- لەناو زەلکاوی درۆدا جگە لەماسی مردوو هیچی دیکە مەلەوان نیە. (روسی)
- دەستی ڕەش هەمیشە بەدەستەوانەی سپی دەشاردرێتەوە. (ئیسپانی)
- ڕاستی تاکە پارەیە، کە لەهەموو جێگایەک نرخی هەیە. (چینی)

شادمان ئەو کەسەیە کە نازانێ درۆ بکا. (؟)

- دکتۆرێک کە زۆر لاف لێدەدات هەرگیز هیچ دەرمانێکی لەدەستدانیە. (چینی)
- جاری وا هەیە درۆ، کارێکدەکا کەئاگر بەئەمباری بارووتی ناکا. (ئەڵمانی)
- ئەوەی قسەی ڕاستبێ گەورەیی زیاترە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب- د)
- هیچکەس لەدڵی خۆتان نزیکترو ڕاستگۆتر نییە، کەوابوو لەکەسانێک خۆتان بپارێزن کەدڵی پاکتان پەسندیان ناکا. (سوکرات)
- یەکێ پرسیاری لە پێغەمبەری موسڵمانان کردو گوتی: ئایا موسڵمان زینا دەکا؟ گوتی دەشێ بیکا، شەراب دەخوا؟ گوتی: دەشێ بیخوا. دزی دەکا؟ گوتی دەشێ بیکا، ئەی درۆ؟ گووتی: نەخێر. (کیمیای سەعادەت)
- درۆزن ئەگەر هەموو دونیاشی هەبێ هەر هەژارە، چونکە بێ نرخە (وەرگێڕ)
- درۆزن بەهەر پلەیەک بگا، هۆی شادمانی نیە (وەرگێڕ)
- ژیانی درۆزن، وەک دیواری سەرئاوە، هەردەم چاوەڕوانی ڕوخانی لێدەکرێ. (وەرگێڕ)
- درۆزن هەوڵدەدات بۆداپۆشینی کەموکوڕیەکانی، کێشەو ئاژاوە لەناو کۆمەڵدا دروست بکا. (وەرگێڕ)

# مرۆڤ بێ هەڵە نابێ

- دواکەوتویی ئێمە لەوە دایە، ئەوەندەی کە بیر لە کەمو کورِیەکانی خەڵک دەکەینەوە، نیو ئەوەندە بیر لە بەرەو پێشچوونی خۆمان ناکەینەوە! هەر ئەوەشە کە دەبێتە هۆی تێکچوونی شیرازەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانو دارِمانی کۆشکی هەستو سۆزو خۆشەویستی لە ناو کۆمەڵدا.
- مرۆڤ بێ هەڵە نابێ، بەڵام لەهەمووشتێک خراپتر، گەرِانە بەدوای کەمو کورتیەکانی خەڵکدا، چونکە دەبێتە هۆی لە کەدار بوونی کەسایەتی هەردوولاو هەروەها زیاتر بێزار بوونی خەڵـک لەو کەسە کە وەک مێـش بەردەوام هەر بەدوای شتی پیس دا دەگەرِێ!
- ئەوانەی کە سەربەرزی خۆیان لە بەدناوی خەڵکدا دەبینن، هەرگیز سەربەرز نابن.
- ئەوانەی کە بەختەوەری خۆیان لەبەدبەختی خەڵکدا دەبینن، هەرگیز بەختەوەر نابن.

(وەرگێرِ)

# دوژمن

- کەسێک لە دۆستایەتیدا پێتدا هەڵبڵی بەوەی کە لەتۆدانیە، لەکاتی دوژمنایەتیدا شتی وات بۆ هەڵدەبەستێ کەبەخەیاڵتدا نەهاتووە. (داراب شەهریار)
- بە هەبوونی دوژمنێک دڵتەنگ مەبە، چونکە ئەوەی دوژمنی نەبێ بێنرخو بێ ڕێزە. (قابوسنامە)
- ئەگەر ویستت نهێنیەک لە دوژمنەکانت بشاریتەوە هەرگیز لای دۆستەکانت باسیمەکە. (فرانکلین)
- ئەگەردەتەوێ دوژمن بۆخۆت دروستبکەی خۆت لەدۆستەکانت گەورەتر بگرە، ئەگەر دەشــتەوێ دۆســتت زۆربن‌و خۆشیان بوێی خۆت بەبچووکتر بزانە. (؟)
- ئەگەر ناتەوێ دۆست پەیدابکەی دوژمنیش دروست مەکە. (یۆنانی)
- لەگەڵ دۆستەکانت چاکە بکە تاخۆشەویستییان زیاتربێ، لەگەڵ دوژمنەکانیشت چاکە بکە تاببن بەدۆستت. (تۆلستۆی)
- هەرگیز تەواوی خۆشەویستیت بۆ دۆستەکانت ئاشکرا مەکە. چونکە هەرکاتێک گۆڕانێکی دیت، تۆ بەدوژمن دەزانێ. (سوکرات)
- لە پێش تەواوی دوژمنەکانت ئاگاداری گەورەترین دوژمنت بە کەزمانتە. (سوکرات)
- بۆچی ئەو کەسە بەدوژمنی خۆت نازانی کە لێهاتوویی خۆی لەئازاردانی خەڵکدا دەبینێ. (؟)
- ترسناکترین کەس، نزیکترین دۆستی ئێمەیە، چونکە هەموو نهێنییەکانی ئێمەی لایە. (؟)
- دوژمنی بێ هێز کەفەرمانت جێبەجێ دەکاو ملکەچت دەبێ، جگە لەخۆ بەهێزکردن هیچ مەبەستێکی دیکەی نیە. (سەعدی)
- دوژمنی زانا لەدۆستی نەزان باشترە. (سەعدی)
- ئازاردانی دڵی دۆستان جێبەجێکردنی مەبەستی دوژمنانە. (سەعدی)

- دۆستی ڕاست ئەو کەسەیە، کە قسەی حەقی لە تۆ بیست تووڕە نەبێ. (فیساگۆرس)
- دۆستەکانت هێندە بەهێز مەکە کە بتوانن دوژمنایەتیت بکەن. (سەعدی)
- زۆر لە عەیبی هاوڕێکانت مەکۆڵەوە، ئەگینا بێ هاوڕێ دەمێنیتەوە. (ئیمام سادق)
- خواردنەوەی ژەهر لەخۆ بەدەستەودان باشترە. (؟)
- باشترین چەک بۆسەرکەوتن بەسەر دوژمندا، ئارامییە. (پەندی ئینگلیزی)
- مرۆڤی بە ئەزموون لەدوژمنانی پەند وەردەگرێ. (پەندی یۆنانی)
- خوو، یەکەمجار دۆستی مرۆڤە، دووهەمجار دوژمنیەتی.

(پەندی سکۆتلەندی)

- غەریب ئەو کەسەیە کەدۆستی نیە. (؟)
- کەسێک کە هاوتەرازووی خۆت نیە، بەدۆستی خۆتی پەسند مەکە. (کۆنفۆشیۆس)
- خەڵک لەگەڵ ئێمە دۆست نییە، بەڵکوو لەگەڵ خۆشبەختی ئێمە دۆستە. (ناپلیۆن)
- هەرکەسێک گوێ لەمرۆڤی دووزمان بگرێت دۆستەکانی لەدەستدەدات. (عەلی کوڕی ئەبو تالیب)
- هەرکاتێک پارەت بەقەرزدایە دۆستێکت، یان پارەکەت لەدەستدەچێ، یان دۆستەکەت. (؟)
- پیاوی قەرزدار، تیژ بە بازاڕدا تێدەپەڕێ (وتەکانی ژیان) سایتی پشدەر

# هاوڕێ

- مرۆڤی دڵپاک بەجۆرێک لەگەڵ خەڵکدا هەڵسوکەوت دەکا، کەدەڵێی لەگەڵ هەموویان دۆستو ئاشنایە. (محەمەد حیجازی)
- پێم بڵێ هاوڕێکانت کێن، تا پێت بڵێم چ مرۆڤێکی. (ئەمرسۆن)
- سەرەتا بەدرۆ هاوڕێکەت تاقی بکەرەوە، ئەگەر ئاشکرای نەکرد، ئەوسا ڕاستی لەلابڵێ. (؟)
- بۆئەوەی دۆستایەتیت لەگەڵ خزمەکانت زیاتربێ، کەمتر سەردانیان بکە. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- دۆستایەتی کەسانی زمان درێژو شەڕخواز مەکە، چونکە هەرکاتێک کەگاڵتەت پی نەکەنو نەتشکێنن، منەتت لەسەردەکەن. (ئەفلاتۆن)
- لە هاونشینیو هاوڕێیەتی پیاوی چاوتەنگ دوور بکەوە، چونکە کاتێک تۆ پێویستیت پێی هەبێ، ئەو دوور دەکەوێتەوە. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- کە ویستت لەکەسایەتی کەسێک پرسیاربکەی، لەهاوڕێو هاونشینانی پرسیاربکە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب- د)
- دۆستایەتی کەسانی باش بکە تا لەڕیزی ئەوان بژمێردرێی. (ژۆز هربرت)
- خۆت لەکەسانی بەڵێنشکێن بپارێزە. (؟)
- دۆستایەتی پیاوی ژیر گەنجە، دۆستایەتی پیاوی نەزانیش ڕەنج. (سوکرات)
- باشترین برادەرەکانتان ئەوانەن کە هەڵەو کەموکوڕیەکانتان پێدەڵێن. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- باشترین دۆستەکانی من نێوچەوانو برۆیەکانیان کراوەیە. (هۆگۆ)
- باشترینو دڵسۆزترین دۆستەکانم لەهەژارەکانن، دەوڵەمەندان هیچ لەدۆستایەتی نازانن. (مۆزارت)

- پرسیم: دۆست باشترە یان برا، گوتی: دۆست، چونکە دۆست برایێکە کەبەئارەزووی خۆت هەڵیدەبژێری. (ئەسیرفاگۆ )
- گیانت فیدای هاوڕێیانی بەوەفا بکە. (ئەفلاتۆن)
- چاوت لەماڵی کەس نەبێ تا بۆ دۆستایەتیت هەوڵبدەن. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- کاتێک دۆستەکەت تاقی بکەوە کەتووڕەیە، ئەگەر بەویژدان بوو شایەنی دۆستایەتییە، ئەگەر بێ ویژدانیش بوو وازی لێبێنە. (لوقمان)
- لە هەڵبژاردنی دۆست پەلە مەکەو بە ئاسانیش وازی لێمەهێنە. (سولون)
- دۆستی ڕاستەقینە ئەگەر لەبەر چاویش بزربێ، لەناودڵ ناچێتە دەر. (؟)
- دۆست وەک فسفۆر وایە، کاتێک دەدرەوشێتەوە کە هەموو دونیا تاریکە. (کودل)
- ئەو هاوڕێیانەی کەهاتوچۆی ماڵەکەت دەکەن هۆی ڕازاندنەوەی ماڵەکەتن. (ئەمرسۆن)
- سێ جۆر دۆست هەن کەلەهەموو شوێنێک بەنرخو سوودبەخشن: 1- کەسانێک کەپابەندو بەوەفان، 2- کەسانێک کە دروستکارو ڕاستگۆن، 3- ئەوانەیش کەخاوەن ئەزموونی زۆرن. سێ جۆری دیکەش هەن کەزیانبەخشنو پەشیمانییان بەدواوەیە: 1- کەسانی زمان لووس، 2- دووڕوو 3- پڕوپووچ. (کۆنفۆشیۆس)
- دۆست ئەوکەسەیە کەڕێزت بۆدادەنێو نرخت دەزانێ. (ئەلبێرت هۆبارد)
- دۆستایەتی لەگەڵ کەسانی خراپ وەک سێبەری بەیانیانە هەمیشە کەمدەبێتەوە، دۆستیایەتی کردنی مرۆڤی باشیش وەک سێبەری دوای نیوەڕۆیانە تا ڕۆژئاوابوون هەر بەرەو زیادبوون دەچێ. (هردد)
- دۆست وەک چەتر وایە کەدەبێ ڕۆژانی باران هاوڕێت بێ. (پۆڵ نولا)
- دۆستایەتی لەپێناو بەرژەوەندی دۆستایەتی نیە، بەڵکوو بازرگانی یە. (؟)

- دۆستی هەموو کەسێک، دۆستی هیچ کەسێک نیە. (پوردالو)
- دۆستەکانت لەخەڵکی هەژار هەڵبژێرە، چونکە لەدڵی ئەواندا سۆزو خۆشەویستی زیاترە. (لارشفوگولە)
- دۆستی خۆت خۆشبوێ، بەڵام ئاگاشت لەخۆتبێ. (پەندی سکۆتلەندی)
- دۆستانی میهرەبان لەبرای نامیهرەبان باشترن. (پەندی چینی)
- دۆستی ڕاست دەبێ لە سێ حاڵەتدا دۆستایەتی خۆی بپارێزی: 1- لەکاتی لێقەوماندا، 2- لە پاشملەو 3- لەدوای مردنی دۆستەکەی. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب- د)
- کەسێک هاوڕێی باشی هەیە، پێویستی بە ئاوێنە نیە. (؟)
- هەر کەسێک جۆرە ئارەزووێکی هەیە، یەکێ ماڵی دەوی، یەکێ جوانیو یەکێکی دیکە شانازی، بەڵام بەڕای من دۆستی باش لە هەموویان باشترە. (سوکرات)
- من لە ژیانمدا یەک دۆستم هەبوو، ئەویش خۆم بووم. (ناپلیۆن)
- دیاری، دۆستایەتی پەروەردەدەکا، برایەتی تازەدەکاتەوەو ڕقو قینەش لەناودەبا. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- بەو ئەندازەیە سەردانی هەرکەسێک بکە کەڕێزت بۆدادەنێ. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب د)
- هاوسێکەت وەک خۆت خۆشبوێ. (ئینجیل)
- دۆستێکی باش هێندەی سەد خزمو کەس نرخی هەیە. (پەندی فەرانسی)

# نهێنی

- هەرشتێک یەککەس بیزانێ، کەس نایزانێ. کەدوو کەس زانی، هەموو کەس دەیزانێ. (پەندی سوێدی)
- خۆت لە کەسێک دوور بگرە کە ناتوانی نهێنیەکانی خۆی بپارێزی. (ئەفلاتۆن)
- ئەگەر کەسێک ویستی نهێنی خۆیت لەلا باس بکا لەبەر دەستی ڕابکە، چونکە دەیەوێ بارێکت لێباربکا کە خۆی ناتوانێ هەڵیبگرێ. (حیجازی)
- ئەگەر ویستت نهێنی کەسێک بزانی لە هاوسێکانی پرسیار بکە. (پەندی چینی)
- تۆ نهێنی خۆت لەلای دۆستەکەت باسدەکەیو ئەویش لەلای دۆستی خۆی باسی دەکا. (؟)
- زۆر کەس نهێنی خەڵکی بە تۆ دەڵێن بۆئەوەی وات لێبکەن بە دۆستایەتیو دڵسۆزی ئەوان باوەڕ بکەیو بیانکەی بە پەناگای نهێنییەکانی خۆت. (ئۆسکار وایلد)
- ژن ئەگەر لاڵیش بێ نهێنی هەر ئاشکرا دەکا. (پەندی ئینگلیزی)
- زۆر بێژ، تەنیا ئەو نهێنییە ئاشکرا ناکا کەنایزانێ.( ئەمریکی)
- ڕاز، بەندەی تۆیە، ئەگەرئاشکراشت کرد تۆ بەندەی ئەوی. (؟)
- بڵاو نەکردنەوەی نهێنی نیشانەی کەرامەتو بەرزییە. (سوکرات)
- ئەوەی نهێنی خۆی ڕانەگرێ، هەرگیز ناتوانی نهێنی خەڵکی بپارێزێ. (؟)
- ئەوەی بچووکترین نهێنی ئاشکرابکا، هەموو شتێک ئاشکرادەکا. (؟)
- ڕێگە مەدە دەستی چەپە بزانێ دەستی ڕاستەت چی دەکا. (پەندی یۆنانی)
- هیچ شتێک لە نهێنییەک کە نابێ بڵاو بکرێتەوە، دیژوارتر نیە. (پەندی فەرانسی)

- **لە ژیانمدا لەوە پەشیمان نەبووم کەبۆچی نەمگووت، بەڵام زۆر جار لەوە خەفەتم خواردووە کە بۆچی گوتم.** (؟)

# ژن

- ئەگەر دەتەوێ ئەندازەی لێهاتوویی‌و پێشکەوتنی نەتەوەیەک بزانی، سەرنجی ژنەکانیان بدە. (ناپلیۆن)
- ئەسپی بێلغاوو ژنی بێ ئەدەب مرۆڤ بەرەو ڕوخان‌و هەڵدێر دەبەن. (پەندی چینی)
- خانم، جوانی تۆ چێژ بەچاو دەبەخشێ، بەڵام جوانی ڕەوشت‌و تێگەیشتنت ئارامی بە گیان دەبەخشێ. (ڤۆڵتێر)
- خۆشبەخترین ژن ئەو ژنەیە کە مێردەکەی بکا بە باشترین پیاوی دونیا. (نیوتن)
- لە دونیادا تەنیا دووشت جوانن، ئافرەت‌و گوڵ. (مالرب)
- ژن جوانترین‌و خۆشەویسترین بوونەوەری جیهانە. (کۆنفۆشیۆس)
- ژن، مۆمی ناوماڵە. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)
- ژن، هەمیشە تەمەنی لەڕۆژی شووکردنیەوە حیساب دەکا نەک ڕۆژی لە دایکبوونی. (ئەرهارد)
- ژن پاڵەوانێکە کە ئازاترین پیاو لە کاتی نالەبارترین تووڕەیی دا ئارام دەکاتەوە. (هرود)
- ژنی بێ بەزەیی کۆکراوەی هەموو شتێکی خراپە. (پەندی لاتینی)
- ژنی ژێر ئاوەدانکەرەوەی ماڵی خۆیەتی، ژنی بێ ئەقڵیش ماڵی خۆی دەدا بە بادا. (تریستان بونارد)
- ژنی سیفەت پیاوم خۆشناوێ‌و لە پیاوی ژنانەش بێزارم، چونکە دەبێ هەرکەسەو ڕۆلی خۆی ببینێ. (ناپلیۆن)
- ژن دروستکراوێکە کە قووڵتر دەبینێ، پیاویش دوور تر دەبینێ، تەنیا کتێبێکیشە کە بەهۆی سۆزو خۆشەویستی یەوە دەخوێندرێتەوە. (کرابر)

- ژن ئەگەر حەزبکا جگە لە خۆشەویستی خۆی هیچ کەسێکی دیکەی خۆش ناویٚ‌و هەرچی فیداکاریو خۆشەویستییە بۆ ئەو بەکاری دەهێنیٚ. (ئەنفرنس دورد)
- ڕووخۆشیو قسەخۆشیو شەرم جوانترین خەمڵی ژنانە. (ئورلیبید)
- خۆشترینو شیرینترین قسە بۆ مێرد بەخێرهێنانەوەو پێشوازی کردنیەتی لەلایەن ژنەکەیەوە. (جۆرج ڤۆلتێر)
- ئەوەی ژنی باشی دەسکەوت، باشترین سەرمایەی دەسکەوت. (پەندی چینی)
- تەنیا هەر ژنە کە بتوانیٚ ژن فریوبدات. (لافۆنتی)
- ژن ئەو کاتە مێردەکەی بەڕاستی خۆش دەویٚ، کەهەرچی داوا بکا بۆی بکا. (؟)
- ژن جگە لە مێرد هیچی دیکەی ناویٚ، بەڵام کەمێردی دەستکەوت هەموو شتێکی دەویٚ. (شکسپیر)

# ژیان

- ئەگەر ژیان بە ئاسان بگری، تەمەنت بە خۆشی تێدەپەڕێ. (عەزیز نـسیـن)
- هەر کەسێک لە ماڵەوەیدا ئاشتیو ئاسایشی هەیە، بێگومان لە شەڕی ژیاندا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە. (حجازی)
- شوێنی ژیانت بگۆڕە، چونکە تامی ژیان لە گۆڕانکاری دایە. (پەندی تاجیک)
- ناخۆشترین ڕۆژگاری ژیان ئەو ڕۆژەیە، کە نەزانەکان بدوێنو زاناکانیش بێ دەنگ دابنیشن. (؟)
- ژیان بەبێ ئامانج هیچ تامی نیە. (گولانی)
- بۆ بەربەرەکانێ لەگەڵ گیروگرفتەکانی ژیاندا دەبێ ئاشق بە شتێک بی: کار، ژن، یان هەر ئارەزوو ئامانجێکی تایبەتی. (مارکۆس)
- بۆ باشتر سوربوون لەسەر ژیان، دەبێ مرۆڤ لەکاتی لاوێتیدا ئەزموونی پیرانو لەکاتی پیریدا هێزوتوانای لاوانی هەبێ. (؟)
- بۆ ژیان بیر بکەوە بەڵام خەفەت مەخۆ. (دیل کارنگی)
- بۆئەوەی زۆر خۆش بژی، هەمیشە خۆت لە سەرووی ژیانەوە تەماشا بکەو هەوڵبدە زیاتر بەرەو سەرەوە بچیت، بەڵام لەوەی لەژێرەوەی خۆتە بێ باک مەبە. (نیتشە)
- پێکەنین باشترین چەکە بۆ شەڕی ژیان. (ئەناتول فرانس)
- پێکەنین گرفتەکانی ژیان بچووک دەکاتەوەو ئازارەکانی دەروونیش لەناو دەبا. (ژول سیمۆن)
- خۆشبەخت ئەو کەسەیە کەلە ئەزموونی ژیانی خەڵک پەندی وەرگرتبێ. (جەواد فازل)
- لە ژیاندا سەرروەریو ڕاستی میهرەبانییە، بێ نەواییو هەژاری ڕاستەقینەش، خۆ بەزل زانینە. (ژینە)

- لە ژیاندا ماڵو سامان بریتی نیە لە هەموو شتێک، خۆشبەختی ڕاستەقینە هەرگیز لە کۆکردنەوەی ماڵدانیە، بەڵام بەداخەوە زۆر لە لاوەکانمان دووچاری ئەو هەڵەیە دەبنو پێیان وایە، سامان لە هەموو شتێک گرنگترە، بۆیە بەنرخترین ڕۆژگارەکانی ژیانیان هەر لەو ڕێگەیەدا بەفیڕۆ دەدەنو لە هەموو شتێکی دیکە بێبەش دەبن. (دکتۆر ماردن)
- ژیان وەک منداڵ وایە، ئەگەر بتەوێ نەخەوێ دەبێ بەردەوام سەرگەرمی بکەی. (ڤۆڵتێر)
- ژیان زیاد لە پێویست ماندووبوونی تێدایە، بۆ دەبێ مرۆڤ بە شتی پڕوپووچ زیاتری بکا. (؟)
- ژیان بۆ هەموو کەسێک خۆشەویستە، بەڵام بۆ پیاوی گەورە شەرەف بەرزترە. (تۆلستۆی)
- ژیان بەبێ هاوسەری باش ژیان نییە. (ئۆکست کفت)
- شەوان بەر لە خەوتن واچاکە تۆزێک بیربکەینەوەو بزانین ئەمڕۆ چیمان کردووە، ئایا بەکەڵکی ئەوە دێین کە سبەینێ ژیانمان هەبێ.
- تەمەنێکی دوورودرێژ بە ئەندازەی پێویست باش نییە، بەڵام ژیانێکی پر سوودو خۆش بە ئەندازەی پێویست دوورو درێژە. (؟)

# زیان

- خۆ پاراستن لەدۆستی بەرژەوەندی پارێز، گرنگترە لە خۆ پاراستن لە دوژمن.
- زیانێک کە دۆستی بەرژەوەندی خواز بەئاسانی پێت دەگەیەنێ، لەدوژمنەوە بە ئەستەم پێت دەگا.
- زمانی بەناو دۆست، لە شمشێری دەستی دوژمن تیژترە.
- هەرکەسێکی نەناسراو کە بەرەورووت هات، بۆ شەڕ خۆت ئامادە بکە، ئەگەر دۆست دەرچوو زەرەرت نەکردووە، ئەگەر دوژمنیش بوو ، خۆت ئامادە کردووە. (س- پەرنیان)
- زیانێک کە بەناو دۆست بە ڕۆژێک پێت دەگەیەنێ، دوژمن بە ساڵێک پێت ناگەیەنێ.
- ئەگەر لەلایەن دۆستی ناڕاستەوە زیانت پێ بگا، زۆر ناخۆشترە لە زیانێک کە لەلایەن دوژمنەوە پێت دەگا. (وەرگێڕ)

# جوانی

- جوانی بەبێ خۆ پاراستنو ڕە وشت بەرزیو داوێن پاکی، وەک گوڵێکی بێ بۆن وایە. (سوکرات)
- جوانی بۆ هەر جێگایەک بچێ میوانێکی خۆشەویستەو پێشوازی لێدەکرێ. (گۆتە)

# قسەکردن

- ئەو کەسەی دەروونێکی ئارامی هەبێ شێوازی بیرکردنەوەو گفتوگۆشی هەر ئارام دەبێ. (بودا)
- ئەوەی بەبێ ئەوەی پرسیاری لێبکرێ قسە بکاو بەبێ ئەوەی بانگهێشتن بکرێ ئامادەبێ دوو چاری سەرزەنشتو شکانەوە دەبێ. (؟)
- ئەگەر دەتەوێ قسەکانت باوەڕ بکەن، هەرگیز لە خۆتەوە قسەمەکە. (پاسکال)
- ئەگەر دەتەوێ بەرامبەرەکەت بکەی بە هاوڕای خۆت، لێبگەڕێ بەوپەڕی ڕاشکاوییەوە قسە بکا. (دیل کارەنگی)
- پێش ئەوەی قسەبکەی هەوڵبدە زۆر بیر بکەیەوە، بۆئەوەی تووشی هەڵەو شەرمەزاری نەبی. (محەمەد پێغەمبەر- د.
- بیربکەوە کە چی بڵێی، باشترە لەوەی کە پەشیمان بیو بڵێی بۆچی وامگوت. (سەعدی)
- مرۆڤ کە لەکاتی قسەکردندا بەرز دەدوێ، تەنیا دەنگی دەبیسترێت، بەڵام کەهێمن دەدوێت، گوێی بۆ ڕادەگیرێ. (؟)
- مرۆڤ پشتی زمانی شاراوەیە. (پەندی تاجی)
- دەبێ هەوڵبدەم لە سەدا هەشتای قسەکانم کەم بکەمەوەو ئەوەی پێویست نەبێ نەیلێم. (گاندی)
- گەر دەتەوێ قسەی توند نەبیستی، هەرگیز بە توندی قسەمەکە. (؟)
- بۆ سەردانی کەسێک مەچوو کە لە بەرامبەرتدا خۆی دەنوێنێ، لەگەڵ کەسێکدا گفتوگۆ مەکە کە قسەکانت بە درۆ دەخاتەوە، بۆ کەسێک مەدوێ کە گوێت لێڕاناگرێ. (ئەفلاتۆن)
- بۆ ڕێگا دۆزینەوە بۆ ناودڵی هەرکەسێک دەبێ باسی شتێک بکەی کە بەلای ئەوەوە خۆشەویست بێ. (دیل کارەنگی)

- **هەرگیز رێگە بە زمانت مەدە پێش بیرکردنەوەت بەڕێ کەوێ. (شیلدن)**
- **زۆر گوتن رێگای بیرکردنەوە دەگرێ. (دیل کارەنگی)**
- **هەمیشە دەبێ ئاگامان لە سێ شت بێ: 1- کە بە تەنیاین ئاگامان لە بیرکردنەوەی خۆمان بێ، 2- کە لەماڵەوەین‌و لەگەڵ ئەندامانی خێزانداین دەبێ پارێزگاری ڕەوشتمان بکەین، 3- کە لەناو کۆمەڵداین دەبێ ئاگامان لە زمانمان بێ. (مادام راسکال)**
- **زمانی خەڵک ناگیرێت، بەڵام ئەگەر باش بژین خۆی لەخۆیدا لە دەمدانەوەیانە. (کادۆ)**
- **شتێک بڵێ کەنرخەکەی لەبێدەنگی زیاتربێ. (دیل کارەنگی)**
- **پەند دارێکە ڕیشەکەی لەناو دڵدایەو میوەکەشی لەسەر زمانە. (بەتلیمۆس)**
- **لە ژیانمدا زۆر هەڵەم کردوون، بەڵام هیچیانم پێ لەهەڵەی زمانم گەورەتر نەبوون. (ریکاردۆ)**
- **سێ جۆرە هەڵە لەقسەکردندا هەیە: 1- خۆتێهەڵقورتاندن لەقسان، 2- بێدەنگی لەکاتی قسەکردندا کە نیشانەی هیچ نەزانینە، 3- قسەکردنی بێ سەرنج‌و بێ بایەخ. (کۆنفۆشیۆس)**
- **دوو وشەی بەڵێ‌و نا، کە گوتنیان زۆر ئاسانە، لە هەموو وشەکانی دیکە بیرلێکردنەوەیان پتر پێویستە. (کۆنفۆشیۆس)**
- **دوژمن کاتێک قسەی شیرین دەکا، کە شمشێرەکەی تیژ دەکاتەوە. (پەندی ئەڵمانی)**
- **زمان تاکە ئامێرە، کە هەرچەندەی بەکاری بهێنی ئەوەندە تیژتر دەبێ. (واشنگتۆن برۆینگ )**
- **جوانی مرۆڤ لە شێوەی قسەکردنەکەیدایە. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)**
- **زمان وەک ئاژەڵی کێوی وایە، گەر یەکجار بەڕەڵات کرد بەئاسانی بۆت ناگیرێتەوە. (پەندی لاتینی)**
- **زمان دڕندەیەکە، گەر ئازاد بێ دەتخوات. (پەندی تاجی)**
- **بۆ ئەوەی بەباشی باست بکەن، پێویستە هەمیشە بە چاکە زمانت بگەڕێ. (؟)**

- قسه كه لەناو دڵەوە دەربچێ، بۆ ناو دڵ دەچێ. (؟)
- قسەی تاڵ له دڵی تاڵەوە دەردەچێ. (پەندی سویسری)
- هەمیشه ڕێزی بیروباوەڕی بەرامبەرەكەت بگرە، هەرگیز به هەڵەی مەخەرەوە. (دیل كارنگی)
- مێش چونكه نازانێ قسه بكا، بۆیه ئەوەندە گیزەگیز دەكا. (؟)
- بەزۆری مرۆڤی زانا كەم قسەدەكاو نەزانیش زۆر بێژی دەكا. (ژان ژاك رۆسۆ)
- ناكەسیو نەزانیو بێ هونەری مرۆڤ له دوو شتدا دەردەكەوێ: 1- قسەی بێكەڵكو پڕوپووچ، 2- بەبێ ئەوەی پرسیاری لێبكرێ وەڵام بداتەوە. (بوقرات)
- گەورەیی مرۆڤ لەژێر زمانی دا شاردراوەتەوە. (عەلی كوڕی ئەبوتالیب د)
- كەسێك زمان لووسیو مەراییكردن بزانێ، بوختانكردنیش دەزانێ. (ناپلیۆن)
- نەزانینو زۆر گوتن وەك نەبوونو زۆر خەرجكردن وایه. (ناپلیۆن)
- قسه هەزارە دووانی بەكارە. (پەندی كوردی)
- قسەیەكی بەجێ له هەزاری بێ جێ باشترە. (كوردی)
- كەسێك كه نەتوانێ قسه بكا، ناشتوانی بێدەنگ بێ. (پەندی لاتینی)
- وەك هەندێك كەس بیر بكەوە، بەڵام وەك زۆربەی كەس قسه بكە. (؟)
- مرۆڤی ژیر هەمیشه تێدەكۆشێ له قسەكردندا ئارامو له كاركردندا چالاك بێ. (كۆنفۆشیۆس)
- كه دەستت كورت بوو، زمانت درێژ دەبێ. (؟)
- ڕێگه مەدە زمانت گەرووت بگرێ. (؟)
- بۆ نەزان له بێدەنگی باشتر نییه، بەڵام ئەگەر ئەوەی بزانیبایه نەزان نه دەبوو. (سەعدی)
- هەرگیز پێش بیركردنەوە قسه مەكەو هیچ كارێكیش بێ بیركردنەوە جێبەجێ مەدە. (فیساگۆرس)
- هەر كەسێك قسەی نابەدڵ بكا، قسەی نابەدڵیش دەبیستێ. (پەندی توركی)

- **یان ژیرانە قسە بکە، یان ژیرانە بێ دەنگ بە.** (ژژ هەربۆت)
- **دەربڕینی یەک وشە بەبێ بیرکردنەوە لەوانەیە چارەنووسی مرۆڤ بگۆڕێ.** (؟)
- **یەک وشەی تاڵ لەوانەیە ببێتە هۆی کارەساتێکی زۆر گەورە.** (؟)
- **یەک وشەی خۆش لەوانەیە دڵی مرۆڤێکی دڵشکاو بداتەوەو ناهومێدی بڕەوێنێتەوە.** (؟)

# بێدەنگی

- ئاسایش‌و خۆشبەختی بۆ مرۆڤ، لەگرێدانی زمانیەتی. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- لە قسەی بێ نرخ‌و کاری نابەجێ خۆت بپارێزە. (مهادیر)
- لە باسکردن‌و کێشەی ناپێویست‌و بێ ئامانج خۆت دووربگرە. (جان کایرل)
- ئەگەر بێدەنگ بی‌و خەڵک بەقسەت بێنێ زۆر لەوە باشترە قسە بکەی‌و بێدەنگت بکەن. (سوکرات)
- ئەگەر دەتەوێ ئاقڵ بی، بێدەنگ بەو گوێبگرە. (پەندی ئەفریقی)
- مرۆڤ دەبێ لەگەڵ خەڵک کەم‌و لەگەڵ خۆی دا زۆر قسەبکا. (پەندی ئەمریکی)
- درێژدادڕی‌و زۆر بێژی، ماوە بۆ بیرکردنەوە ناهێڵنەوە. (پاسکال)
- زمانی مرۆڤ مارێکە، پێش هەمووشتێک بە خاوەنەکەی وەدەدات. (گۆگۆل)
- کاتی وا هەیە بێدەنگی لەقسەکردن باشتر مەبەست دەگەیەنێ. (؟)
- قسەکردن لەکاتی خۆیداو بێدە نگی لەکاتی خۆیدا، نیشانەی ژیرییە (سوکرات)
- لەناو چوونی مرۆڤ لەژێر زمانیدا شاردرا وەتەوە. (؟)
- کە ئەقل بەرەو زیاد بوون دەچێ، قسەکردن بەرەو کەم بوون دەچێ. (پەندی عەرەبی)
- هەزار جار گوێبگرەو زیاتر لەجارێک قسە مەکە. (پەندی چینی)

# بۆ زیاتر خۆناسین

2008/07/06

- **زۆر خوێندنو کەم فێربوون،** برییتیـیە لەکەسێک کە نەیتوانیوە بەهۆی بەرهەمی خوێندنەکەی بیێتە کەسێکی گونجاوو سوود بەخش بۆ کۆمەڵگاکەی.
- **زۆر گوتنو کەم تێگەیشتن،** بریتیـیە لەکەسێک کە لەکاتی قسەکردندا زۆر دەنگ بەرز دەکاتەوە، بۆیە نەک هەر خەڵک لێی تێناگا، بەڵکوو خۆشی لە خۆی تێناگا!
- **خۆ بەزۆر گرتنو خەڵک بەکەمگرتن،** بەوکەسانە دەڵێن کە پێیانوایە لەئاسمانەوە داباریون بۆ سەر زەوی، بۆیە لەبەر نەزانی زۆر بەچاوی کەم سەیری کۆمەڵ دەکەن.
- **درۆکردنو چەواشە کردن،** بریتیـیە لەوکەسانە کە لەژیانیاندا ئەوەندە درۆیان کردووە، کەتەواو بڕوایان بەخۆیان هێناوە، ئەوەی کەدەیڵێن هەرهەمووی ڕاستە.
- **خۆهەڵکێشانو خۆ ونکردن،** بریتیـیە لەوکەسانە کە کەمووکوڕیان زۆرەو ناچارن بەهۆی خۆهەڵکێشان و خۆ دەرخستن بۆشاییەکانی ژیانیان پڕبکەنەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەوانە بۆ هەمیشە بزرن لەناو کۆمەڵدا.
- **دوورەپەرێزی و بیبایەخی،** بەکەسانێک دەڵێن کەهیچ بڕوایان بەخۆیان نییەو ناتوانن لەخۆشیو ناخۆشیەکانی کۆمەڵدا هاوبەشیو هاوسۆزی بکەن، بۆیە کۆمەڵگاش زۆر گرنگیان پێنادا و سەرەنجام هەر بەتەنیایی دەمێننەوە.
- **خۆفریودانو فێڵ لەخۆکردن،** بەکەسانێک دەڵێن کە جگە لەو کوێرە ڕێگایەی کە خۆی هەڵیبژاردووە، سەرجەم ڕێگاکانی دیکە بەهەڵەو ناڕاست بزانێت. (وەرگێڕ)

# سیاسەت

- ئەوانەی زیرەکترن ڕێگای ئاسانتر دەدۆزنەوە. (خانلوی)
- مرۆڤ نابێ بەدەستی ڕووت ماربگرێ. (پەندی یوگوسلاڤی)
- ئەگەر شەڕت پێ لەگەڵ ماردا ناکرێ، بەدەنگی شمشاڵ سەرگەرمی بکەو بیرەخسێنە. (فانلوی)
- بەشی یەکەمی سیاسەت پەروەردەو فێرکردنە، بەشی دووە میش هەر ئەوەیەو بەشی سێ یەمیش هەر ئەوەیە. (؟)
- ئەگەر ناتەوێ سەگ گازت لێبگرێ، لەگەڵ دەمی یاری مەکە. (پەندی ئەفریقی)
- ئەگەر عەیبەکانی خۆمان بیر خۆمان بهێنینەوە، ئەوا عەیبەکانی خەڵک لە بیرخۆمان دەبەینەوە. (پەندی عەرەبی)
- تەگبیر هەمیشە زاڵە بەسەر شمشێردا. (ناپلیۆن)
- ترس، فێرمان دەکا کەچۆن بڕۆین. (پەندی تاجیک)
- ناتوانی سەرنجی خەڵک بۆ خۆت ڕابکێشی مەگەر بەئارامی. (لوکووە)
- لە دونیادا دوو هێز هەن، ئەقڵو چەک، بەڵام بەداخەوە چەک بەسەر ئەقڵدا زاڵە. (ئەفلاتۆن)
- کار دروستی باشترین سیاسەتە. (پەندی ئینگلیزی)
- سیاسەتمەدار ئەو کەسەیە کەبەمانگ یان بەساڵ پێشبینی ڕووداوی ڕووداوەکان بکا، دوایش بەڵگەی هەبێ کە بۆچی ڕوویان نەدا. (چێرچل)

# ڕووخۆشی

- لەگەڵ خەڵکدا پێبکەنە، بەڵام هیچ کاتێک بەخەڵک پێمەکەنە. (دیل کارنگی)
- بۆئەوەی گەورەو بەنرخبی، لەکاتێکدا کەفرمێسکی چاوەکانت خەریکە بڕژێن، تۆ پێبکەنە. (برنالو)
- گەورەترین سەرمایەی مرۆڤ ڕووخۆشی یە، نەک دەوڵەمەندی. (پوشە)
- زەردەخەنەو ڕووخۆشی، دوژمن دەکا بە دۆست. (جۆرج نیکۆلا)
- هەمان شت کەبەترس درەنگ فێری دەبی، بە پێکەنین زۆر زووتر فێری دەبی.
- سێ جۆر شادی هۆی خۆشبەختین: 1- خۆشحاڵی بەزاڵبوون بەسەر خودی خۆتدا، 2 بە هۆی گەورەیی و لێهاتوویی خەڵک، 3 لە بوونی دۆستانی باشو بەنرخ. سێ جۆر شادیش هۆی بەدبەختین: 1 خۆشحاڵی بەسامانو پلەو پایە، 2 بە تەمبەڵیو بێکاری، 3 بەخواردنو زگپەرستی. (کۆنفۆشیۆس)
- شادمانیو خۆشبەختی ئێمە بەشادمانیو خۆشبەختی خەڵکەوە بەستراوەتەوە. (جان کایزل)
- هەوڵبدە ئەوەی ڕازیت دەکا بەدەستی بهێنی، ئەگینا ڕۆژگارێک دێت ئەوەی دەستت کەوتووە پێی ڕازی بی. (؟)
- ئەوەی بە دەنگی بەرز پێ دەکەنێ، بێئەقڵی خۆی نیشانی خەڵکدەدات. (؟)
- ئەوەی کەلەشەڕی ژیاندا پێدەکەنێ شایانی ڕێزە. (بەرناردشۆ)
- پێکەنینو دڵشادی باشترین چارەیە بۆ نەخۆش. (؟)
- هەرچەندەی دەتوانی بە دڵشادی بژیو ڕێگەمەدە هزری بێهودە بگاتە ناو مێشکت، چونکە تەندروستیت لەناو دەبا. (دیکنز)
- هەر کاتێک شادی تۆ ناشادی بۆ خەڵک دروستکرد، چاوەڕوان بە تا تۆڵەت لێدەکەنەوە. (پەندی فەرەنسی)



# گریان

- گریان غوسڵی ڕووح و هەستو سۆزە بۆ پیاوان.
- گریان گەورەترین چەکە بۆ ژنان، هەر بۆیە سەرچاوەی ئارامیو خۆشەویستین.
- هۆیەکانی دڵپاکیو بێ گەردی ژنان، لە گریانو کوڵی دڵیان دا سەرهەڵدەدات.
- گریان دەربڕینی ئازارەکانی دەروونە.
- گریان ئارامی دەبەخشێ بە گیان.
- گریان ماندوویی جەستە کەم دەکاتەوە.
- گریان مرۆڤ لە تووڕەییو تۆڵە سەندنەوە دوور دەکاتەوە.
- گریان نیشانەی وەفاداریو هەست پاکی یە.
- گریان ڕێز گرتنە لە مرۆڤایەتی.
- گریان هاودەردیو هاو خەمی یە.
- گریان شنەبای شەماڵەو دڵەکان فێنک دەکاتەوە.
- گریان دەرمانی دەردی دڵی غەریبانەو رابردوو لەبیر دەباتەوە.
- گریان بژێوی هەژارانەو دەرگای زانستو فێربوون دەکاتەوە.
- گریان دەربڕینی بێزارییە.
- گریان هێمای خۆشەویستی یە.
- گریان نیشانەی بەڕێزی یە.
- گریان هۆی شەرمو بە ئەدەبی یە.

- **گریان خۆراکی ئاشقانی لەیەکتر دابڕاوە.**
- **گریان دوا لوتکەیە کە مرۆڤ پێی دەگات.**
- **فرمێسکی چاو کوژێنەرەوەی ئاگری ڕق و کینەیە.**
- **فرمێسکی چاو سارێژکەرەوەی زامەکانی پر لەئێشی دەروونە.**

**(وەرگێڕ)**




# خۆشەویستی

2008/09/14

- چێژ وەرگرتن لە خۆشەویستی، چێژ وەرگرتنە لەژیان
- چێژ وەرگرتنە لە زانست
- چێژ وەرگرتنە لە دڵسۆزی
- چێژ وەرگرتنە لە چاکە
- چێژ وەرگرتنە لە پیاوەتی
- چێژ وەرگرتنە لە دۆستایەتی
- چێژ وەرگرتنە لە بڕوا بەخۆبوون
- چێژ وەرگرتنە لە خوا پەرستی
- چێژ وەرگرتنە لە کات
- چێژ وەرگرتنە لە بیرکردنەوەی چاک
- چێژ وەرگرتنە لە ڕووناکی
- چێژ وەرگرتنە لە تاریکی
- چێژ وەرگرتنە لە تەنیایی
- چێژ وەرگرتنە لە هاوڕێی باش
- چێژ وەرگرتنە لە هاوژینی باش
- چێژ وەرگرتنە لە منداڵ
- چێژ وەرگرتنە لە ئازادی و بەخۆشی بەیەکەوە ژیان
- چێژ وەرگرتنە لە قسەکردن و جوان ڕا دەربڕین.

- کەسێک کە لە واتای خۆشەویستی تێنەگات، هەرگیز لە واتای ژیان تێناگات.
- کەسێک کە لەناو دەریای ئەوین و خۆشەویستیدا نقووم نەبووبێت،
- کەسێک کە لەناو گڕی بەتینی ئاگری ئەوین دا نەسوتابێت،
- کەسێک کە ڕەشە بای شوومی جوودایی نائومێدی نەکردبێت، هەرگیز لەواتای ژیان تێناگات و هەست بە هیچ ئازارێک ناکات.
- کەسێک کە بڕوای بە خۆشەویستی نی‌یە، ناتوانێ جگە لە پارەو سەرمایە دڵ بەهیچ شتێکی تر خۆش بکات! دڵخۆشکردنیش تەنیا بە سەرمایە، دابڕانە لە هەموو ئەو شتانە کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکرا.

(وەرگێڕ)



# ڕێزگرتن لەکەسایەتی

11/26/2008

**بایەخدانو پیرۆز ڕاگرتنی ناوو نازناو (شۆهرەت) لەلایەن پیاو، بایەخدانە بەکەسایەتیو ڕێزگرتنە لە:**

- **بنەماڵە،**
- **لە خۆ،**
- **نەتەوە.**

**بەهەمانشێوە، خۆ دروستکردنو پەروەردە کردنو بروا بەخۆبوونو شانازی بەخشینیشە بە:**

- **وڵات،**
- **بنەماڵە،**
- **منداڵ.**

**هەروەها داڕشتنی بناغەی دیواری کۆشکی بەرزی کەسایەتیەکی بەهێزەو تێایدا پاراستنو بەرز ڕاگرتنی ناوو ناوبانگێکی پیرۆزە.**

- **مرۆڤ، بە پێناسەو ناوبانگەوە جوانە.**
- **مرۆڤی بێ پێناسە، وەک تۆزو با وایە، بزر دەبێ و خۆی نادۆزێتەوە!**
- **منداڵێک کە لەسەر ناوی باوکی تۆمار دەکرێ، شانازی بە بوونی خۆیەوە دەکا، بەڵام هەر منداڵێک کە لەسەر ناوی دایکی تۆمار دەکرێ، هەمیشە هەست بەکەمی دەکا! هۆیەکەشی ئەوەیە: باوکی ئەو منداڵە یان دیارنییە، یان ئەگەر دیاریش بێ، کەسێکی بێ تواناو بێ ناوەرۆکو بەدەڵە! هەر لەبەرئەوەیە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان دا، نازناوی ژن (Surname Name) دەلکێنرێت بە نازناوی پیاوەوە، واتا شۆرەتیان دەبێت بەیەک، تەنیا بۆ ئەوەی کە کەسایەتی منداڵەکانیان دیار بێتو هەست بە کەمووکوڕی نەکەن.**

**(وەرگێڕ)**

# ئازایی

- پیشاندانی دەسـەڵات بەسەر کەسانی بێ توانادا، نیشانەی ئەوپەڕی بێ هێزیە. (فۆلتێر)
- هەموو شتێ بۆ دڵی پڕ ویستو بەهێز دەشێ ببێ. (؟)
- بەبێ هاوڕێی ئازا ئازایی لە گۆڕێدا نیە. (پەندی ئەڵمانی)
- ئازایی لە وەدانیە کە نەترسی، بەڵکوو لەوەدایە کەکەس نەزانێ ترساوی. (نبون)
- ئازاترین کەس ئەوەیە کە بەسەر خودی خۆیدا زاڵ بێ. (؟)
- ئازایی لە وەدانیە کەتووشی ترسناکی نەبی، بەڵکوو لەوەدایە کە تووشی هاتی بەسەریدا زاڵ ببی. (دشیتەر)
- ترسنۆک کەسێکە لەجێگایەک کەدەبێ ڕەخنە بگرێ، بێدەنگ دانیشێ. (ئەبراهام لینکن)
- هەمیشە قارەمانێکی تاوانبار لەبەرامبەر ترسنۆکێکی بێتاواندا بەچۆکدادێ . (پەندی ئینگلیزی)

# ناوبانگ

- ئەگەر حەزت لە ناوبانگە، هاوڕێی باش پەیدا بکە، چونکە تەنیایی لە هەبوونی هاوڕێی خراپ باشترە. (جۆرج واشنگتن)
- پیشە نابێتە هۆی شانازی بۆ مرۆڤ، بەڵکوو مرۆڤ شانازی بەپیشەکەی خۆی دەدات. (ماکیادل)
- بۆ پیشەیەک هەوڵبدە، کە ناوت سووکو ناشیرین نەکا. (بوزەر گمهر)
- پیاو بۆ ناوی خۆی دەمرێ، ناپیاویش بۆنان. (؟)
- ناوو ناوبانگی باش گەورەترین خۆشبەختی ژیانە. (شیللر)
- زەحمەتترین شت لە دونیادا، دروست کردنی ناوێکی پڕ شانازییە. (لابرویر)
- ناوبانگو شانازی تەنیا بۆ کەسانێکە کە ویستوویانەو هەوڵی بۆدەدەن. (ئەناتۆل فرانس)
- هەر کەس پارێزەری کەرامەتی خۆیەتی. (پەندی فەرەنسی)
- ناوی باش لەپشتێنی زێڕ باشترە. (پەندی فەرەنسی)

# گاندیو وەسێتنامە حەوت خاڵییەکەی

24-Oct-09

**وەرگیراوە لە پەیامنێر**

**لە روانگەی رێبەری جوڵانەوەی رزگاریخوازی هندستان "مەهاتما گاندی" 7 خاڵی سەرەکی هەن، کە بەبێ رچاوکردنی 7 خاڵی دیکە مەترسیدارن کە ئەمانەن:**

**1- بە دەست هێنانی سامان، بە بێ زەحمەت**



**2- چێژ وەرگرتن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ویژدان**

**3 - زانست، بێ لەبەرچاوگرتنی کەسایەتی**

**4- ئەزموون، بێ لەبەرچاوگرتنی رەوشت**

**5- تێگەیشتن، بێ لەبەرچاوگرتنی مرۆڤایەتی**

**6- نزاکردن، بێ لەبەرچاوگرتنی لەخۆبردەیی**

**7- سیاسەت، بێ لەبەرچاوگرتنی شەڕەفمەندی**

**جێی ئاماژەیە، گاندی ئەو 7 خاڵەی لەسەرووبەندی مردندا لەسەر کاغەزێک نووسیوەو پێشکەش بە نەوەکەی کردووە.**

# خەم

- **مرۆڤی خراپ کەدەشمرێ هەر شەڕی لەپاش جێدە مێنێ. (شکسپیر)**
- **ئەگەر دڵت پڕ لەخەم بوو، لەگەڵ میوانەکەت ڕووت خۆشبێو دڵی پڕ لەخوێنت بە پێکەنین بێنە. (؟)**
- **خەم بەرلەوەی لەش لەناو ببا مێشک لەناو دەبا. (پەندی هیندی)**
- **شەو هەرچەند ڕەشو تاریک بێ، ئەگەر ئارام بگری، ڕۆژی ڕووناکی هەر بەدوادادێ. (کوبو)**
- **ئەوانەی کەماندوو دەبن دەتوانن خۆشبژین، ئەوانەی کە خۆشدەژین، بێگومان زۆریش دەژین. (؟)**
- **کەسێک کەبیر لە تۆڵە دەکاتەوە برینەکانی تازە دەکاتەوە. (باکون)**
- **هیچ کەسێک لەو کەسە بەدبەخت تر نییە کەقەت تووشی گرفتاری نەهاتووە (جۆرج تیلۆر)**

# دادوەری

- ئەوەی خاوەنی دڵێکی مێهرەبان نەبێ، ناتوانێ دادوەر بێ. (کانت)
- گەورەترین نەخۆشی بۆ کۆمەڵ بێدادیی یە . (؟)
- بێدادی بەتواناترین کەس بەرەو خراپە ڕادەکێشێ. (سایبوری)
- هەرشتێ کە شایەنو باش بێ بیکە، نەک ئەوشتەی کە دەیتوانی. (؟)
- دادوەرترین کەس ئەو کەسەیە، ئەوەی بۆ خۆی پێیخۆشبێ، بۆ خەڵکی دیکەش پێیخۆشبێ. (محەمەد پێغەمبەر - د.خ)

# ئەوین

- نەئاوی زۆر توانای کوژاندنەوەی بڵێسەی ئاگری ئەوینی هەیە، نەهیچ دەریایێکیش دەتوانی نقومی بکا .(؟)
- بەهۆی ئەشقەوە ڕۆژگار لەبیردەکرێ، هەروەک چۆن ڕۆژگاریش دەبێتە هۆی لەبیرکردنی ئەشق. (برایانی سەفا)
- پەیوەندیو خۆشەویستی ڕاستەقینە نەک بەدووری، بەڵکوو بەمردنیش کۆتایی نایێ. (گۆلتێر)
- زۆر نەخۆشی کە بەهۆی دەرمان چارەسەر ناکرێن، ئەشق چارەیان دەکا. (؟)
- ڕۆژگار هەموو شتێک لەناو دەبا، جگە لەئەوین. (پۆل کلۆودل)
- لە یەک تاکە ئەشقدا، سەدان بەڵا شاردراوەتەوە. (پەندی عەرەبی)
- لە ئەشقدا، بێدەنگی لە قسەکردن باشتر مەبەست دەگەیەنێ. (پەندی ژاپۆنی)
- ئەشق تاکە نەخۆشیەکە کە نەخۆش تامو چێژی لێوەردەگرێ. (ئەفلاتۆن)
- لە ڕاستیدا ئەشق جۆرێکە لە ئازار، بەڵام بێبەشیش لە ئەشق مردنە. (شکسپیر)
- ئەشق ئاگرێکە ئەگەر بکوژێتەوە ماڵ ساردو تاریکە، ئەگەر لە جێگای خۆیشیدا نەبێ، ماڵ دەسوتێنێ. (تن)
- خۆشەویستی دەبێ شادی هێنەر بێ نەک ڕەنج. (ناپلیۆن)
- ئەشق وەک شەڕ وایە دەستپێکردنی ئاسانەو کۆتایی پێهێنانی زۆر زەحمەتە. (هەمەلمکن)
- ئەشق باشترین جەنگاوەرە، چونکە لە ماوەی یەک چرکەدا هێرش دەباتە سەر دڵو مێشکو لەش. (ڤۆلتێر)
- ئەشق تەواوی گرفتاریە بچووکەکانی دونیا دەکا بەیەک گرفتاری گەورە. (ڤۆلتێر)

- پیرەکان کە ئاشق بن، گەنج دەبنەوە. (بەرناردشۆ)
- ئەشق ئەو بەڵایەیە کە هەموو کەسێک داوای دەکا. (ئەفلاتۆن)
- ئەشق گەورە ترین هێز لە گیانی مرۆڤدا پەیدا دەکا. (سەعید نەفیسی)
- ئەشق مرۆڤ ئاقڵو بە ئەزموون دەکا. (؟)
- ئەشق ترس لەناو دەبا. (پەندی چیکۆسلۆگاکی)
- ئەو کەسەی ئەشق دەچێنی فرمێسک دەدروێتەوە. (پلینی)
- ئەوەی لەڕێگای ئەشقدا ڕەنج دەکێشێ هەست بە هیچ ئازارێک ناکا. (پەندی ئیتالی)
- ئەوەی وانیشان بدات کە باوەڕی بە ئەشق نەماوە، مانای وایە کە ئەشق باوەڕی بەو نەماوە. (مارسل کرانسە)
- من لەبەر ئەوە ئاشق بووم، لە هەموو خۆشی یەکانی دونیا بەهرەم وەرگرتووە. (شکسپیر)
- من گرنگی بە ئەشق دەدەم، چونکە دەمەوێ بژیم. (ژۆژ ساندی)
- من تا لەگەڵ ئەشق بژیم هەر لاوم. (؟)
- پیاو لەکاتێکدا کەبە ئەوین گرفتار دەبێ، بیر لەهیچ شتێک ناکاتەوە. (پەندی ئێرلەندی)
- هیچ شتێک ناتوانی حوکم بەسەر ئەویندا بکا. (شکسپیر)
- خۆشەویستی لەنێوان ژنو مێرددا بەهۆی ڕیز لەیەکتر گرتن دروست دەبێ. (فنلون)
- خۆشەویستی داوێکی زێڕە کە کۆمەڵ بەیەکتری یەوە دەبەستێتەوە. (گۆتە)
- خۆشەویستی ئەو زمانەیە کەتەنانەت لاڵیش دەتوانن قسەی پێبکەنو کەڕیش دەتوانن ببیستن. (بودا)
- لەدونیادا هیچ شتێک لەخۆشەویستی بەرزتر نابینم. (بتهۆڤن)

- هەرلەخۆڕا چاوەڕوانی خۆشەویستی مەبە لەخەڵک، دەبێ خۆت خۆشەویستی لەناودڵی خەڵکدا دروستبکەی. (حجازی)
- کاتێک کەدڵت دەکەی بەدیاری، ئەوکاتە لەهەموو کاتێک زیاتر ئاگاداری خۆتبە. (پەندی ئەفریقی)

# لێبوردن

- ئەو کەسەی تۆڵە دەکاتەوە بۆ ڕۆژێک خۆشحاڵە، بەڵام ئەوەی دەبووریَ تەمەنێک خۆشحاڵە. (عەلی کوڕی ئەبو تالیب- د )
- خۆ بە کەمگرتن لە کاتی بەرزیو سەرکەوتندا، لێبووردن لەکاتی دەستڕۆیشتندا، دەستو چاو فراوانی لەکاتی دەست کورتیدا، چاکە کردن بەبێ منەت لەسەر کردن، نیشانەی مرۆڤایەتین. (بوقرات)
- لە "ئەفلاتۆن" یان پرسی: چۆن دەتوانریَ تۆڵە لەدوژمن بکریتەوە، گوتی: بە چاکەو پیاوەتی. (؟)
- ئەگەر دۆستان نەتوانن لە هەڵەی بچوکی یەکدی چاوپۆشی بکەن، دۆستایەتیان بە هیچ شتێک ناگا. (لابرویو)
- دیاری مێرووله قاچی کلۆیە. (پەندی فارسی)
- پێویستە لە هەموو کەسێک داوای لێبووردن بکریَ، منداڵ لەبەر بچووکی، ژن لەبەر بێ دەسەلاتی، کەسانی باش لەبەر ئەوەی نیازی خراپەیان نیە، کەسانی خراپ لەبەر ئەوەی بەدبەختو بێچارەن. (سنما)
- چاکە کردن بە شتێکی زۆر کەمیش بێ، ئاگری تووڕەیی دەکوژێنێتەوە. (؟)
- خراپترین کەس ئەو کەسەیە، کەلەتاوان نەبووریَتو لەهەڵە چاوپۆشی نەکا، لەویش خراپتر ئەوەیە کە خەڵک لە ئازاردانو چەوساندنەوەی دڵنیا نەبنو لە چاکەو پیاوەتی بێ هومێد بن. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- ئاگر بۆ دوژمنەکەشت ئەوەندە خۆش مەکە کەخۆشت بسووتێنیَ. (شکسپییر)
- لێبووردن لەکەسێک جوانە کەتوانای تۆڵە کردنەوەی هەبێ. (بوزر جمهر)
- ڕقو کینەیەک کەئاسوودەیی دڵو لەشت تێک دەداو ژیانت ناخۆش دەکا، لەناو دڵتدا مەیهێڵەوە. (؟)
- ئێمە دەبێ لەخراپە کردن زیاتر بترسین تا لەخراپە دیتن. (ئەبوعەلا)

- هەر کەسێک لە ژیاندا نانی نەخورێت، کە مرد ناوی نابرێ. (سەعدی)

- ئەوەی لێبووردنی زیاترە، دەوڵەمەندترە. (ژۆژسیون)

# چەند وتەیەک لە گاندی یەوە:



وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە:
م/ پشدەری
2009/01/12

- باشترین ڕێگا بۆ ئەوەی خۆت بدۆزیەوە، ئەوەیە کەخۆت لەخزمەتکردنی خەڵکدا بزر کەی.
- خوا ئەوپەڕی تاقیکردنەوەی خۆی دەکا بەرامبەر بەوکەسانە کە لێیان دەبووریٚ.
- کاتێک کە لەموعجیزەی ڕۆژ ئاوابوونو جوانی مانگ دا سەرم سووڕدەمێنیٚ، ڕووحم بۆ پەرستنی پەروەردەگار، زیاتر دەکرێتەوە.
- خۆشحاڵی ئەوکاتەیە کە بیرکردنەوە و گوتنو کردەوە، هەموویان بەیەکەوە بگونجێن.
- ئەگەر ئێمە بمانەویٚ جیهان فێری ئاشتی ڕاستەقینە بکەین، هەروەها ئەگەر بمانەویٚ شەڕی ڕاستەقینە لەدژی شەڕ درێژە پیبدەین، دەبیٚ لەمنداڵەکانمانەوە دەست پێبکەین.
- من تەنیا شتەباشەکان لەمرۆڤەکاندا دەبینم، هەرچەند کە بۆخۆشم بێعەیب نیم، بەڵام نامەویٚ لە کەمو کوڕیەکانی خەڵک/یش بکۆڵمەوە.
- بۆ پێویستیەکانی مرۆڤ لەدنیادا، ئەندازەیەکی دیاریکراو هەیە. بەڵام بۆ چاوبرسی، هیچ ئەندازەیەکی دیاریکراو نییە.
- بۆمن هەمیشە شتێکی نهێنی بووە؛ کەچۆن ئینسانەکان شانازی بەوەوە دەکەن کە خەڵکی دیکە بخەنە ژێر پێی خۆیان.
- زۆر ئاسانە کە لەگەڵ هاوڕێکەی خۆتدا هاوڕیٚ بی، بەڵام بوونە هاوڕێی ئەوکەسە کەخۆی بەدوژمنی تۆ دەزانیٚ، ناوەرۆکی ڕاستەقینەی دینەکەیە. جگە لەوە هەر هەمووی بازرگانییە.
- لەکاتی پاڕانەوەدا، واباشترە کە دڵێکی بیٚ وشەت هەبیٚ، نەک وشەی بیٚ دڵ.

- هیچ شتێک وەک خەم وجود بەفیڕۆ نادا، بۆ ئەوکەسانەش کە باوەڕیان بەخوا هەیە، دەبێ شەرم کەن کە لەهەر ڕوویەکەوە خەم بخۆن.
- ئەگەر یارمەتی کەسێکی بێچارە بدرێ، باشترە لەهەزار سەری کڕنۆش بردوو لەکاتی پاڕانەوەدا.
- تۆ نابێ بێ هیوابی لەبوونی مرۆڤایەتی، چونکە مرۆڤایەتی وەکو دەریای بێ بن وایە، ئەگەر چەند دڵۆپێکیشی لێ پیس بێت، دەریاکە هەر پیس نابێ.
- ئەو گۆڕانکارییەی ئارەزووتە کە لەدنیادا ببینی، دەبێ سەرەتا لەخۆتەوە دەست پێبکا.

# ژیری

- هەرکاتێک ڕقو تووڕەییت بەسەر ئەقڵتدا زاڵبوو، خۆت لە ڕیزی مرۆڤدا مەژمێرە. (زیمۆکراتینی)
- ئەگەر دەتەوێ لەناو کۆمەڵدا فەرمانڕەوایی بکەی، دەبێ ئەقڵ بەسەر تۆدا دادوەر بێ. (سوندگ)
- هەمیشە هەوڵبدە بەئەقڵ دەوڵەمەند بی، چونکە دەوڵەمەندی ئەقڵ لە دەوڵەمەند بوون بە ماڵو هەرشتێکی دیکە باشترە. (؟)
- ئەو کەسەی کە بۆخۆی نازانێ نەزانە خۆتی لێ بپارێزە، ئەوکەسەی کە نەزانەو دەشزانێ کە نەزانە فێری بکە، کەسێک کە زانایەو بەزانایی خۆشی نازانێ بەئاگای بێنە، ئەوکەسەیش کە زانایەو دەشزانێ کە زانایە لێی فێربە. (عەرەبی)
- دەوڵەمەندی بە هونەرە نەک بەماڵ، گەورەیی بەئەقڵە نەک بە ساڵ . (سەعدی)
- مرۆڤی ژیر هەموو شتێک کە دەیزانێ نایڵێ، بەڵام ئەوەی دەیڵێ دەیزانێ. (ئەرستۆ)
- شێت خۆی بەئاقل دەزانێ، بەڵام ئاقڵ دەزانێ کە ئەوە شێتێکەو هیچی تر . (شکسپیر)
- ئەقڵ لەتەندروستی باشترە، چونکە ئەقڵ دەتوانێ تەندروستی بەدەست بێنێ، بەڵام تەندروستی ناتوانێ ئەقڵ بەدەست بێنێ. (حیجازی)
- ئەقڵ ئەو هێزەیە کە بەسەر هەموو دونیادا زاڵە. (ئەمرسۆن)
- ئەگەر ئەقڵ لە مرۆڤ وەربگیرێتەوە هیچ شتێکی بە نرخی بۆ نامێنێتەوە. (هامیلتن)
- ئاقڵ ئەوە نیە بەپەلە بزانێ چی بکا، بەڵکوو ئەوەیە بزانێ دوایی چ دەکا. (؟)
- ئەقڵ بەبێ بەزەیی‌و خۆشەویستی، شتێکی ترسناکە. هەروەک خۆشەویستی بەبێ ئەقڵیش جێگای باوەڕ نیە. مرۆڤی تەواو ئەو کەسەیە کە هەردوو لای هەبێ. (؟)
- ئەوەی تەنیا لەبیری تێرکردنی زگیەتی، مێشکی بەبرسیەتی دەمێنێتەوە. (پەندی چینی)

- ئەوەی نەتوانێ توڕەبێ ئاقڵ نیە، بەڵکوو ئاقڵ ئەوەیە نایەوێت تووڕەبێ. (؟)
- ناچارم وەرزش بکەم ئەگینا ئەقڵم تێک دەچێ . (تۆلستۆی)
- هەرکەس ئەوشتە دەبینێ کە لەناو دڵی خۆیدا هەڵیگرتووە. (گۆتە)
- یەکڕۆژی پیاوی ژیر بەئەندازەی هەموو تەمەنی پیاوی نەزان نرخی هەیە. (پەندی تاجیک)

# زانست

- ئەگەر هەر ڕۆژێ وشەیەک لەزانستی خۆت زیادبکەی، دوای ساڵێک دەبینی چەندین وشەت زیاد کردووە. (؟)
- باشترین شت ئەوەیە کە هەوڵبدەی لەتەمەنی لاوێتیدا زانست بەدەست بهێنیو لە تەمەنی پیریدا بەکاری بهێنی. (بوزەرجومهێر)
- زانستی کەم لەخواپەرستی زۆر باشترە. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- زانستخواز ئەو کەسەیە کەهەوڵدەدات دەردو ڕەنجەکانی خۆی کەم بکاتەوە. (هۆگۆ)
- زانست گەنجینەیێکەو کلیلەکەشی پرسیارکردنە. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- زانست نیعمەتێکی بەنرخە، لە ژیاندا تاجی شانازی یە، لەدوای مردنیشدا یادگاریەکی پڕشنگدارە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- زانست کلیلێکە هەموو دەرگایەک دەکاتەوە. (ئەناتۆل فرانس)
- زانستی پاک لەدڵی ناپاکاندا جێگیر نابێ. (سوکرات)
- سبەینێش درەنگ نیە بۆ هەوڵدان بۆ پەرە پێدانی زانستو هونەرت. (ژانژۆند)
- هەرچەندە شارستانیەت بەرەو پێش بچێ، ئەوەندە دەسەڵاتی تاکەکەسی کەم دەبێتەوە. (ئەرتل هلس)
- ئەوەی زانستی خۆی زیاتر بکا خەمو خەفەتی خۆی زیاتر دەکا. (پەندی عەرەبی)
- هەموو شتێک کەزۆر بوو کەم نرخ دەبێ، بەڵام زانست هەرچەندە زۆرتربێ، پڕنرخترو خۆشەویستر دەبێ. (پەندی چینی)
- ئەگەر شتێک بە دوژمنان بدەی، باشترە لەوە کە شتێک لە دۆستەکانت وەربگری (؟)

# غەیبەت

- ئەوەی ناوی خەڵک لەلای تۆ بەخراپە دێنێ، باش بزانە تۆ دووهەمین کەسی کەباست دەکا. (شێخ بەهائەددین)
- لە زمانی بوختانکەر بترسە، چونکە ئەوەی ئەو بەسەعاتێک دەیچێنی بەتەمەنێک نادروێتەوە. (قابووسنامە)
- هەرکەسێک کە گوێ لەباسی عەیبەکانت بگرێ، لەڕیزی غەیبەتکەران دەژمێردرێ. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- ئەگەر چاکەی دوژمنانت بڵێی زۆر لەوە باشترە کەعەیبی دۆستەکانت باس بکەی. (لۆرد ئاڤیبۆری)
- لە پشتەملە باسکردن، هێزی خەڵکی بێتوانایە. (لامارتین)
- بەردەوام بوون لەسەر ئیشی خۆتو خۆ بێدەنگکردن، باشترین وەڵامە بۆ ئەوانەی کە لۆمەت دەکەنو قسەت بۆ هەڵدەبەستن. (جۆرج واشنگتن)
- عەیبی خەڵکی ئاشکرا مەکە، چونکە بەئاشکراکردنی عەیبی خەڵکی ئەوان ڕیسوا دەکەیو خۆیشت بێ باوەڕ. (سەعدی)
- کە بەباش باسی کەسێک دەکرێ کەم کەس هەیە باوەڕ بکا، کە بەخراپەش باسی دەکرێ بەدەگمەن هەیە باوەڕ نەکا. (؟)
- کەسێک هەوڵی دۆزینەوەی عەیبی دۆستەکانی بدات لە دوژمن خراپترە. (؟)
- هەرکاتێک ویستت عەیبی کەسێک باس بکەی لەپێشدا عەیبەکانی خۆت بە بیرتدا بهێنەوە. (ئیبن عەبباس)

- یەکێک چوو بۆلای کابرایێکی زاناو پێی گوت: فلانەکەس بەخراپی باسیکردووی، ئەویش لەوەڵامدا گوتی: بەگێڕانەوەی ئەم قسەیە سێ کاری خراپت کرد، یەکەم: دۆستایەتی ئەوو منت ساردکردەوە، دووهەم: دڵی منت ناخۆش کرد، سێیەم: خۆشت لەلای من بێ باوەڕ کرد. (؟)

# خۆ بەزلزانین

- ئاگر بەئاگر ناکوژێتەوە. (پەندی یۆنانی)
- تەنیا شتێک کەجوانی لەناو دەبا خۆپەسەندیو خۆ بە زۆر گرتنە. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- ئاسانترین ڕێگا بۆ لەناوبردنی شانازییەکانی خۆت خۆبەزۆرگرتنو لاف لێدانە. (پەندی ئێرانی)
- مرۆڤ، ڕێک وەک ڕووبار وایە، هەتا قوڵتر بێ ئارامترە. (منسکیو)
- خراپترین کەس ئەو کەسەیە کەخەڵک لێی بترسێ. (؟)
- وەک چۆن لەگەڵ باوکت مامەڵە دەکەی، ئاوایش لەگەڵ پیران مامەڵە بکە. (پەندی ژاپۆنی)
- لەسەر جێگاکەی خۆت دابنیشی کەس پێت ناڵێ هەستە. (پەندی ئەمریکی)
- کارێک بکە کەقەدرت بزانمو ڕێزت بگرم. (لابرویر)
- زانایی مرۆڤ، لەوەدایە کەهەست بەنەزانینی خۆی بکا. (؟)
- لەبەرامبەر کەسانێکدا کەخۆ بەکەم دەگرن، خۆت بەکەم بگرە، لەبەرامبەر ئەوانەی خۆیان بەزۆر دەگرن تۆش خۆت بەزۆر بگرە. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- قورسترین میوە ئەوەیە کە بەرەو زەوی شۆڕ بوبێتەوە. (پەندی ئێرلەندی)
- گەورەیی مرۆڤی مەزن لە شێوەی ڕەفتاریدا لەگەڵ خەڵکی بچووکدا دەردەکەوێ. (دیل کارنگی)
- هەرگیز باسی خۆتان مەکەنو بەزۆر خۆتان لەلای خەڵکی گەورە نیشان مەدەن، لێبگەڕێن باخەڵک باستان بکا. (جان کایزل)

# گەورەیی

- بۆ مانەوەی دۆستایەتی دەبێ گەورەییو نرخی یەکدی بزانینو بە چاوی ڕێزەوە سەیری یەکدی بکەین. (ئەرستۆ)
- بەڕای من گەورەیی، واتە نیشاندانی ڕێزو خۆشەویستی بەخەڵک. (لارشفۆکۆ)
- هەموو زێـڕو گەوهەری سەرزەویو ژێرزەوی لەبەرامبەر ڕێزو گەورەیی مرۆڤدا بێنرخن. (ئەفلاتـوون)
- بۆ جێگایەک بڕۆ کە ڕێزت بگرن نەک ڕاوت بنێن. (؟)
- دونیا گەورەیەو مرۆڤ بچووک، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ هێندە گەورە بێ کەهەموو دونیا لەبەرامبەریدا بچوک بنوێنێ. (سەعید نەفیسی)
- هەرکاتێک ئەقڵ بەرەو زیادبوون بچێ، ئارەزووو شەهوەت بەرەو کەمی دەچن. (عەلی کوڕی ئەبوتـالیب/ ع)
- باشترین دەستکەوتی من لەو گەورەییـەدابوو، کە لەنەزانینی خۆم تێگەیشتم. (بوقرات)
- گەورەیی بەکردەوە پەروەردە دەکرێ نەک بەقسە. (لۆمینۆس)
- ئەوەی خۆیو خەڵکی خۆشبوێ، دەبێ لەکردەوەی خراپ خۆی بپارێزێ. (عەلی کوڕی ئەبوتـالیب/ ع)
- ئەوە کارێکی ئاشکرایە، کەهەموو کەسێک زیاتر باسی ئەوە دەکا کـە نـیـەتـی. (محەمەد مەسعود)
- نەبوونی، هەموو شتێک دەگۆڕێ. (پەندی بولگاری)
- ناخۆشترین شت بۆ مرۆڤ، ژێردەستیو دەست کورتی یە. (ڕۆسۆ)
- بمرە، بەڵام لەبەرکەس دەست پان مەکەوە. (پەندی فەرەنسی)
- خەوتن خەزێنەی پیـاوی هەژارە. (پەندی لاتیگی)
- هەژار ئەو کەسەنیە کە کەمی هەیە، بەڵکوو ئەو کەسەیە کە زیاتر داوادەکا. (سنکا)

- **هەژار لەهەندێک خۆشی دونیاو، چاوتەنگ لەهەموو خۆشیەکی دونیا بێبەشـە. (لابروير)**
- **کەم ڕوویی بۆ تەماحکاران سـوودی نیـە. (ئەفلاتۆن)**
- **کەسێک لاقی هەنەو گەدایی دەکا، لاقەکانی زیادن. (؟)**
- **سواڵکەر هەرچەندە پتر ملی لارکاتەوە ماناى وایە ئەوەندە زیاتر درۆ دەکا (پەندی سکۆتلەندی)**
- **دایکی هەموو عەیبێک هەژاریو دەستکورتی یە. (ڕۆسۆ)**
- **پارچەیەک نان کەڕەنگە هیچ نرخی نەبێ، بەڵام بۆ کەسێک کەهیچی نیە بیخوا، هەموو شتێکە.**

**(دروۆژ سرويت)**

# سواڵکەر

- لەژێر ناوی وشەی سواڵکەر دا زۆر شتی شاراوە هەیە، کە مرۆڤ جیا دەکاتەوە

لەمرۆڤی ئاسایی:

- ئەگەر کەسێک بتوانێ لە پێناو وەدەستهێنانی سامان دا، یان لە پێناو هەر ئامانجێکدا مل کەچ بکا، دەتوانێ درۆش بکا،
- ئەگەر بتوانێ درۆ بکا، دەتوانێ دزیش بکا،
- ئەگەر بتوانێ دزی بکا، دەتوانێ بەدڕەوشتیش بکا،
- ئەگەر ئامادەبێ بەدڕەوشتی بکا، دەتوانێ بوختانیش بکا،
- ئەگەر بتوانێ بوختان بکا، دەتوانێ قەتڵیش بکا،
- ئەگەر کەسێک پێکهاتەی هەموو ئەو شتانەی سەرەوە بێ، دژایەتی خوای گەورەش دەکا، کە دژایەتی خوا بکا، بێگومان دژایەتی هەموو کەسێک دەکا.

# دەسەڵات

- هەرکاتێک دەسەڵات هەنگاو هەڵێنێ یاسا لاواز دەبێ. (ناپلیۆن)
- تووڕەبوون لەبێوانایان نیشانەی بێ هێزی یە. (گۆلتێر)
- ئەگەر ناتوانی گازبگری ددانت نیشان مەدە. (پەندی ئینگلیزی)
- تۆ تەنیا پێستی گورگ لەسەر پشتی من دابنێ، من خۆم دەزانم چیدەکەم. (پەندی ئەفریقی)
- ئەگەر دڵسۆزانە خۆشەویستیت بەکەسێک نیشاندابێ،
- ئەگەر خەمو پەژارە دڵیان ئازاردابێو لە گۆشەیەک بەتەنیایی گریابی،
- ئەگەر چاوپۆشیت لەهەڵەی دۆستێکت کردبێ،
- ئەگەر دانت بە تاوانی خۆتدا نابێ،
- ئەگەر بەیەک چڵەگوڵ دڵێکت شادکردبێ،
- ئەگەر دڵۆپە فر مێسکێکت لەڕوومەتێک سڕیبێتەوە،
- ئەگەر بەردێکت لەسەر ڕێگایەک لابردبێ،
- ئەگەر دۆستێکت دەستی بۆ درێژ کردبێو دڵسۆزانە یارمەتیت دابێ،
- ئەگەر بەدیتنی جوانیو ڕازاوەیی سروشت هەستت بەگەورەیی پەروەردگار کردبێ،
- ئەگەر وەڵامی قسەیەکی ناخۆشت بەخۆشی دابێتەوە،
- ئەگەر کەسێکی بێنەواو بێچارەت پەنادابێ،
- ئەگەر هەوڵت دابێ بۆڕەوشت باشکردنت،
- ئەگەر ئارەزووی ئاشنایانت بەجێهێنابێ،

لە هەموو ئەو کاتانەدا، تۆ لەهەموو کەسێک بەتواناترو دەوڵەمەندتری. (ئەمرسۆن)

- زۆربەمان ئاسایش‌و تەندروستی، تەنانەت ئەوین‌و خۆشەویستیش فیدای هێزو دەسەڵات دەکەین. (حجازی)
- ئەوەی دەستی گەیشتە دەسەڵات ژەهراوی دەبێ. (شیلر)
- ئەوەی دەسەڵات بە پارە بکڕێت، داد پەروەریش بەپارە دەفرۆشێ. (پەندی ئینگلیزی)
- کارێک کە گورگ بەهێز ئەنجامی دەدات، ڕێوی بەفێڵ جێبەجێی دەکا. (پەندی ئینگلیزی)
- هەموو خاوەن دوژمنان دەبێ ئەوە بزانن کەنابێ بەرهەڵستکارەکانی خۆیان بەزۆری لە مەیدان دەربکەن. (ئۆرگۆ)
- هەموو کەسێک دەتوانێ بەرگەی بەدبەختی بگرێت، بەڵام ئەگەر ویستت ڕەوشتی کەسێک تاقی بکەیەوە دەسەڵاتی پێبدە. (ئەبراهام لنکۆلن)
- تاڵە موویەک بەتەنیا چەند باریک‌و ناسکە، کەپڕو زۆر بوو لەزنجیرێک بەهێزترە. (سەعدی)

# بڕیاردان

- پیاوی توڕەو دڵڕەق، ناتوانێ ڕاستی بڵێ. (پەندی چینی)
- هەرشتێک کەیەکێک دەگرێنێ، لەوانەیە یەکێکی دیکە بەپێکەنین بێنێ. (پەندی ئەفریقی)
- دانان بەوەی کەمن هیچ شتێک نازانم نابێتە هۆی شەرمەزاری. (سمسرون)
- شانازیو سەرکەوتنی مرۆڤ دەبێ ئەوکاتە ڕێزی لێبگیرێت، کەئاشکرابوو لەچ ڕێگایەکەوە بەدەستی هێناوە. (لاشفۆگۆ)
- ئەگەر بوونی دڕکێک لەگوڵێکدا خەفەتە، بوونی گوڵێکیش لەنزیک دڕکێکا هۆی شادی یە. (گۆتە)
- تۆ پێم بڵێ کە کێت بەلاوە پەسندە، تامن پێت بڵێم تۆکێیتو ڕەوشتت چۆنە. (سن بوو)
- بۆ کەسێکی نقوم بوو دونیا هەمووی نقووم بووە. (پەندی عەرەبی)
- ڕۆژگار بڕیاری خۆی لەسەر هەموو شتێک دەدات. (پەندی یۆنانی)
- ڕووخساری تۆ کتێبێکە، کەخەڵک بەئاسانی دەتوانن شتی تێدا بخوێننەوە. (شکسپیر)
- دادوەر کەبێتاوانێک حوکم دەدات، ویژدانی خۆی حوکم داوە. (پەندی سوێدی)
- کەسێک کەئەمڕۆ بەکەمی دەزانیت، لەوانەیە بەیانی پێویست بێ بەزۆری بزانی. (پەندی پورتوگالی)
- پیاوی گەورە هەرگیز یەک لایەنە بڕیار نادات. (کۆنفۆسیۆش)
- من بەوەی کە لەدەمت دەردەچێ بڕیاری خۆمت لەسەردەدەم. (پەندی چینی)
- هەرتاوانبارێک بگری لۆمەی هەموو کەسێک دەکا جگەلەخۆی. (دیل کارنگی)

- هەموو کەسێک عەیبەکانی خۆی بەدووربینو عەیبەکانی خەڵکیش بەزەرە بین سەیر دەکا. (ئەمیل سۆژید)
- هیچ بچووکێک بەکەم سەیرمەکە، کێ دەڵێ ڕۆژێک لە تۆ گەورەتر نابێ. (ئەفلاتۆن)
- هیچ درەختێک بەبێ ڕیشە نیەو هیچ تێکچوونێکیش بەبێ هۆ نابێ. (پەندیئەفریقی)
- هیچ کەس ناتوانێ دادوەرێکی داد پەروەر بێ بەرامبەر بەکردەوەکانی خۆی،
- ئەگەر سەرت داخەیو کارت بە هیچ نەبێ، دەڵێن گێژە،
- ئەگەر پەرۆشو خەمناک بی، دەڵێن ئاشقە.
- ئەگەر ماڵی خۆت بەڕێوجێ سەرف بکەی دەڵێن ڕەزیلە،
- ئەگەر چاک خەرج کەی دەڵێن دەستبڵاوە،
- ئەگەر جلی جوان بپۆشی دەڵێن هەر بەخۆی ڕادەگا،
- ئەگەر جلت نوێ نەبێ دەڵێن شەپڕێوە،
- ئەگەر درەنگ ژن بێنی دەڵێن پیاو نیە،
- ئەگەر زوو ژن بخوازی دەڵێن ئاگری بەتینە،
- ئەگەر هەژارو بێ پارەبی دەڵێن چی لەدەست نایە،
- ئەگەر ماڵدارو دەوڵەمەندبی دەڵێن قۆڵبڕە،
- ئەگەر گوێ بەهیچ نەدەی دەڵێن بێ باکە،
- ئەگەر بەڕووی خەڵکیدا پێبکەنی دەڵێن جڵفە،
- ئەگەر نێوچەوان گرژ بی دەڵێن ڕەزاقورسە،
- ئەگەر ڕووخۆش بی پێت دەڵێن خۆ گونجێنە!

ئێستا ئێوە بەمن بڵێن بە ئاهەنگی کامیان هەڵپەڕین؟ (؟)

# قومار

- ئەوانەی جگە لەقومارکردن ناتوانن بەهیچ شتێکی دیکە خۆیان سەرگەرم بکەن، شایانی ئەوەن بەزۆری سەرگەرم بکرێن. (حجازی)
- خۆشبەختی لەدەست قومار ڕادەکا. (پەندی فەرەنسی)
- قوماربازا، ورد وردە چوار شت لەدەستدەدات: پارە، کات، ویژدان، ژیان. (پنیاکود)
- قومارباز، منداڵی تەماحو برای خەفەتو نیگەرانیو هەروەها باوکی کردەوەی نالەباریشە. (واشنگتن)
- قومارباز دیسانیش بەناخۆشی ژیان لەگەڵ دۆستان تێپەڕ دەکا. (پەندی ئینگلیزی)
- قومار، خواردنەوە، ژنی خراپ، پێکەنین لەسەر لێوی پیاو لادەبەن. (پەندی ئینگلیزی)
- کە بووی بەقومارباز، دەبی بە پیاوکوژیش. (پەندی عەرەبی)
- هەر عەیبێکت چەند عەیبی دیکە دێنێ، بەڵام قومار دایکی هەموو عەیبانە. (حجازی)
- قومارباز، لەگەڵ دز هاوبەشە. (پەندی ڕوسی)
- قومارباز، کوێرە، بەڵام ئەوەی تەنیشتی باشی دەبینێ. (پەندی چینی)
- قومارباز، ئامادەیە تادوا فلس بدۆڕێنێ، ئەوەیە بێئەقڵی لە ئەندازە تێپەڕ. (پەندی ئینگلیزی)

# خۆپاراستن

هاوڕێی کەسێک مەبە کە پێکهاتەی ئەوشتانەی خوارەوە بێت:

- دوو ڕو و، درۆزن.
- خۆ بە زۆر گرو لێنەهاتوو
- ڕەزیل و ملکەچکردن لە پێناو پارەدا.
- گرینۆک و گریان لەگەڵ هەرکێشەیەکی بچووکدا.
- چاو لەدەستو تەماحکار
- زمانلووس و بێبەڵێن.
- دڵپیس و بەبوغز.
- بوختانچی و ئاژاوەگێڕ.
- دووزمانو هۆی کێشە لەناو خەڵکدا.
- زمان شڕو بە بۆڵەبۆڵ.
- بە لۆمەو تێکدەر.
- ڕەوشت ژنانیو ئەدای ناشیرین دەرهێنانو خۆ دوور خستنەوە لە ڕیزی پیاوان دا.
- قسەگەورەو بێ کردەوە.
- دژی بۆچوونی هەمووکەسێک.
- ناڕاست، فێڵباز، بێ سفەت.

(وەرگێڕ)

# دەستبڵاوی

- دەستبڵاوی ئەمڕۆ، سواڵکەری بەیانییە. (ئەبوعەلا)
- ئەوانەی کەدەزانن تەرازووی ژیان ڕابگرن، هەژارو دەستکورت نابن. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- فێربووم لەهەر حاڵەتێک دابم چاوم تەنگ نەبێ. (عیسای کوڕی مریەم)
- هەرکەسێک شتی ناپێویست بکڕێ، زۆری پێناچێت دەبێ ئەوەی پێویستیەتی بیفرۆشێ. (پەندی یوگوسلاڤی)
- ئەگەر دەتەوێ خزمەتکاری هیچ کەسێ نەبی، خزمەتکاری هیچ شتێ مەبە. (ژاک درال)
- بۆدەوڵەمەندبوون، تەنیا دۆزینەوەی ڕێگای داهات بەس نیە، بەڵکوو دەبێ ڕێگای خەرجکردنیش بەباشی بزانی. (فرانکلین)
- بۆ کەسێک کە هیچی نیە، قەرزکردنیش جۆرێکە لەدزی. (ڕۆسۆ)
- هەمیشە لە داواکردنو پاڕانەوە خۆت بپارێزە.

  (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- ئەو کەسەی لەوەی هەیەتی ڕازی نیەو چاوی تێر نیە، ئەگەر هەموو دونیاشی هەبێ هەرچاوی تێرنابێ. (سینکا)
- ئەوەی نەتوانی لەداهاتی کەم پاشەکەوت بکا، لەداهاتی زۆریشدا ناتوانێ. (دکتۆر مارتن)

# كارو تەمبەڵی

- مرۆڤ، بە كردەوە تاقی بكەوە نەک بەقسە. (فیساگۆرس)
- هیچ شتێک ئاسان نیە، مەگەر بۆخۆت ئاسانی بكەی.

  (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- ئەوانەی زانستی خۆیان بەكارنایەنن وەک ئەو نەخۆشانە وان كەدەرمانەكانیان بەكار ناهێننو كەڵكیان لێوەرناگرن. (دیمۆكراتیس)
- ئەوانەی دەزانن چ بكەن لەژیانیاندا تووشی گرفتاری نابن، بەڵام ئەوانەی كاریان بەلاوە گرانە هەمیشە گرفتارن. (پەندی چینی)
- ئیش كردن ڕۆژ كورتو تەمەن درێژ دەكا. (دیدیرو)
- ئەگەر هەموو ڕۆژێ ڕێگا بگۆڕی هەرگیز بە مەبەست ناگەی. (پالانس)
- كەسێک كە ڕۆژگار بە تەمبەڵیو بێكاری تێپەڕ دەكا، گەورە ترین دزە. (؟)
- هەوری بەگرمەگرم، بارانی لێ نابارێ. (؟)
- بێ ئەقڵ خۆی لەكاری هەمووكەسێک وەردەدات، بەڵام بەلای كاری خۆیدا ناچێ. (پەندی ئەڵمانی)
- ئەگەر توانای ئەنجامدانی كارێكت هەیە وەدوای بكەوە، ئەگینا بۆچی بەخۆڕایی ئابڕووی خۆت دەبەی. (پەندی یۆنانی)
- ئەی تەمبەڵ، لە مێرووله فێربە چۆن بۆ ژیان هەوڵدەدات. (؟)
- خۆبەستنەوە بەشتی بچووک گرفتار بوونو بەجێمانە لەكاری گەورە. (كۆنفۆشیۆس)
- بۆ شەو گاری پیری لەڕۆژگاری گەنجێتیدا پێویستیمان بەچرایەک هەیە. (پلوتارک)
- باشترین ڤیتامین كە كەسانی تەمبەڵ پێویستیان پێیەتی كاركردنە. (؟)

- لەکاتێکدا کەهیچ کارێکم نەبووە، بیرم لەوەکردۆتەوە کەنابێ کاتم بەفیڕۆ بڕوا. (نا پلیۆن)
- لەم دونیایەدا دەبێ هەمووکەس پیشەوکارێکی هەبێ، چونکە مرۆڤی بێکار، بارێکی گەورەیە لەسەر شانی کۆمەڵ. (ڤیکتۆر پوشە)
- لە دونیادا هیچ کەس نییە کەنەتوانێ کاربکا. (کۆنفۆشیۆس)
- دوێنێ لەبیرخۆت بەرەوە، ئەمڕۆ کاربکە، بۆبەیانی هیوات هەبێ. (کتێبی کارو زیندەگی)
- تەنیا یەک کار بەباشی بزانی، چاکترە لەوەی سەدکار بزانیو هیچیان بەباشی نەزانی. (پەندی ژاپۆنی)
- بەدبەختی مرۆڤ لەوەدایە کەماوەی هەبێ بیر لەخۆشبەختیو بەدبەختی خەڵک بکاتەوە. (بەرناردشۆ)
- بەکاری بچووک ڕازی بە، بەڵام هەموو دەم خۆت بۆکاری گەورە ئامادەبکە. (؟)
- ئەگەرچی لەکاتی کارکردندا تەنیابیو کەس چاوی لێتنەبێ، وابزانە لەچەندلاوە چەندین کەس سەیرت دەکەن. (کۆنفۆشیۆس)
- هەوڵدانو کارکردن لە سێ شت دوورمان دەخاتەوە: 1 خەمو پەژارە، 2 دزی 3 چاو لەدەستی. (ڤۆڵتێر)
- کار بکە، بەرلەوەی چاوت لەدەستی خەڵک بێو ناچار بی کار بکەی. (فراکلین)
- ئەوانەی لەکار بێزارن، واچاکە ناچار بکرێن بێکاربن بۆ ئەوەی نرخی کارکردن بزانن. (پاسگا)
- ئەوەی لەکارکردندا ڕاست نەبێ، لەهیچ شتێکدا ڕاست نیە. (؟)
- قسەی خۆشو شیرینو کردەوەی نالەبار، زۆر کەسیان فریوداوە. (پەندی فەرەنسی)
- من لەژیانمدا کارم نەکردووە. ئەوەی کەکردوومە چێژ وەرگرتنو دڵخۆشی بووە. (ئەدیسۆن)
- هەرگیز نابی کەسانی بچووک کاری گەورەیان پێ بسپێردرێ. (سیدرون)

- کارێکی باش لەهەزار بیرکردنەوەی باش چاکترەو ئەوانەی کاری باش دەکەن زۆر لەوانەی کەباش بیردەکەنەوە باشترن. (بودا)

# خوێنەر

- تاقیکردنەوەی بیست ساڵی ژیان بەیەکساڵ خوێندنەوە بەدەستدێت . (؟)
- ژووری بێ کتێب وەک لەشی بێ گیان وایە. (سیرون)
- لەشی مرۆڤ  بەبێ دایک دروست نابێ، گیانی مرۆڤیش بەبێ کتێب پەروەردە نابێ. (پلتوتارک)
- ژیان بەکتێبەوە خۆشە، بەلام خۆشتر دەبێ، ئەگەر ڕۆژگارێک دابێ پێویستت بەکتێب نەمێنێ. (پەندی چینی)
- دەبێ زۆر بخوێنیتەوە، تاتێبگەی کە هیچ نازانی. (مونتسکیو)
- بەبێ حکومەت دەتوانی بژی، بەلام بەبێ کتێبو زانیاری باش هەرگیز ناتوانی. (ئەبراهام لنکۆلن)
- لاپەڕەی کتێبەکانی ئێمە وەک باڵ وان، گیانی ئێمە لەتاریکاییەوە بەرەو ڕووناکی دەفڕێنن. (ڤۆلتێر)
- هەندێک کتێب دەبێ تام بکرێن، هەندێک دەبێ قووت بدرێن، هەندێکی دیکەیش دەبێ جوان بجوێرێنو هەزمبکرێن. (فرانسیس بیکۆن)
- هەرچی من ئارەزووم لێیەتی لەکتێباندا هەیە، باشترین برادەری من ئەوەیە کەکتێبێکم دەداتێ نەمخوێندبێتەوە. (لیکلن)
- کتێب خۆراکی گیانی مرۆڤە. (عەلی کوڕی ئەبو تالیب/ ع)
- کتێبی باش ئەو کتێبەیە کەخوێنەر لەوەی کەهەیە گەورەتر دەکا. (ئێدوارد ئۆراد)
- تەنیا کتێب بوون، کەیارمەتی منیاندا لەزەلکاوە بۆگەنەکان هاتمەدەر، ئەگینابە هیلاک دەچووم. (ماکسیم گۆرکی)

- كتێب دۆستێكە تووڕەت ناكا، خەمبارت ناكا، تووشی هەڵەت ناكا. (؟)
- كە یەكەمجار كتێبێک دەخوێنمەوە، وەک ئەوە وایە كەلەگەڵ دۆستێكی تازە ئاشنادەبم، كەبۆجاری دووهەم دەیخوێنمەوە، وادەزانم سەردانی ئەو دۆستەم دەكەمەوە. (ئولیوركولدالسیت)

# ڕوناکبیر کێیه؟

2008/01/27

- کەسێک کە خۆی بناسێو ڕێز لەکەسایەتی خۆی بگرێ.
- کەسێک کە بڕوای بە بەرەوپێشچوون هەبێ، نەک بەرەو دوا گەڕانەوە، یان لەشوێن خۆی وەستان!
- کەسێک کەبەهیچ گۆڕانکارییەک لەژیانیدا، یان لەناو خۆیدا، خۆی لێبزرنەبێ، وەک: بەرزبوونەوەی پلەوپایە، سەروەتو سامان، بەرزبوونەوەی پلەی خوێندەواری، هێزو تواناو تا دوایی...
- کەسێک کە لەکاتی گفتوگۆدا، هەستی دەوروبەر لەبەرچاو بگرێ.
- کەسێک کەبتوانێ، بەزمانی هەمووکەس بدوێو خۆی لەکەس بەگەورە ترو جیاواز نەزانێ.
- تێکەڵاو بوونو کۆمەڵایەتی بوون، بەشێکی هەرە گرینگە لە ڕوناکبیری.
- کۆمەڵ پێویستی بە هەموو چینو توێژێک هەیەو نابێ مرۆڤ خۆی فەرزکا بەسەر هیچ کەسێکدا.
- خۆپەروەردە کردنو زیاتر هەوڵدان بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری.
- گرینگی دان بەکاتو سوود لێوەرگرتنی.
- بیرکردنەوە لە باشتر بوون، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ.
- قبووڵکردنی ڕەخنەو سوود وەرگرتن لە ئامۆژگاری.
- ڕاوێژ کردن بە کەسانی شارەزاو شیاو، بۆ دوورکەوتنەوە لە هەڵەکانی ژیان.
- خۆبە زۆر نەگرتنو بەکەم سەیرنەکردنی هیچ کەس.
- بیرکردنەوە لە هاوڕێی باش، هاوسێی باش، هاونشینی باش.

- نەرم قسەکردن، لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ خەڵکدا.
- ڕووخۆشیو هەڵسو کەوتی جوان.
- ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی بەرامبەرو بە زۆر نەسەپاندنی بیرورا، بەسەر خەڵکدا.
- هەوڵدانو کۆڵنەدان بۆ بەرەوپێشچوونو خزمەتکردن بە مرۆڤو مرۆڤایەتی.
- تێگەیشتن لەژیانو وەرگرتنی ئەزموون لە ڕابردوو.
- بەهێزبوونی گیانی هاوکاریو هاوخەمی لە گەڵ خەڵکدا.

(وەرگێڕ)

# لاسار

2009/01/25

- زۆر گوتن و درێژ دادڕی، مەودای بیرکردنەوە لەقسەکردندا کەمدەکاتەوە.
- مردن لەتەنیاییدا خۆشترە لەکات بەسەربردن لەگەڵ کەسانی لاسارو نەگونجاودا.
- تەقینەوەی ژوورێکی پڕ لەباڕووت، لەوانەیە ببێتە هۆی تێداچوونی چەند کەسێک، بەڵام وەقسەهاتنی کەسانی لاسارو دڵڕەق، دەبێتە هۆی ڕوخاندنی هزرو بیری چەندین کەس!
- خۆپاراستن لەکەسانی لاسار، درێژەدانە بەژیانێکی پڕ لەئاسایش.
- گوێگرتن لەقسەی لاسارەکان، جگە لەخەمو نائومێدی هیچ سوودێکی دیکەی نییە.
- لاسارەکان ئەگەرچی بەڕاستی دڕکی ژیانن، بەڵام هاندەری خۆشیو بەیەکەوە ژیانیشن بۆخەڵکی تر.
- لاسارەکان لەناخدا نەخۆشن، بۆیە پێیانوایە دەربڕینی هەر وشەیەکی ناخۆش کە لەدەمیانەوە دەردەچێت، لەئێشو ئازاریان کەمدەکاتەوە!
- لاسارەکان لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دا بزر بوون، بۆ دۆزینەوەی خۆیان ناچارن پەنا دەبەنە بەر دەربڕینی وشە ژەهراویەکان بۆ لەکەدارکردنی کەسایەتی کەسایەتیەکانو دەشزانن کە برینی ژەهری وشەکانیان درەنگ چاک دەبێتەوە. هەر ئەوەیشە کەدیمەنی ناشیرنیان لەبەرچاو دەمێنێتەوە.

- لاسارەکان هەر کاتێک کە وەدەنگ دێن، بەهۆی تەپو تۆزو وشەی تاڵو ژەهراوی کە لەدەمیانەوە دەردەچێت، سەرچاوەی پاکو بێگەردی بیری هاونشینەکانیان لێڵ دەکەن.

(وەرگێڕ)

# منداڵ

- ئەگەر کەمێک خۆشەویستی بەرامبەر بەمنداڵەکەت نیشانبدەی، ئەو چەندان بەرامبەر خۆشی دەوێی. (جان روسکن)
- باشترینو خۆشترین دەورانی ژیان ڕۆژگاری منداڵی یە، کەلەو تێپەڕبووین دەکەوینە ناو گێژاوی ژیان. (هوک)
- تاوانی منداڵان لەئەستۆی دایکو باوکانە. (پەندی ئەفریقی)
- منداڵی خراپ وەک پەنجەی شەشەم وایە، ئەگەر دەیبڕی ئازاری هەیەو بشمینێ ناشیرینە. (تودر شەهریار)
- پێش ئەوەی لە منداڵەکەت بدەی، خۆت دڵنیا بکە کەتاوان لە تۆنیە. (ئۆستین رمال)
- خۆزگە ئاژەڵ یان منداڵ بوومایەو داهاتووی خۆم نەدیبوایەو بیرم لەڕابردوو نەکردبایەوە، هەر تەنیا سەیری ئێستام کردبایەو خۆش ژیابام. (لابروير)
- منداڵی بێ باوک، وەک چوار دیواری بێ سەربانە. (پەندی ئەفریقی)
- ڕێگا مەدەن منداڵەکانتان زۆر بگرین، چونکە بارانی زۆر خونچە لەناو دەبا. (ژان پۆل)

# ئەرکی باوک

- دابینکردنی بژێو و بەدیهێنانی ئاواتو ئارەزووەکانی منداڵ، بەگوێرەی توانا
- پەروەردەیەکی دروست
- ناردنیان بۆ قوتابخانە
- ئامۆژگاری کردنیان بۆگرتنەبەری ڕێگای ڕاستو دوور خستنەوەیان  لە ڕێگای چەوت
- هەوڵدان بۆ پاراستنیان لە هاوڕێی خراپ
- هانداندانیان بۆ لەبەرچاوگرتنی داهاتوویەکی ڕوونو دیار
- تێگەیاندنیان بۆ گوێگرتن لە ئامۆژگاری شارەزاو خاوەن ئەزموونان
- زۆر خوێندنەوەو زۆر فێربوون
- هەڵبژاردنی پیشەیەک کە هۆی شانازی بێت، نەک شەرمەزاری
- ڕێز لێگرتنیان، تا ئەوانیش بە هەمان شێوە ڕابێن
- ڕاهێنانیان بە  پاکو خاوێنی و شێوەکانی تەندروستی
- جوان هەڵسو کەوت کردن لەگەڵیاندا، تا ئەوانیش هەڵسو کەوتیان جوان بێت
- یەکسانیو جیاوازی نەکردن لە نێوان کچو کوڕدا
- پاراستنی ڕەوشتو دوور کەوتنەوە لە هەڵەی نابەجێ
- ڕوو خۆشی لەگەڵ هەموو کەسێکداو لەدەست نەدانی ڕێـز
- خۆ دوور گرتن لە قسەی بێ ماناو بێ بایەخ، لە ناو کۆڕو کۆمەڵدا
- خۆ پاراستن لە درۆ کردنو پێداگرتن لەسەر ڕاستی، ئەگەر بەزیانیش تەواو بێت
- هەوڵدان بۆ زانست، هەر وەک چۆن بۆ ژیان

- **خوو نەگرتن بەخەو تا لەژیان دوا نەکەوین**

**رێنوێن**

**وەرگێڕ**

# تامو چێژ

- بەرلەوەی ژیانی خۆت لەگەڵ ژیانی خەڵکدا بەراورد بکەی، لەژیانی خۆت تام وەربگرە. (کندورسە)
- بۆ بەدونیا هاتنو لەدونیا دەرچوون هیچ چارەیەک نیە، کەوابوو باشتروایە لەونێوانەدا بە شادی بژین. (جۆرج سانتایان)
- چەندخۆشە کەمرۆڤ باری گرانی خۆی نەخاتە سەرشانی خەڵکی دیکە. (غ- ز)
- چێژێک کەلەگەڵ ئابڕووچوون تێکەڵاوبێ قەت پێیخۆشحاڵ مەبە، چونکە چێژەکە دەڕواو ئابڕووچوونەکەت بەسەر دادەبڕێ. (سوکرات)
- چێژی ژیان لەخەرجکردندایە نەک کۆکردنەوە، دەوڵەمەندی ڕاستی کەسێکە کەخەرج دەکا نەک ئەوەیە کە کۆدەکاتەوە. (جالزادە)
- میوەی کارکردن شیرینترین چێژی هەیە. (خواجە عەبدوللای ئەنساری)
- ویژدان هەرئەوکاتە چێژوتام دەبەخشێ کەپاکە. (پولن)
- کورترین چێژ، لەهەموو چێژێک شیرینترو بەتامترە.
- باشترین کەس ئەو کەسەیە کەزیاتر سوودی بۆخەڵک هەیە. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- لەبەرخاتری گوڵەگەنمێک هەزار گوڵەجۆ ئاو دەخواەوە. (پەندی کوردی)
- دڵت پاکبی تادڵان لەدەوری خۆت بکەی بە پەپولە. (کازم زادە ئیرانشەهر)
- هیچ شتێک وەک چاکەکردن مرۆڤ تێر ناکا. (ئەرستۆ)
- تاکە دیارییەکی بەنرخ کەهیچی تێناچێو هەرگیز لەبیرناکرێ، میهرەبانیو خۆشەویستی یە. (لارونس)

# پیاو

- پیاو بە کردەوە تاقیبکەرەوە نەک بەبەڵێن. (ئەفلاتۆن)
- زۆر بەکەمی پیاوێک پەیدادەبێ بەبێ شاهید چاکە بکا. (سەنگ)
- هەرکاتێ ویستت ژن بۆ کوڕەکەت بێنە، بەڵام کچەکەت کاتێ توانیت بەشووی بدە. (فرانکلین)
- ئەرکی ژنانە، کەلەکاتی ناخۆشیدا خەفەتی پیاوان کەم کەنەوە. (ناپلیۆن)
- پیاوی ڕاستەقینە ئەوەیە دوژمنەکانیشی باوەڕی پێبکەن نەک دۆستەکانی لێی بێزاربن. (سوکرات)
- پیاو کەچاکەی لەگەڵدا بکرێ، سەربەرزو خۆشحاڵدەبێ، بەڵام ناپیاو بە پێچەوانەوە، سەرشۆڕو خەمناک دەبێ. (وەرگێڕ)
- پیاوی زانا ئەو کەسەیە کەهەمیشە لەبیری فێربوونی زانستدابێ. (ڕۆسۆ)
- من کەدەگەڕێمەوە بۆ ماڵێ، هەموو خەمو خەفەتێکم لە بیر دەچێتەوە. (ئەرسۆن بۆدک)

# مردن

- ئەوەی دەبێتە هۆی ئازاردانی ئێمە ژیانە، نەخۆش کەمرد هیچ ئازارێکی نامێنێ. (میترلینگ)
- ئەوەی کەئێمە بەناوی مردن باسیدەکەین، ژیانێکە کەئێستا پێی نەگەیشتووین. (میترلینگ)
- دواشت کە لەلەشی ژندا دەمرێت زمانیەتی. (پەندی هندی)
- پیاوکوژ یەکجار دەکوژێت، بەڵام بوختانکەر هەزار جار. (پەندی چینی)
- ئێمە چ لەژیان دەزانین تا لەمردن بزانین. (کۆنفۆشیۆس)
- لە مردن مەترسن، چونکە ناخۆشیەکەی تەنیا لەترسانیەتیو هیچی دی. (سوکرات)
- زۆربەی خەڵک بۆ مردنێکی لەناکاو ئامادەترن تاسەرکەوتنێکی لەناکاو. (گیل فلان)
- ئەگەر مردن نەبوایە هەرگیز خووو ڕەوشت لەدونیادا نەدەبوو. (شاتوبریان)
- ئەگەر دەمانزانی کەی ڕۆژگار لەیەکترمان جیا دەکاتەوە، زۆر لەوە دڵسۆزتر دەبووین بۆ یەکتر. (حجازی)
- ئەگەر چاوەڕوانی دۆستایەتیت لەمردن هەیە، خۆت بۆ پێشوازی ئامادەبکە، ئەگەر بە دوژمنیشی دەزانی بۆ سەرکەوتنت بەسەریدا خۆت ئامادەبکە. (کوارلز)
- ئەگەر دەتزانی ئەوەی حوکمی مردنی دەدرێ چ ئارەزوویەکی هەیە بۆ گەڕانەوە بۆ ژیان، ئەوسا قەدری ئەو ڕۆژانەی ژیانی خۆتت دەزانی کەبەفیڕۆ بەسەرت بردووە. (ئەبوعەلی سینا)
- ئەگەر نەتوانین بەئازادی بژین، باشتر وایە باوەشمان بۆمردن بکەینەوە. (گاندی)
- ئەگەر مردن نەبووایە ژیان هیچ چێژی نەدەبوو. (مترلینگ)
- ئەگەر وازت لە هەوڵوتێکۆشان هێنا، لە ژیانیش وازدێنێ. (پەندی چینی)
- تۆپێم بڵی بەرلەهاتنە دونیات، لەکوێ بووی؟ تاپێت بڵێم دوای مردنت بۆکوێ دەچی (شۆپینهاوەر)

- لەدایکبوون سەرەتای مردنە. (ئێدوارد یانگ)
- کاتی مردن، تەواوی ئارەزووەکان زیندوو دەبنەوە. (پەندی ئیتالیایی)
- ژیانی مرۆڤ وەک شەونم وایە کەلەسەر پەڕەی گوڵ دەلەرزیّو دەکەوێتە خوار. (بودا)
- کە مردم دەستم لەتابووت بێننە دەرێ، تاهەموو کەس بزانێ بەوهەموو خۆماندو کردنەشەوە هیچم لەگەڵ خۆم نەبرد. (ئەسکەندەر)
- دوورکەوتنەوە لەخۆشەویستان لەمردن ناخۆشترە. (پەندی عەرەبی)
- ئێمە بەهۆی بابو با پیرانمانەوە هەزاران ساڵ لەم دونیایەدا ژیاوین، چونکە هەریەکێکیان چەندین ئەزموونو زانیارییان بۆ بەجێهێشتووین. (مترلینگ )
- هەرگیز ناهومێد مەبە، چونکە ناهومێدی واتە مردن. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- کە هاتمە دونیا، نەمزانی بۆچی؟ لە ژیانیشدا، نەمزانی چۆن دەژیم؟ ئێستاش کەدەمرم، هەرنازانم بۆ ؟ (پاسکال)
- مردن بەسەربەرزی زۆر لەژیانی سەرشۆڕی باشترە. (؟)
- ئازا ئەو کەسەیە کەتەنیا بیر لەژیان بکاتەوە، نەک مردن. (سپینۆزا)
- پیاوانی ناودارو ڕێزدار هەرگیز نامرن، چونکە گۆڕەکەیان لەدلێ ئەوانە دایە کەماون. (نوسیدید)
- مردن هاوڕێی خەڵکی ماندووە. (ئۆریانا فالاچی)
- مردن گرنگ نیە، گرنگترین خۆشبەخت نەبوونە. (هۆگۆ)
- زۆرکەس بەهۆی ڕاکردن لەترسی مردن گیانی لەدەستداوە. (شیلر)
- دەڵێن ڕۆژگار تێدەپەڕێ، بەڵام بەداخەوە کە وانیە، ئێمەین کەتێدەپەڕینو ڕۆژگار هەر لەجێگای خۆیەتی. (هافری دایس)
- نزیکترین شت مردنەو دوورترین شتیش ئارەزووە. (سوکرات)

- کاتێک مرۆڤ گومان دەکا کەپێویستی بەبەرەو پێشچوون نەماوە، دەبێ تابووتی خۆی ئامادەبکا. (دکتۆر ماردن)
- پیاوی پیر، کەژنی لاو دێنێ، بەپێکەنینەوە تەماشای مەرگ دەکا. (پەندی ئەڵمانی)
- هەرکاتێک ژیان هومێدی لێببڕێت، مردن نزیک دەبێتەوە. (ناپلیۆن)
- هیچ شتێک وەک کارنەکردن بکوژ نییە. (؟)
- تەنیاشتێک کەبەشێوەیەکی دادپەروەرانە لەنێوان هەمووماندا دابەشکراوە، مردنە. (فیلیپ)

# پرسو ڕا

- ئەگەر دەتەوێ کارەکەت بەجوانی بەڕێوەببەی، پرس بەکەسێکی بەتەمەن و بەئەزموون بکە. (پەندی چینی)
- پرسکردن بەکەسانێک کەهاوبیری تۆنین نیشانەی بێئەقلی یەو تاوانە. (کۆنفۆشیۆس)
- پێش ئەوەی کارێک بکەی پرسیار بکە، پێش ئەوەی هەنگاو هەڵێنی بیربکەوە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- پرس بەهەزار کەس بکە بەڵام ڕازو نهێنیت لەلای کەس دامەنی. (؟)
- پرس بەوکەسە بکە کەدەتگرێنێ، نەک ئەوەی دەتهێنیتە پێکەنین. (پەندی تاجیک)
- ئەگەر شەیتان نەیتوانی بچێ بۆ ماڵێک لەپێشدا خواردنەوە ڕەوانەدەکا. (؟)

# گەل‌و نیشتیمان

- سەربەخۆیی گەلان تەنیا بەڕەوشتی بەرز دەپارێزرێت. (؟)
- هیچ کارێکی گەورە بەبێ بیرلێکردنەوە جێبەجێ ناکرێت. (؟)
- ئەو نەتەوەیەی لەمردن نەترسێ هەرگیز نامرێ. (؟)
- ئەگەر لەنیشتمانەکەت بەردبباریێ‌و لەهەموو وڵاتانی دونیاش زێڕ بباریێ، هەر واباشە لە وڵاتی خۆتدا بمێنیتەوە. (پەندی ئەفریقی)
- ئەگەر دەتەوێ بزانی نیشتمانەکەت چەند خۆشە، بۆ ماوەیەک لێی دوورکەوە. (روسی)

# میوان

- ئەگەر سفرەیەک میوانی لەسەرنەبێ وەک ئەوە وایە کە خواردنەکە خوێی تێدا نەبێ، میوان خوێی سەرسفرەیە. (؟)
- هەرگیز لەبەرچاوی میوان منداڵەکەت تەمبێ مەکە. (؟)

# گەورە پیاوان

- ئەوەی پیاو بەورە دەکا سەرکەوتنە. (ناپلیۆن)
- لاسایی خەڵک مەکەوەو خۆت بناسە، ئەوەی هەی هەر ئەوەبە، وادابنێ لەدونیادا هیچ کەسی وەک تۆ نیە. (دیل کارنگی)
- کەسانێک کەدەیانەوێ ڕێزت کەم بکەنەوە، خۆت دوور بگرە، کەسانی هیچو پووچ هەر ئەوە پیشەیانە، ئەمە لەکاتێکدایە کە کەسێکی خاوەن پلەوپایە دەیەوێ کارێکی وابکا، کەتۆ نیازت هەیە ڕۆژێک تۆش بەگەورەیی بگەی. (مارک تواین)
- وەدەستهێنانی ناوی گەورە، لە پاراستنی ئاسانترە. (؟)
- لەگەڵ مرۆڤی گەورە هاونشین بەو لەگوڵستانی ئەواندا وشەی جوان بچنە. (سەعدی)
- گەورەیی لەوەدایە کەئاسایشو خۆشی خۆت قوربانی خەڵک بکەی. (سەعید نەفیسی)
- بۆ مرۆڤی بەتوانا هیچ بارێک گران نیە، بۆ بازرگانان هیچ ڕێگایەک دوور نیە، بۆ زانایان هیچ حکومەتێک بێگانەنیە، بۆ قسەخۆشان هیچ کەسێک دوژمن نیە. (پەندی چینی)
- چەند گەورەیە ئەو کەسەی کەدان بەکەموکوڕییەکانی خۆیدابنێ. (پەندی ئینگلیزی)
- لەوانەیە چەند سەدەی دیکە تێپەڕێو بیرکەرەوەیەکی وەک میترلینگ پەیدانەبێتەوە. (ئەنیشتاین)
- دەتوانی کەسایەتیو پلەوپایەی هەرکەسێک لەژمارەی دوژمنەکانیەوە تێبگەی. (ناپلیۆن)
- چەند پیاوێکی گەورە بەسن بۆ ناوبانگی نەتەوەیەک. (ناپلیۆن)
- تەمەن ئەوەندە کورتە، ئەوە ناهێنێ پیاو خۆی کەمو بێ نرخ بکا. (؟)
- پیاوی گەورە لەکردەوەی باشی خەڵک سوود وەردەگرێ نەک لەکردەوەی خراپیان. (کۆنفۆشیۆس)

- مرۆڤی گەورە، وەک هەڵۆی بەرزەفڕ، هێلانەی خۆی تەنیا لەشوێنی بەرز دروست دەکا. (شۆپینهاوەر)
- پیاوی گەورە، سامو هەیبەتی هەیە، بەڵام لەخۆبایی بوونی نیە، پیاوی بچووکیش لەخۆبایی بوونی هەیەو هیچی دی. (کۆنفۆشیۆس)
- مرۆڤی مەزن لەکاری خۆیان بەولاوە باوەڕیان بەهیچ شتێکی دیکە نیەو داوای یارمەتیش لە کەس ناکەن. (کۆنفۆشیۆس)
- پیاوانی گەورە وەک مۆم وان، کەدەسوتێن دونیا ڕووناک دەکەنەوە. (ناپلیۆن)
- پیاوانێک هەبوون بۆ گەیشتن بەسەربەرزی، تەنانەت گیانی خۆشیان لەدەستداوە. (کۆنفۆشیۆس)
- خەڵکی بێ نرخ چێژ لەهەڵەکانی پیاوەگەورەکان وەردەگرن. (شۆپینهاوەر)
- پیاوی گەورە درەنگ بەڵێن دەداتو زوو جێبەجێی دەکا. (کۆنفۆشیۆس)
- من بۆشادیو خۆش ڕابواردن نەهاتوومەتە دونیا، بەڵکوو هاتووم کاری گەورەو شایستە جێبەجێ بکەم. (بتهۆڤن)
- ناودارانی دونیا دلێرترین کەسن. (سیرون)
- بەبیَ ئازار دیتن هەرگیز بە گەورەیی ناگەی. (سیرون)
- یەک کاتژمێر ژیانی سەربەرزیو پڕ شانازی، لە یەک سەدە ژیان بەبێ ناوی باشترە. (والتەر سکۆت)
- پیاوی گەورە کەموکوڕی پیاوی بچووک نابینێ. (پەندی چینی)

# نوسەر

- شانازی لەوە دایە مرۆڤ کارێک بکا کەشایانی نووسین بێ، شتێک بنووسێت کە شایانی خوێندنەوە بێو وەها بژیت کەدونیا بۆ ژیان باشتربکا. (بوفن)
- ئەگەر نوسەر خەڵکی خۆشنەوێت، خوێنەرانیش حەز لە نووسینەکانی ناکەن. (کولیە)
- مرۆڤ هەر نەیەتە سەر دونیا باشترە، نەک بێتە سەردونیاو نیشانەیەکی لەپاش بەجێ نەمێنێ. (ناپلیۆن)
- بۆ کەسێک کەبتوانێ باش بنووسێ، دەبێ بچێ لەوڵاتێکی ئازادا بژیت.(ڤۆلتێر)
- باشوایە لەقسەکردنو نووسین پەلەنەکەین تائەو کاتەی کە وشەیەک دەدۆزینەوە باشتر مەبەست بگەیەنێ. (حجازی)
- زۆر بیربکەرەوە، کەم قسە بکە، باش بنووســـە. (؟)
- قەڵەمی نوسەرانی زانا، لە خوێنی شەهیدان بەرز و پیرۆزترە. (عەلیکوڕی ئەبوتالیب/ع)
- هەر زانیارییەک نەخرێتە سەر کاغەز لەناودەچێ. (پەندی عەرەبی)
- هەرکاتێک تەختەکەم کەمێک دەلەرزێ، واهەست دەکەم نوسەرێکی ئازاو نەترس قەلەمی بەدەستەوەگرتووە. (یەکێ لە پاشایانی فەڕەنسی)
- نوسەر ئەو کەسەیە کەکۆمەڵ لەپلەی نزمەوە بۆ پلەی بەرز ببا . (عومەر خەییام)

# چاکە

- هەرکەسێک مالی من بدزێت شتێکی بێ نرخی دزیوە، بەڵام ئەوەی ناوی باشی من بدزێت بەشێک لە منی دزیوە کەئەو دەوڵەمەندناکا، بەڵام لەڕاستیدا لەنرخی من کەم دەکاتەوە. (شکسپیر)
- باش ئەو کەسەیە کە باش بڵێ، لە باش باشتریش ئەوەیە کەچاکە بکا. (؟)
- لەگەڵ خەڵکی خراپدا چاکە بکە، تاپێش لەخراپەی ئەوان بگری. (عەلی کوڕی ئەبوتا- لیب/ ع)
- لەگەڵ خەڵکی باشدا هەرگیز خراپە مەکە، چونکە ئەوان لەچاکە کردن بێزار دەکەی. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- لە هەموو ڕێگایەکدا کەدەتوانی، لەهەموو جێگایەکدا کەدەتوانی، لەهەموو کاتێکدا کە دەتوانی، لەگەڵ هەموو کەسێکدا کەدەتوانی، تائەو جێگایەی کەدەتوانی، هەر چاکەبکەو بەس. (جانولی)
- خراپەکانمان بەیادگاری بۆ جێدەمێنن‌و چاکەکانیشمان لەگەڵ دێنە ناوقەبر. (شکسپیر)
- باشترین زەخیرەی بەیانی، کاری باشی ئەمڕۆیە. (؟)
- باشترین هۆ، بۆ ڕاکێشانی دڵی خەڵک چاکە کردنە. (ڕۆسۆ)
- باشترین کەس ئەو کەسەیە کەبەرامبەر بەهەموو کەس چاکە بکا. (کۆنفۆشیۆس)
- بەبێ ئەوەی خۆت لەناو ببەی، یارمەتی خەڵک بدە. (پەندی ئەفریقی)
- کەسانی باش، خۆشی‌و چاکەیان هەر بۆخۆیان ناوێ، چونکە لەخۆپەرستی بێزارن‌و هەوڵ دەدەن خووی باش، هەموو دونیا بگرێتەوە. (سیرون)
- پیاو ئەو کەسەیە لەهیچ پلەو پایەیەکدا ئازار بەکەس نەگەیەنێ. (محەمەد کوڕی عەلی تورمزی)
- تاوانبار ترین کەس ئەوانەن کەعەیبی خەڵک دەبینن. (بایگون)

- وا باشە هەموو شەو کاتی خەوتن لەخۆم پرسیار بکەم: ئەمڕۆ چ خرا پەیەکم کردووە، بیرم لەچی کردۆتەوە، یان هەستم بەچی کردووەو چ کارێکی باشم ئەنجامداوە. (پارکەر)
- تەماشای ئاوێنە بکە، ئەگەر وێنەت جوانە، کارێک بکە کەلەشێوەی خۆت بوە شێتەوە، خۆ ئەگەر شێوەشت ناشیرینە، بەخراپە ناحەزترو ناشیرینتری مەکە. (ئەفلاتۆن)
- دیکتاتۆرەکان لەجۆرە بنەماڵەیەک لەدایکدەبن کەهەرگیز دەستووریان پێنادرێت بۆ ئەنجامدانی کارێکی باش. (هانری)
- شەڕ بەشەڕ ناکوژێتەوە بەڵکوو بەچاکەو ئاشتی کۆتایی دێت، هەروەک چۆن ئاگر بە ئاگر ناکوژێتەوەو بە ئاو کۆتایی دێت. (؟)
- کەموکوڕی بچووک بەکەم مەگرە، چونکە وەک دوژمنی بچووک وایە کەبەردەوام زیان بە مرۆڤ دەگەیەنێ. (؟)
- ئەوەی نەتوانێ وەک دۆست چاکەت لەگەڵدا بکا، لەدەستی دێت وەک دوژمن خراپەت لەگەڵدا بکا. (پەندی هیندی)
- چاکە، چ خراپەیەکی هەبوو کەنەتکرد. (؟)
- هەر چاکەیەک کەلەگەڵ نزیکانی خۆتی دەکەی دڵنیابە کەلەگەڵ خۆتت کردووە. (؟)
- هەرکەسێ هاونشینی نەزان بێ چاکە نابینێ. (سەعدی)
- دۆستی باش لەڕۆژی تەنگانەدا دەناسرێ. (؟)
- ئەو کەسەی لەکاتی بەتواناییدا چاکەنەکا، لەکاتی بێتواناییدا سەختی دەبینێ. (سەعدی)

# ویژدان

- ئەگەر ویژدانی پاکت هەیە بۆ خەم دەخۆی؟ مەگەر چیدیت دەویٚو لەچیت کەمە. (پەندی هیندی)
- ڕاستی ئەوەیە پێش ئەوەی کەمرۆڤ ببێتە خاوەنی ویژدان، ویژدان خاوەنی ئەو بێ. (دورنر)
- زانست بەبێ ویژدان جگە لەوێرانی، هیچی دیکە نیە. (داجد)
- زانای بێ ویژدان هەرگیز نابێتە خاوەنی گیانێکی پاک. (راجلە)
- لەناو سینگی ئێمەدا خودایەک هەیە کە ناوی ویژدانە. (شکسپیر)
- ئەوەی خاوەن ویژدان بێ شەوانە زوو دەخەوێ. (پەندی ئەفریقی)
- مرۆڤی خاوەن ویژدان هەمیشە شادە. (پەندی چینی)
- مرۆڤی بێ شەرم ویژدانیشی نیە. (پەندی ئەمریکی)
- کەسانی خاوەن ڕەوشت، بەزۆری خاوەنی ویژدانی پاکن. (ئیسمایلز)
- مامۆستای کەموکوڕیەکانی خۆتو قوتابی ویژدانی خۆتبە. (ئەرستۆ)
- هەمیشە گوێ لەهاواری ویژدانت بگرە. (ناپلیۆن)
- ویژدان، ویژدان، ئەی پێویستترین هاوڕێی ئینسان. (کروپ)
- ویژدان دەنگی خوایەو لەناو دڵی مرۆڤدا دەردەچێ. (لامارتین)
- ویژدانی خراپ مرۆڤ ترسنۆک دەکا. (پەندی ئەفریقی)
- یەکەمین ئەرکی سەرشانمان ئەوەیە کە سوودمان بۆخەڵک هەبێ. (؟)
- خراپترین کەس لەجیهاندا ئەو کەسەیە کەئەرکی خۆی دەزانێو جێبەجێی ناکا. (هێنری مارتن)
- ئەوانەی کەئیرادەی بەهێزیان هەیە، لە هیچ کاتێکدا دەستەوەستان دانامێنن. (لۆتەر)
- گەورەترین ئەرکی مرۆڤ ئەوەیە، کەبەرامبەر بەهیچ کەسێک بیرلە خراپە نەکاتەوە. (؟)

# کێن ئەوانەی دڵیان شادە؟

م. پشدەری

2010/12/01

- کەسێک کە هیچ نازانێ و پێیوایە هەمووشتێک دەزانێ.
- کەسێک کەهیچی نەخوێندووەو پێیوایە زانست هەر ئەوەندەیە کەلای ئەوە.
- کەسێک کەتەنیا لاف بەڕابردووە لێدەداو بەخەیاڵەوە ژیان بەسەردەبا.
- کەسێک کە هەمیشە بەدوای خەڵکی ناودارا دەگەڕێ، بۆئەوەی خۆی دەربخا.
- کەسێک کە لەهەموو کەسێک نزیک دەبێتەوە، بەڵام بەبێ بیرکردنەوە.
- کەسێک کە بەبێ خۆماندووکردن، هەوڵی پلەوپایە دەدا.
- کەسێک کە هەمیشە درۆ لەگەڵ خۆیدا دەکاو لێیبووە بەڕاستی.
- کەسێک کەبەردەوام فێڵ لەخەڵک دەکاو پێیوایە ژیان هەر ئەوەیە کە ئەو پلانی بۆ داناوە.
- کەسێک کەبەردەوام بەدوای پارەدا دەگەڕێ و بیر لەهیچی دیکە ناکاتەوە.
- کەسێک کە هەمیشە ئاشقەو خۆشەویستی سەرتاپای دڵ و جەستەی داپۆشیوە.
- کەسێک کە هاوژینێکی دڵسۆزی هەیەو بیر لەچاکەو خراپەی هیچ کەسێک ناکاتەوە.
- کەسێک کە ویژدانێکی ئاسوودەی هەیەو هەرگیز بیر لەستەم ناکاتەوە.
- کەسێک کەمنداڵی باشی هەیەو داهاتوویان بەگەشیی دەبینێ.
- کەسێک کە هاوڕێی باشیی هەیەو منەتی لەسەر ناکا.
- کەسێک کە هاوڕێی خۆپەرستی هەیەو لێێ دوور دەکەوێتەوە.
- کەسێک کەهیچ شتێکی ناخۆش لەناو دڵیی خۆیدا ناهێڵێتەوە.
- کەسێک کە لەپێناو هیچ بەرژەوەندییەکدا، سەر بۆهیچ کەسێک نەویناکا.

- کەسێک بەوەی کەهەیەتی رازییەو چاوی لەماڵی هیچ کەسێک نییە.
- کەسێک کە بەردەوام بۆ ئاشتی هەوڵدەداو دژی ئاژاوەیە.
- کەسێک کەخاوەنی دڵێکی پاکەو خۆی بەسەر کەسدا فەرز ناکا.
- کەسێک کە شانازیی بەنەتەوەکەی خۆیەوە دەکاو نیشتیمانەکەی هەرگیز لەبیر ناکا.

هەرکەس بەجۆرێک دڵیی شادە، هیوادارم راستی و نیەت پاکیی بەردی بناغەی ژیانی هەر تاکێک بی.

# کات

- ئەگەر بەڕاستی ژیانت خۆشدەوێ هەرگیز کات لەدەستمەدە، چونکە ژیان لەکات پێکها تووە. (فرانکلین)
- لە زانایێک پرسیار کرا چۆن ئەم پلەیەت بەدەستهێنا؟ گوتی: کاری ئەمڕۆم نەخستۆتە بەیانی. (؟)
- بەهۆی یەک هەڵە تەمەنێک خەفەت دەخۆی. (پەندی چینی)
- هەندێک لەدایکو باوکان هەموو شتێک قوربانی منداڵە کانیان دەکەن تەنیا کات نە بێ . (مۆرس سایتەر)
- پێنج شت لەپێش پێنج شتدا بەتاڵان بزانە: 1- لاوێتی پێش پیری، 2- تەندروستی پێش نەخۆشی، 3- بێ نیازی پێش هەژاری، 4- ئاسوودەیی پێش گرفتاری، 5- ژیان پێش مردن. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- تا ئەو کاتەی ئاسن گەرمە دەبێ بیکوتی. (پەندی ئەڵمانی)
- ڕۆژگار لەگەڵ کەسێکدا کەبزانێ کات چۆن بەڕێوە دەبا زۆر دڵسۆزە. (لۆرد ئاڤیبۆری)
- تۆ کات لەدەست نادەی، ئەوە کاتە تۆ لەدەست دەدات .(جی مۆلەر)
- تۆ کە نەزانی ئەمڕۆ چ ڕوو دەدات، چۆن شانازی بەسبەینێ وە دەکەی. (سلێمان برنا)
- نەمساوی یەکان، نرخی کات نازانن بۆیە هەمیشە تووشی شکست دەبن. (ناپلیۆن)
- هەرگیز نرخی ڕۆژانی خۆشبەختی خۆمان نازانین تائەو کاتە بۆ هەمیشە لەدەستی دەدەین. (تۆماس ولف)
- هەمیشە لە ژیاندا هەل دەدۆڕێنینو چاوەڕوانی هەلێکی دیکە دەکەین. (حجازی)
- ئەگەر درەنگیش بگەی باشترە لەوەی کەهەرگیز نەگەی. (پەندی ئینگلیزی)

- یەک مەتر زێڕ، ناتوانی یەک مەتر کات بکڕێت. (پەندی چینی)
- یەک سەعاتی بەیانی لە دوو سەعاتی شەو باشترە. (پەندی ئەفریقی)

# هیواو ئارەزوو

- ئەگەرچی هیواو ئارەزوو ڕیشەی ژیانی ئێمە دەسووتێنن، بەڵام هەر ئەوانیشن کەڕیشەی ژیانی ئێمەن. (تیلی)
- داهاتوو پەیوەندی بەکەسێکەوە هەیە، کەئارەزوویەتیو باوەڕی پێی هەیە. (مترلینگ )
- لەدەستدانی هیوا، لەدەستدانی زۆر شتە. (پەندی ئیسپانی)
- لەدەستدانی هیوای پووچو ئارەزووی خەیاڵی، سەرکەوتنو بەرەوپێشچوونێکی زۆر گەورەیە. (شکسپیر)
- ئەگەر دەتەوێ بەخۆشبەختی بژی پێش ئەوەی بۆخەڵک ببی بەپەند، لەخەڵک پەند وەرگرە . (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- ئەگەر دەتەوێ سەرکەوی هیوادار بە. (؟)
- ئەگەر ڕۆژگار پلەوپایەی دابەزاندی ناهومێد مەبە، ئەی نابینی خۆر لەکاتی خۆر ئاوا بووندا دادەبەزێو بۆ ڕۆژی دوایی دووبارە سەردەکەوێتەوە؟ (ئەفلاتۆن)
- ئەگەر مرۆڤ خەونو هیوای لێقەدەغە بکرێن، دەبێتە بەدبەختترین بوونەوەری سەرزەوی. (کانت)
- ئەوەی بەرەو ئارەزووەکانی هەنگاوینێ، ڕۆژێک دادێت کەپێیان بگات. (؟)
- ئەگەر دەتەوێ بەختەوەربی، لەوە زیاتر ئارەزوو مەکە، کەبۆت دەکرێو دەگونجێ. (لارشوفوگولە)
- ئەگەر تائێستا بەنیوەی ئارەزووەکانت گەیشتووی، بێگومان دووبەرامبەر زەحمەتت دیوە. (ئیبسن)
- ئەگەر هیواو ئارەزوو نەبایە، هیچ دایکێک شیری نەدەدایە منداڵەکەیو هیچ باخەوانێک نەمامی نەدەچاند. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- هیوا خۆراکی ڕۆژانەی لێقەوماوانە. (؟)

- هیوا دەرمانێکە، ئەگەر چارەسەریشت نەکا ئازارت کەمدەکاتەوە . (مارسل)
- هیواو ئارەزوو لەژیانی مرۆڤدا هێندەی باڵ بۆباڵداران گرنگە. (هۆگۆ)
- پێویستە بەهیوای بیرکردنەوەو هەوڵدانی خۆمانبین، نەک بەختو چارەنووس. (حجازی)
- جاروایە بۆگەیشتن بەئارەزوویێک، دەبێ چەندین ئارەزووی دیکە بکرێنە قوربانی. (؟)
- باشترین هۆ بۆسەرکەوتنی مرۆڤ، هیواو ئارەزووە، ئەگەر دەتەوێ سەرکەوی هیوادار بە. (؟)
- ترسو هیوا لەیەکدی جیاناکرێنەوە، هیوابەبێ ترسو ترس بەبێ هیوا نابێ. (لارشفۆگۆلە)
- کاتێک لەگەڵ دۆستاندا کات بەسەردەبەین، هیچ ئارەزوویێکی دیکەمان نیە. (لابروییر)
- هەرچەندە ئارەزووت کەمتربن، ئەوەندە کەمترهەست بەخەمو خەفەت دەکەیت. (پلوتارک)

# ئازادی

هەرکەسێک خۆشی خۆی لەناخۆشی خەڵکدا ببینێ، هەرگیز خۆشی نابینێ. (بودا)

- ئازادی مرۆڤو منداڵی نەزان، دەبێتە هۆی لەناوچوونیان . (مەسعود محەمەد)
- ئازادی ڕاستەقینە ئەوەنیە کەهەرچی پێمانخۆشبوو بیکەین، بەڵکوو ئەوەی هەقمانە بیکەین. (ڤیکتۆر کۆزن)
- ئازادی شتێکی تاکەکەسی نیە، بەڵکوو مافی هەموو کەسێکە. (هۆبۆت سپێنسەر)
- ئازادی تەنیا لەدونیای خەیاڵدا هەیە. (شیللەر)
- کاتێک ئازادی ئێمە دەستپێدەکا، کەهەموو کەسێک ئازادبێ . (هۆگۆ)
- ئازادی هیچ کاتێک چاوەڕوانی ئێمەناکا، ئێمە دەبێ بۆ وەدەستهێنانی بەدڵو گیان درێخی نەکەین، ناتوانین لەناو مێژوودا جێگایەک پەیدابکەین کەئازادی بەئاسانی وەدەستهاتبێ. (ئەمرسۆن)
- هەرکەسێک خاوەنی خۆی نەبێ ئازاد نیە. (پیکتوس)
- هەرنەتەوەیەک هەرشتێک لەئازادی بەباشتر بزانێ، هەموو شتێکی لەدەستداوە. (سامرت موئم)
- مرۆڤ  تاکاتێک زوڵمو چەوسانەوە نەبینێ، نرخی ئازادی نازانی. (؟)
- مرۆڤ هەر لەو کاتەوە ئازادە کەبڕیاری ئازادی دەدات . (ڤۆلتێر)
- سامانو ئازادی ئەگەر قەدریان نەبێ لەدەستدەچنو ڕادەکەن. (پەندی ئەڵمانی
- کەسێک تەنیا لەگیانی خۆی چاوپۆشی بکا شایانی ئازادیو تەندروستی نیە. (فرانکلین)
- ئەوانەی دژی ئازادی خەڵکن خۆیان شایانی ئازادی نین. (لینکلن)
- ئەو پیاوەی ژنێکی دەوڵەمەند دێنێ، ئازادی لەدەستدەچێ. (منتسکیۆ)

- مرۆڤ کاتێک لەبەندیخانەیە، ناخۆشترین بیرەوەریشی بەلاوەشیرینە، چونکە ئەو ڕووداوانە لەدەرەوەی بەندیخانە ڕوویانداوە. (؟)

# کۆمەڵ

- هەرشتێکی بەخۆتی ڕەوا نابینی بەخەڵکیشی ڕەوا مەبینە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ع)
- ئەگەر پەتێک لەملی کەسێک گرێبدەی، سەرەکەی دیکەی ملی خۆت دەگرێتەوە. (ئەمرسۆن)
- تۆ کە پەیڕەوی لەخەڵکی نەکەیت، بۆ دەبێ خەڵک پەیڕەوی لەتۆ بکا؟. (سەعید نەفیسی)
- لەدونیادا کەسانێکی خەوتوو هەن، کەخەبەر کردنەوەیان وەک خەبەر کردنەوەی ئەژدیها وایە. (ناپلیۆن)
- با هەوڵبدەین هەر ئەوە بکەین کەدەیڵێین. (دیلکارنگی)
- ئەوکەسە شایانی فەرمانڕەواییە کەخەڵکی دیکەی وەک خۆی خۆشبوێ. (ئاییني تائۆ)
- هیچ شتێک لەتەنیایی‌و بێ پەنایی ناخۆشترو ترسناکتر نیە. (حجازی)

# بەرژەوەندی پارێز

- لەبەر خاتری مرۆڤی بەرژەوەندی پارێز و ناڕاست نە دۆستایەتی کەس بکەو نەدژایەتی هیچ کەسیش، لەبەر ئەوەی ناڕاستەکان ناتوانن لەگەڵ هیچ کەسێکدا دڵسۆز بن، کەوابوو بۆ پشت پێ بەستن نابن و هەردەم لەکەمیندان بەرامبەر بە هەموو کەسێک.
- زمان لووسەکان کە لێت نزیک دەبنەوە دەبێ لە هەموو کاتێک زیاتر وریای خۆت بی.
- ڕێز لەو کەسە بگرە کە لەکاتی تەنگانەدا پشتت بەرنادات.
- بترسە لەو کەسەی کە لەدۆستو هاوڕێ نزیکەکانت دوورت دەکاتەوە.
- لە - گا- بترسە کە لەبەردەمی دا بووی، لە - گوێدرێژ - بترسە کە لەدواوەی بووی، لە - فێڵباز - بترسە لەهەر لایەکیەوەبی. (ئیرلەندی) وەرگیراوە لە سایتی پشدەر
- باوک کەنزیکترین کەسی منداڵە، دۆستەکانی باوکیش بەهەمان شێوە دادەنرێن. کەوابوو ڕێزگرتن لە دۆستەکانی باوک، ڕێزگرتنە لە باوک، ڕێز گرتنیش لە باوک، لەبەرچاوگرتنی داهاتوویەکی پڕشنگدارە.

(وەرگێڕ)

# ڕەوشت

- ڕەوشت بەرزی، گەورەترین داهاتی ئێمەیە. (ئیسمایلەر)
- ڕەوشتی بەرز، شتێکی ئامادەکراو نیە، بەڵکوو ڕۆژ بە ڕۆژ، وردە وردە دروستدەبێ. (ئەرنەلیال)
- ڕەوشتبەرزی دەتوانێ جێگای زانستو پلەو پایەو ماڵو سامانو جوانیو هەموو شتێکی دیکە بگرێتەوە، بەڵام هیچ شتێک ناتوانێ جێگای ڕەوشتبەرزی پڕ بکاتەوە. (حجازی)
- ڕەوشت بەرزی لەیاسا گرنگترە، چونکە یاسا لەهەموو شوێنێک لەگەڵتدا نیە، بەڵام ڕەوشتی بەرز تایبەتە بە خۆتو لە هەموو شوێنێک هەر لەگەڵتدایە. (ئیسمایلەر)
- مرۆڤی ژیرو ڕەوشت بەرز، هەرگیز وشەیەکیان بەسەر زماندا نایەت کەهەستی خەڵک بریندار بکا. (ئیسمایلەر)
- بنەچەکە (ئەصلیت) هۆی خۆشبەختییە، بەڵام باشتر وایە ڕەفتارمان بەشێوەیەکبێ کە پێویست نەکا پرسیاری بنەچەکەمان لێبکرێ (لابرویز)
- ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ خۆی بەرەو پێش ببا بوونەوەرێکی زۆر بێهێزە. (داینەر)
- ئەگەر مرۆڤ خۆی لەتاوانی بچووک نەپارێزێ، بەرەبەرە وایلێدێت تاوانی گەورەش بکا. (عیسای مەسیح- د)
- هەندێک خاسیەت هەن لەهەندێک کەس زۆر ناشیرینە: بێبەزەیی لەدەستەلاتدار، تەماح لەزانایان، تەمبەڵی لەلاوان، خۆڕازاندنەوە لەپیرانو بەدڕەوشتیش لەهەموو کەس. (؟)
- مرۆڤی بەدڕەوشت، وەک کاسەو گۆزەی گڵ وایە، زۆر زوو دەشکێو هەرگیز جێگەی خۆی ناگرێتەوە. (پەندی سانسکریتی)
- تەنیا بەڕەوشتی باش دەتوانی خۆشبەختی بکڕی. (زنون)

- بەدڕەوشت بەدەست دوژمنێکەوە گرفتارە کەبۆ هەرجێگایەک بچێ لەیەخەی نابێتەوە. (سەعدی )
- باشترین میرات کەدایکو باوک بتوانن بۆ منداڵەکانیان بەجێی بێڵن پەروەردەی دروستە. (سیرون)
- ئەوەی بیەوێت سەرکەوێت دەبێ بەرلەهەمووشت ڕەوشتی خۆی پەروەردە بکا. (ئەبرهۆیۆت)
- جۆرێک بە، کەبتوانی بەهەرکەسێک بڵێی وەک من بە. (کانت)
- تەماح، ترس، نەنگیو قەرز چوارشتن کەدەبنە هۆی هیلاکی گیانی مرۆڤ . (؟)
- خووی خراپ جۆرە گوناهێکە، کەهیچ چاکەو خواپەرستییەک لەگەڵیدا سوودی نیە، خووی باش جۆرە چاکەو خواپەرستیەکە کەهیچ گوناهێک کاری تێناکا. (؟)
- ڕەوشتی باش پەڕوباڵی مرۆڤە. (؟)
- کارەناحەزەکانی بەدڕەوشتی ئەگەر وازیشیان لێ بهێندرێت، وەک برینی سوتاو وایە شوێنەوارەکانیان هەردەمێننەوە. (دیلکارنگی)
- سەربەرزیو هەڵپەرستی لەیەک شوێندا کۆنابنەوە. (هەربرت)
- سەربەرزیو ڕەوشتپاکی وەک تیروایە کە لەکەوان دەرچوو گەڕانەوەی بۆ نیە. (؟)
- کەسانی ڕەوشت بەرز دڵی کۆمەڵی خۆیانن. (ئەمرسۆن)
- نامەردی لەگەڵ مرۆڤدا، هەزاران کەس تووشی شینکردن دەکا. (دایرتبرنز)
- سەپاندنی بیروباوەڕ بەسەرخەڵکدا، هەم بێهودەیەو هەم تاوانە. (جانکایزل)
- ئەوەی تایبەتمەندی باشی هەبێ هەرگیز تەنیا نابێ چونکە دۆستی باش بۆخۆی دروست دەکا. (کۆنفۆشیۆس)
- میللەت بەبێ رەوشت، ڕەوشت بەبێ بیروباوەڕ، بیروباوەڕ بەبێ تێگەیشتن ناگونجێن.

(سەید جەمالەدینی ئەسەدئابادی)

- من هەمیشە دەمەوێ تێکەڵاوی کەسانی ڕەوشت بەرزو خانەدان بم، تالێیان فێری زانست بم. .

(شکسپیر)

- مرۆڤ ناتوانێ بەماڵو سامان هەموو کەسێک ڕازی بکا، بەڵام بەڕەوشتی بەرز دەتوانی.

(محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)

- کە سامان لەدەست دەرچوو هیچشتێک لەدەست نەچووە، کەتەندروستی لەدەست چوو شتێک لەدەست چووە، بەڵام کەڕەوشت لەدەست چوو، هەمووشتێک لەدەست چووە . (؟)
- ئەگەر ویستت لەڕەوشتی کەسێک بگەی سەرنجی دۆستەکانی بدە. (پەندی ژاپۆنی)
- کەمێک ئەقل، کەمێک لێبوردنو چاوپۆشی لێکردن، کەمێکیش رووخۆشیتان هەبێ، ئەوسا بۆتان دەردە کەوێ چەند ئاسوودەو خۆشبەختن . (سامرست مۆم)

# هاوسەرگیری

- هاوسەرگیری وەک ناوکی بادامە، تانەیخۆی نازانی تاڵە یان شیرینە. (؟)
- مرۆڤ لەبەر بێحەوسەڵەیی تووشی تەلاق دەبێ، بەڵام لەبەر بێ مێشکی تووشی ژنهێنان دەبێتەوە. (مارسل پرانئو)
- ژن هێنان وەک شووتی وایە، جارێک باشە، کەبوو بەچەندجار خراپ دەردەچێ. (پەندی ئیسپانی)
- زوو ژن هێنان هەڵەیە، درەنگ ژن هێنانیش هەڵەیەکی گەورە ترە. (پەندی فەرەنسی)
- کەبۆ ژن هێنان دەچیت، لەو کاتەی کەبۆشەڕ دەڕۆیت پتر ئازایەتیت پێویستە. (گریستسن)
- کەقوماش دەکڕی جوان سەیری بکە، بەڵام کەدەتەوێ ژن بێنی یەکەمجار لەدایکی بکۆڵەوە. (پەندیئازەری)
- دایکێ ببینەو دۆتێ بخوازە. (پەندی کوردی)
- ژنو مێرد ئەگەر یەکتریان بوێت دەتوانن لەکەلاوەیەکیشدا بژین. (پەندی ئەڵمانی)
- ژن وەک کێوی بەرز تەنیا لەدوورەوە دیمەنیان جوانە. (پەندی ژاپۆنی)
- جوانی ئافرەت چ بۆخۆیو چ بۆخەڵکی دیکەش، ڕێک وەک چەقۆی تیژ بەدەست منداڵانەوە وایە. (پەندی عەرەبی)
- پیاو کەژنی هێنا، خەت لەڕابردووی خۆی دەدات، بەڵام ژن کەشووی کرد خەت لەداهاتووی خۆی دەدات . (سنیکار لویس)
- گوێڕایەڵی پیاوەکەتبە، تائەویش تۆ بپەرستێ . (کارول بێیکەر)
- پیاوێک بۆخاتری پارەی ژن ببێ بە زاوا، بەنۆکەری دەمرێت. (پەندی فەرەنسسی)
- نەزانترین کەس ئەوانەن کەلەبەر بەرژەوەندی خەڵک ژن دێنن. (شۆپنهاوەر)

- ئەوەی لەدونیادا داوای بەهەشت دەکا، با ئاگای لەماڵی خۆی بێ . (؟)
- لەکاتی ژن هێناندا زیاتر باوەڕ بەگوێ یەکانت بکە تاچاوەکانت . (پەندی ئەڵمانی)

# خۆڕاگرتن

- هەر کەسێک لەدەست ڕۆژگار هەراسانبێ، هەرچییەکی لەژیاندا فێری بووە بێهودەیە. (گریستسن)
- لە دەستدانی سامان گرنگ  نیە، بەڵام نابێ ئاسان لەدەستی بدەین . (مترلینگ)
- ئارامگرتن، ڕێگای سەرکەوتنو خۆشبەختییە، ئەوەی ئارام نەگرێ، لەژیانیدا سەرکەوتن بەخۆیەوە نابینی . (سەیدڕەزاسەدر)
- ئەگەر بەسەر خۆماندا زاڵبین، فەرماندەی چارەنووسی خۆمان دەبین. (کلینپلر)
- بەدبەختی نیشانەی کەم ئارامییە. (؟)
- بۆ ئەو کەسەی بەئارامی بەڕێگادا دەڕوات هیچ ڕێگایەک دوور نیە. (لابرویر)
- با لەگەڵ ژێردەستەکانمان دا ئارامو بەحەوسەڵەبین، ئەوان دوێنێمان وەبیردێننەوە. (پوربرپ)
- بەئارامی باشتر ئەنجام وەردەگری تا بەتووڕەبوون . (پەندی ئەفریقی)
- ئارامی، کلیلی شادییەو تووڕەییش، کلیلی خەمو خەفەتە. (پەندی تاجیک)
- داوێن پاکیو ئارامگرتن لە هەموو بەڵێنو پەیمانو سوێند خواردنێک مەزنترە . (مادام نکر)
- خۆڕاگرتنو ئارامگرتن گەورەترین بوێریو ئازایی یە. (چالتور)
- چەند بەدبەختن ئەوانەی ناتوانن ئارامبگرن، بەوشێوەیە هەرگیز بەئارامیو ئاسایش ناگەن. (شکسپیر)
- ڕووداوەکان وەک ڕۆژەکان تێدەپەڕن. (پەندی ئەفریقی)
- دەستی لەرزۆک، باش گرێناکاتەوە، مێشکی پەرێشانیش بیری باشی بۆنایەت . (حجازی)
- ڕۆژگار هەموو دەرگایەک بۆئەوانە دەکاتەوە کەئارامدەگرن. (پەندی چینی)
- گونجان ئەوەیە لەگەڵ خەڵکی نەگونجاو خۆی بگونجێی. (ژۆل روتن)

- ئازاترین کەس ئەوەیە کەبەری تووڕە بوونی خۆی بگری . (ئەفلاتۆن)

- کە بەرامبەرەکەت تووڕەیە، تۆ ئارام بە. (؟)

# مامناوەندی

- مرۆڤ، لە هەمووکاتێکدا دەبێ بزانێ لەکوێ بوەستی. (پەندی فەرەنسی)
- زیاد لە پێویست سەردانی دراوسێکەت مەکە، تا لێت بێزار نەبن. (؟)
- تووڕەبوونی بێئەندازە ترس دێنی، لوتفی ناوەختیش هەیبەت دەشکێنی. (سەعدی)
- ئەوانەی ناتوانن بەداهاتی کەم پاشەکەوتیان هەبێ، بەداهاتی زۆریش هەرناتوانن. (دکتۆر ماردن)
- پیاوی گەورە لەسێ شت خۆی دەپارێزێ: 1- شەهوەت لەکاتی لاوێتیدا، 2- شەڕوشۆڕ و نەگونجان لەتەمەنی گەنجێتیدا، 3- پلەوپایە لەکاتی پیریدا. (کۆنفۆشیۆس)
- نەتووتی بە، کەقسەی خەڵکی دووبارە بکەیەوەو نەبولبولیش بە کەدەنگی خۆت بەفیرۆ بدەی. (سەعدی)
- مێروولە کەباڵی لێدەڕوێت، سەری لەدەستدەچێ . (؟)

# بیرو باوەڕ

- ویژدانی ئازاد نیشانەی خواپەرستییە. (پەندی ئیتالی)
- لەوانەی کەدوو ڕوونە پتر بێزارم تا لەوانەی کەدوو خوا دەپەرستن. (موسا پێغەمبەر/ ع)
- ئەگەر دەتەوێ بوون بناسی، خۆت بناسە. (سوکرات)
- ڕەتکردنەوەی بوونی خوا، وەک ڕەتکردنەوەی بوونی مرۆڤە. (مترلینگ)
- بت پەرستەکان کەمتر سوژدە بۆ بتەکانیان دەبەن، چونکە دەزانن چیان دروستکردووەو باوەڕیشیان پێیان نیە. (پە ندی چینی)
- باشترین ئایین ئەوەیە ئازارت بۆکەس نەبێ. (پەندی سانسکریتی)
- تەواوی ئەو ئازارو بەدبەختییانەی کەخوا بۆتانی دەنێرێ بەهۆی خۆتانەوەیە.(مترلینگ)
- لەهەرشتێکدا نیشانەیەک هەیە کە تاکە خوایەک هەیەو بوونی هەر بوونەوەرێک بە بوونی ئەوەوە بەندە. (ئەبو عەلی سینا)
- شمشێر دەتوانێ گیان لە لەش جیا بکاتەوە، بەڵام هەرگیز ناتوانێ گیان لە لەش دەربێنێ. (لۆرد کارلۆن)
- گەورەیی خوای هەرکەسێک بەئەندازەی مێشکیەتی، واتا گەورەیی خوای ئێمە بەگوێرەی لێهاتوویی ئێمەیە. (مترلینگ)
- بیروباوەڕێک کەخەڵک لەترسی گیانیان پەسندی دەکەن، تا سەرنابێ. (سەعید نەفیسی)
- ئەو کەسەی کەتەنیا یەک ئایین دەناسێ، ئایین پەروەرنیە. (ماکس مولەر)
- ئەوانەی ئاینیان بۆ بەرژەوەندیو باج وەرگرتن کردووە بەداو، هەرگیز نزیکیان مەبەوە. (ئەبوعەلا)

- ئەو زانایەی لەخوا ناسین دەکوڵێتەوە سەدهێندەی ئەوکەسە باوەڕی پتەوە کە کوێرانە وەدوای ئایینەکەی کەوتووە. (مترلینگ)
- هەرکەسێک خۆی بناسێ خوای خۆشی دەناسی. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- باڵندەیەکی بچووک کە لەژێر گەڵای درەختان ئاواز دەخوێنێ  بەسە بۆ سەلماندنی بوونی خوا . (ڤیکتۆر هۆگۆ)

# باوەڕ بەخۆبوون

- پێمخۆشە دەستم بخەمە ناوزاری ئەژدیها، نەک لەناکەسێک کەبەپلەیەک گەیشتووە داوای شتێک بکەم. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- ئەوکەسەی باوەڕت پێی نیە خۆتی لێ بپارێزە. (ناپلیۆن)
- هەموو بەرەو پێشچوونێکی گەورە، سەرەتا نەگونجاو دێتە بەرچاو. (کارلایل)
- باشترین کات بۆ باوەڕ بەخۆبوون، سەردەمی لاوێتی یە. (لاک)
- هەموو ئەو شتانەی کەپێتوایە جێبەجێ دەکرێن، جێبەجێ دەکرێن. (؟)
- خۆشبەخت ئەوانەن کەبەزەحمەتی جۆراوجۆر لەگەڵ ژیاندا ڕووبەڕوو دەبنەوە، بەدبەخت ئەوانەن کە لەکوێرەڕێیەک زیاتریان نیەو ئەویش بەڕێکەوت لەدەستیان دەردێندرێ. (دوزوزلت)
- لەکاتی تووڕەبووندا نابێ بڕیار بدرێت . (ناپلیۆن)
- ئەگەر زیاد لەپێویست بیربکەیەوە، سەرت لێدەشێوێ‌و ناتوانی بڕیاری باش بدەیت. (ناپلیۆن)
- پلەوپایەی هەرکەسێک بەزانستەکەیەوە پەیوەستنیە، بەڵکوو دەوەستێتە سەر ئەوەی کە چیدەوێ‌و چی دەتوانێ. (گوستاڤ لۆبۆن)
- لەبرسان بمری باشترە لەوەی کەنانی ناکەسان بخۆی. (سعدی)
- لە پردی نامەرد مەپەڕەوە، جەردە ڕووتت کا بالەم بەرەوە. (پیرە مێرد)
- پیاو، ئەوکەسەیە، کەسامانی خۆی بدات، بۆ ئەوەی ئابڕووی خۆی بپارێزێت. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)

- ئەوکەسە لەدونیادا سەرکەوتووە کە بەچاوەڕوانی خەڵک دانانیشێو هەموو شتێکی لەخۆی بوێت. (شیللر)
- ئەوەی بەتەمای کاسەی مالی هاوسێ بێ، دەبێ بەبێ شێو سەربنێتەوە. (پەندیکوردی)
- بەرد لەجێگای خۆی سەنگینە . (پەندیکوردی)
- ئەو کەسەی گلەیی لەبەدبەختیو چارەنووسی خۆی بکا، ئەوە گلەیی لەکەمیو بچووکی خۆی دەکا. (مترلینگ)
- کەسێک کەباوەڕی بەخۆی هەیە، پێویستی بەپێدا هەڵگۆتن نیە. (گۆستاپ لۆبۆن)
- هەمیشە وەک مەلبە، ئەو مەلەی کەلەسەر چڵێکی باریک دەنیشێتەوەو دەخوێنێ، چلەدارەکە لەژێر پێیدا دەلەرزێو ئەو لەخوێندنەکەی هەربەردەوامەو ناترسێ، چونکە باڵی هەیەو دەتوانێ بفرێت. (هۆگۆ)
- خۆتان لەلا بەرێزبێ، تا لەلای هەموو کەس بەڕێز بن. (بەهرۆز)

# مرۆڤ

- ئەوەی زاتی ئەنجامدانی کارێکی شایستەی هەیە مرۆڤە. (شکسپیر)
- مرۆڤی دڵپاکو بە وەفا، وەک خۆر وایە، هەموو کەسێک دەیبینێت و هەموو شوێنێکیش ڕوناک دەکا.
- مرۆڤی سپڵەو بێوەفاش، وەک کوند وایە، ڕوو لەهەر کوێیەک بکا، هۆی کاول بوونەو زۆر کەمیش دیارە. (وەرگێڕ)
- جگە لەخۆت چاوەڕوانیت لەهیچ کەس نەبێ، تەنیا هەرئەوە بکە کەمرۆڤایەتی فەرمانت پێ دەکا. (؟)
- مرۆڤ ئەو تاکە ئاژەڵەیە کەمن زۆرلێی دەترسم. (بەرناردشۆ)
- خەمخواردن بۆ ڕابردوو وەک ئەوەیە بەدوای بادا ڕابکەی. (پەندی ڕوسی)
- دڵنیام کەتەنیا خۆشەویستی چارەنووسی مرۆڤ دیاری دەکاو بەس. (شکسپیر)
- دەمەوێ مرۆڤێک لەخۆمدا دروستبکەم، ئەگەر لەم کارەمدا سەرکەوم لەهەموو کارێکمدا سەردەکەوم. (گارنیلد)
- ئای کەچەند سەختە مرۆڤ لەتەنیاییدا بژیو بەبێ کەسی بمرێ.. (؟)
- ئەو کاتە مرۆڤ دۆستی ڕاستە، کەخۆی مرۆڤ دۆست بێ . (ئەمرسۆن)
- هەر مرۆڤێک کتێبێکە، بەمەرجێک بتوانی بیخوێنیتەوە. (؟)

# بەخت و چارەنووس

- ئەگەر ئەوەی کەدەبوایە بیکەین بمانکردایە، بەوەی کەدەمانەوێ هەمانبێ دەگەیشتین.(پەندی سکۆتی)
- ئەو ئاگرەی کە لەش و گیان دەسووتێنێ، بەدەستی خۆمان هەڵدەکرێ. (بروکتر)

# گەشبین و ڕەشبین

- گەشبین وا نیشاندەدا کە لەوپەڕی خۆشیدا دەژیێت، ڕەشبینیش  خەفەت دەخواو پێی وایە کارێکی باشە. (برانچ کامل)
- خۆشبەختی تەنیا یەک پێناسەی هەیە، ئەویش باوەڕ بەخۆکردنە. (زاشیلە)
- لەدونیادا دووجۆرە کوێر هەن، یەکێکیان ئەوەیە کەنابینێو ئەوەی دیکەیان ئەوەیە کە شەهوەتو ئارەزوو پێش چاوی دەگرن. (پەندیچینی)
- چاوەڕوانکردنی خۆشی، تامو چێژی لەوکاتە زیاترە کەپێیدەگەین. (ئەلیویدکلداسمت)
- ئەوەی نیازی خراپە، لەتامو چێژی دونیا بێبەشە. (عەلی کوڕی ئەبو تالیب/ ع)
- کەشتێکت لەدەست چوو مەڵێ لەدەستم چووە، بلێ ئەوشتەم دایەوە. (پیکنتوسیرۆمی)

# داهاتوو

- داهاتوو، بۆ ئەو کەسەیە کەبزانێ چۆن چاوەڕوانی دەکا. (پەندی ڕوسی)
- هەگیز نابێ ئەوشتە لەدەست بدەی کەهیچشتێک شوێنی ناگرێتەوە. (پلورگ)

# دایکو باوک

- داهاتووی منداڵ بەشێوەی پەروەردە کردنیانەوە بەستراوەتەوە. (هۆگۆ)
- لەگەڵ دایکو باوکی خۆتان چاک بن، تامنداڵەکانتان چاکەتان لەگەڵ بکەن. (؟)
- لەگەڵ دایکو باوکتان وەها رەفتار بکەن کە لەمنداڵەکانتان چاوەڕوانیتان هەیە. (سوکرات)
- باوکو دایک هەرچەندە پیر بن هەر مانیان لەمردنیان باشترە. (پەندی ئیتالی)
- تەنیا ژنێک کەئازار ناگەیەنێ دایکە.(؟)
- لەهەموو جێگایەک چاکەو خراپەی مندالان پەیوەندی بەدایکیان وەهەیە. (ناپلیۆن)
- چارەنووسو داهاتووی منداڵان هەمیشە کاری دایکە. (ناپلیۆن)
- تەواوێتی ژن لەدایکایەتی دایە. ژنێک کەدایک نەبێ بوونەوە رێکی ناتەواوە. (بەلزاک)
- دایکان چۆن بن منداڵەکان بەو شێوەیە دەبن. (لاندروز)
- دایکان بەدەستێک لانکو بەدەستەکەی دیکە دونیا ڕادەژێنن.(ناپلیۆن)
- ئەو ناوەجوانەی لەباوکتەوە بۆت بەجێماوە، وەک کریستال زۆر بەجوانی بیپارێزە. (حجازی)
- کاتێک منداڵەکەی خۆتت لەباوەشگرت، ئەوجار نرخی باوکت دەزانی. (پەندیئینگلیزی)
- تاکە دادوەرێک کەلەهەموو چەشنەگوناهێکی ئێمەدەبوورێ دایکە.(حجازی)
- یەک ماچی دایکم بوو کەمنی کرد بەنیگارکێش.(رافائل)
- دایکی باش لەمامۆستاو رێنیشاندەر باشترە.(ژ.ژ هەیوت)

# پەشیمانی

- هەرکەسێک لەجێبەجێکردنی کارێک پەشیمان دەبێتەوە، دوو بەرامبەر بەدبەختەو دوو بەرامبەریش کەمی لەخۆیدا نیشان دەدات.(شۆپینهاوەر)
- خۆت لەلاساری بپارێزە، چونکە هۆیەکەی نەزانییەو ئەنجامەکەشی پەشیمانییە.

(محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)

- بیرکردنەوەو پلاندانان پێش ئەنجامدانی هەر کارێک لەپەشیمانبوونەوە دەتپارێزی.

(عەلی کوڕی ئەبو تالیب/ ع)

- بیرەوەریەکانی ڕۆژانەش وەک نامەی ئاشقان پڕ مەترسینو پێویستە ڕۆژ بەڕۆژ بسووتێندرێن.(؟)

# ده هوی سەرەکی بۆ خۆشحاڵبوون:

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە
م/ پشدەری
2009/02/05

## جیین

- هێندێک کەس (بەشێوەیەکی سروشتی) کە لەدایک دەبن خۆشحاڵترن لە خەڵکی دیکە. بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەک کەلەسەر چوار هەزار کەسی دوانەی گەورە ساڵدا کراوە، هۆی سەرەکی بۆ ئەندازەی خۆشحاڵیان، جیاوازی لە جینەکەیاندا بووە.(Gene) (کەوابوو ئەگەر یەکێک هەمیشە شادەو یەکێکیش بە پێچەوانەوە داماوو خەمبار بێت، یان ئەگەر کەسێک ڕووح سوک و یەکێکی دیکە ڕەزا گران بێ، هەروەها گەر یەکێک خۆبەکەم گرو یەکێک خۆبەزۆر گربێ، نابێ ببێتە جێی تێڕامان و ڕەخنە گرتن. چونکە سروشت وایەو گۆڕانکاریش لە سروشتدا ئاسان نی یە.)

## ژیانی هاوسەری

- بە پێی هەموو خوێندنەوەکان کە لەسەر ژیانی هاوسەری کراوە، دەرکەوتووە ئەوانەی ژیانی هاوسەریان پێکهێناوە، خۆشحاڵترن لەوانەی کە بەتەنیایی ژیان بەسەر دەبەن. هەروەها لەخوێندنەوەکاندا دەرکەوتووە کە بەیەکەوە ژیان بەبێ پێکهێنانی ژیانی هاوسەری، ئەو کاریگەریەی نییە.

## بنەماڵەو هاوڕێکان

- ئەو کەسانەی کەخاوەنی خێزانێکی گەورەو کۆمەڵێک هاوڕێی زۆر نزیکن، زۆربەی کات خۆشحاڵترن لەو کەسانەی کە خاوەنی پارەیەکی زۆرن بەڵام بەتەنیایی دەژین.

## نەویستن زیاتر لەوەی کەهەتە

- ئەوکەسانەی کە بەتەمای پیشەیەیەکی سەرکەوتو و، پارەیەکی زۆر و پێکهێنانی ژیانێکی بێکەم و کوڕی هاوسەرین، خۆشحاڵترنین لەو کەسانەی کە قەناعەتیان هەیە بەو شتەی کە هەیانە،.

## یارمەتیدانی خەڵک

- بەپێی لێکۆڵینەوەی دەروون ناسەکان لەوڵاتە جیاجیاکانی جیهان، دەرکەوتووە کە یارمەتیدانی خەڵک تەنیا هەر بۆ ئەوان سوودی نییە، بەڵکوو خۆشیەکەی زیاتر بۆ ئەوانەیە کەگیانی یارمەتیان تێدایە.

## دین

- لە پێنج خوێندنەوەدا چواریان ئەوە نیشان دەدەن کە لەنێوان دینو (Religion) خۆشحاڵیدا پەیوەندیەکی سوودبەخش هەیە. زۆربەی ئەوانەی کە زۆر دیندارن، زۆربەی کات زۆرتر دەژین لەوکەسانەی کە بێ دینن.

## سەرنج ڕاکێش

- ئەوکەسانەی کە جوان و سەرنج راکیشن، لەسەر ئەو باوەڕەن کە زۆر خۆشحاڵن؛ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێ کە (جین) یان باشبێ و هەر بۆیەشە کە تەندروستیان باشترە. بەڵام خۆ جوانکردن بەشێوەیەکی دەستکرد، ئەو کاریگەریەی نیە.

## پیربوون

- لێکۆڵینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە پیرەکان/یش وەک گەنجەکان خۆشحاڵنو زۆر بەکەمیش هەست بەخەمۆکی دەکەن. لەوانەیە لەبەر ئەوەبێ کە پیرەکان کاتی زیاتریان هەبێ بۆ ئەوشتەی کە چێژی لێوەردەگرن.

## پارە

- کەتۆ هەژار بی، پارە دەتوانێ هێندێک خۆشحاڵیت بۆ بکڕێ. بەڵام کاتێک کەمرۆڤ پارەی زۆر و ژیانێکی خۆشی هەبێ، پارەی زیاتر خۆشحاڵتریان ناکا.

## بیرمەندی

- بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بیرمەندی کاریگەریەکی بچووکی لەسەر خۆشحاڵی هەیە. بۆ خۆشحاڵبوون، توانایی هەڵسو کەوتکردن لەگەڵ مرۆڤ دا، گرینگترە لەوە کە تۆ چەندە بیرمەندیی.

# پارە

- مرۆڤی بێ پارە، وەک کەوانی بێ تیر وایە.(فولکر)
- چاوتەنگ، هەرگیز بەوەی کەهەیەتی ڕازی نیەو چاوی تێر نابێ.(سن دوبران)
- چاوتەنگ، ئەگەر هەموو دونیاشی هەبێ هەر چاوی لەدەستی خەڵکی یە.(؟)
- ئەوەی پارە دەدوڕێنێ، شتێکی زیادە دەدوڕێنێ، بەلام ئەوەی ڕێزی خۆی دەدۆڕێنێ، هەمووشتێک دەدۆڕێنی. (سروانتس)
- تەنیا ئەو بازرگانێتی یە ڕەوایە کەبەقازانجی کۆمەڵبێ . (حجازی)
- کەسانی کەم ئەزموون، پارە بەچارە سەرکردنی هەموو گرفتێک دەزانن.(راربلری)
- ئەگەر دەتەوێ بەڕاستی قەدری پارە بزانی، بڕۆ لەهاوڕێکانت داوای پارە بکە. (فرانکلین)
- مرۆڤ کەسامانی خۆی لەدەستدەدا هەموو دۆستەکانی لەدە ستدەچن. (ونوشن)
- بێ ئەقڵو پارە زۆر زوو لەیەکتری جیادەبنەوە. (پەندی ئەفریقی)
- پیاو، بەلەدەستدانی پارە هەژارنابێ، هەروەک چۆن ناپیاویش بەوەستهێنانی پارە دەوڵەمەندو بەنرخ نابێ.(وەرگێڕ)
- ئەگەر پارەت لەگیرفاندا نیە، هەنگوینت لەناو زاردابێ. (پەندی یۆنانی)
- ئەگەر پارە نەبووایە، ئەوەندەش بەدبەختی نەدەبوو. (پەندیچینی)
- بۆ مرۆڤ، نزیکترین دۆست پارەی ناو کیسەکەیەتی.(؟)
- بەهەر نرخێک شت بکڕی، هەر لەدیاری هەرزانترە. (پەندیمەراکشی)
- پەستی جۆرە کە موکوڕییێکە کەبەپارەو پلەوپایە داناپۆشرێ. (حجازی)
- پارە دایکی ئاشتیو باوکی شەڕە. (؟)

- پارە خواردن دەکرێت، بەڵام ئارەزووی خواردن ناکڕێ. (؟)
- پارە بۆ هەندێک کەس ڕەنگە دۆستو ئاشنا بهێنێ، بەڵام خۆشەویستی ناهێنێ. (؟)
- پارە جۆرە چێژێکە کە دەتوانێ بۆ هەموو جێگایەک بچێو هەموو شتێ وەدەست بێنێ، جگە لەسەربەرزیو خۆشەویستی. (شکسپیر)
- پارە کە ڕێگای کەوتە ناوگیرفان، ئەقلو هۆش لەناو سەردا لادەبا. (پەندی ئینگلیزی)
- پارەت هەبێ، لەهەموو جێگایەک جێت دەبێتەوە. (پەندی ئیتالی)
- پارە لەگیرفانی کێدابێ، لەگیرفانەکەی دیکەیدا سەنەدی فەرمانبەرێتی شاردراوەتەوە. (پەندی نەرویجی)
- پارە دەبێ لەخزمەت مرۆڤدابێ، نەک مرۆڤ لەخزمەت پارە دا. (پەندی هیندی)
- پارە خزمەتکاری پیاوی ژیرو گەورەی پیاوی خوێڕیە. (پەندی ئەڵمانی)
- پارە باوەڕی زۆر کەس بەبا دەدات. (پەندی فەرانسی)
- هەر کارێک بەپارە جێبەجێ بکرێ، پێویست ناکا گیانی خۆتی بۆ لەمەترسی باوێی. (سەعدی)
- تەنیا ئەوکەسەی قەرزەکانی دەداتەوە دەوڵەمەنددەبێ . (رافیت)
- دەوڵەمەندی ڕاستەقینە ئەو کەسەیە، چاوی لەدەستی کەس نەبێ. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- بوون بەبازرگان ئاسانە، بەڵام هونەر ئەوەیە بازرگان بمێنیتەوە. (پەندی سویسری)
- دەوڵەمەندیو سامان بۆ ژیانە، نەک ژیان بۆدەوڵەمەندی. (لۆرد ئاڤیبۆری)
- سامان ئەو پردەیە کەبەسەریدا دەڕۆی، بۆ ئەوەی بە ئارەزووت بگەی. (لۆرد ئاڤیبۆری)
- دەوڵەمەند ئەو کەسەیە کە نەقەرز بکاو نەمەرایی بۆ کەس بکا. (سیمۆن)
- دونیا زۆر لەوە گەورە ترە کە تۆ بتوانی تایبەتی بکەی بەخۆتەوە. (سەعید نەفیسی)
- ئەقل لەزێڕ بەنرخترە. (فوشە)

- دوو دەستە لاو نرخی پارە نازانن، ئەوانەی کەهیچیان نیەو ئەوانەی کە زۆریان هەیە. (؟)
- زوو نووستنو زوو لەخەو هەڵسان، پیاو تەندروستو دەوڵەمەندو ئاقڵ دەکا. (فرانکلین)
- ماڵی سپی بۆ ڕۆژی ڕەشە. (پەندی کوردی)
- سێ شت مەرجی سەرکەوتنن: یەکەم پارە، دووهەم پارە، سێیەمیش هەرپارە. (ناپلیۆن)
- زۆر زیان هەن کە قازانج دەگەیەنن. (؟)
- زانست پارێزەری تۆیە، بەڵام دەبێ تۆماڵ بپارێزی. (؟)
- پێش ئەوەی پارە لە دۆستێکی باشت قەرز بکەی، بیربکەوە کامیانت پێویستترە، پارەکە یان هاوڕێکەت. (ئەدیسۆن)
- پێش ئەوەی بەدوای هەوەسو ئارەزوو بکەویت چاوێک بەکیسەی پارەکەتدا بگێڕە. (فرانکلین)
- قەرز تۆقی دیلی یە، کە بەدستی خۆت دەیکەیتە ملی خۆت . (پەندی ئینگلیزی)
- ئەو کەسە دەوڵەمەندە کەئارەزووەکانی سوودبەخشن. (ڤۆلتێر)
- ئەوەی قەرزەکانی دەداتەوە سامانی خۆی زیاد دەکا . (پەندی ئینگلیزی)
- بەبرسی یەتی خەوتن لەوە باشترە نقوومی قەرزداری بی. (؟)
- ماڵ ماددەیەکی قەڵپو نەشیاوە کە بێهودە نەزانەکان ناچاردەکا خۆیان لەهونەرمەندان بەگەورەتر بزانن. (؟)
- ماڵ وەک مێش هەنگوین وایە، ئەگەر ئاگات لێی بێ هەنگوینت دەداتێ، ئەگینا پێت وە دەداتو دەفڕێت. (دکتۆر ماردن)
- کۆمەل، لەسێ چین پێکهاتووە: نۆکەری پارە، هاوڕێی پارە، یان گەورەی پارە.(دیلکارنگی)
- خەڵک زۆر باش گوێ لەقسەی پیاوی دەوڵەمەند ڕادەگرن. (پەندی چینی)
- هەرکاتێک کیسەی پارە بەتاڵبوو، دڵ پڕدەبێ. (هۆگۆ)

- قەرز بدەو دوژمن بۆخۆت پەیدا بکە. (؟)
- هەرچەندە سەروەت زیاتربێ دڵەکوتەو نیگەرانیو تەماحو ئارەزوو زیاتر دەبن. (هۆراس)
- هەرکەسێک فەقیرو قانیع بوو دەوڵەمەندە. (شکسپیر)
- هەموومان لەیەک مەزهەب هاوبەشین ئەویش سامانە. (ڤۆلتێر)
- پیاوی دەوڵەمەند زۆر بەکەمی بەئاسوودەیی دەخەوێ. (؟)

# زاڵبوون

- هەرگیز ناتوانی بەبێ مەترسی بەسەر مەترسیدا زاڵبی. (؟)
- وەدەستهێنان ئاسانە بەڵام پاراستن زەحمەتە. (؟)
- دڵسۆزی لەمەبەست نزیکت دەکاتەوە. (شیللەر)
- لەم دونیایەدا بەدوو ڕێگەدا دەتوانی سەرکەوی، بەهۆی بیرو هۆشی خۆت یان بەهۆی نەزانی خەڵک. (لابرۆیر)
- من نازانم باپیرم کێ بووە، بەڵام زۆر پێویستە بزانم نەوەکەی کێ دەبێ. (لینکلن)

# بەڵێن

- بەڵێن وەک تیروایە، کە لەکەوان دەرچوو ناگەڕێتەوە. (پەندی عەرەبی)
- ئەوانەی درەنگ بەڵێن دەدەن، ئەوانە بە بەڵێنترین مرۆڤی دونیان. (ژان ژاک ڕۆسۆ)
- لەنێوانی مرۆڤو سەربەرزیدا، داوێکی زۆر باریک هەیە ئەویش بەڵێنە. (؟)

# ئەزموون

پەروەردەو فێربوون، بەبێ ئەزموون، سوودێکی نییە. (ژانە)

- ئەگەر بتوانین ئەو ئەزموونەی لەڕابردوودا دەستمان کەوتووە لەداهاتوودا بەکاری بێنین وەک ئەوە وایە دووجار ژیابینو دوو تەمەنمان هەبووبێ. (حجازی)
- ئەزموون، میوەیەکە تا بۆگەن نەبێ، نایچنیت. (ئەرستۆ)
- ئەزموون، باشترین وانەی ژیانە، بەڵام بەداخەوە نرخەکەی زۆر گرانە. (کارلایل)
- ئەزموون، مامۆستایێکی زۆر سەرسەختە، هەتا تاقیت نەکاتەوە، وانەت پێناڵێ. (؟)
- خۆشبەخت ئەوکەسەیە لەڕابردووی خەڵک پەندوەرگرێ . (مەحەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- دونیا بەهەوڵو تێکۆشانی لاوانو ئەزموونی پیران بەڕێوە دەچێ. (؟)
- مرۆڤی ژیرو وشیار،لەئەزموونی خەڵک پەندوەردەگرێ، بەڵام لەخۆبایی دەیەوێ خۆی هەموو شتێ تاقی بکاتەوە. (لۆرد ئاڤیبۆری)
- مرۆڤی زیرەک، لە کونێکدا دووجار مار پێیەوە نادات. (پەندی کوردی)
- ئەوکەسانەی ویستیان بێ هێزەو بۆشایی لەژیانیاندا هەیە، هەمیشە بەقسەی گەورە خۆ نیشاندەدەن، بەڵام مرۆڤی ویست بەهێزو ڕابردوو پاک بەکردەوەکانی، خۆی دەناسێنێ. (گۆستاڤ لۆبۆن)
- ئەگەر دڵ بیەوێ هەزار ڕێگا پەیدا دەبێ، ئەگەر دڵیش نەیوست، هەزار بەهانە ئامادە دەبێ. (؟)
- بۆ ئەوکەسەی باوەڕی بەخۆی هەیە هیچ شتێک زەحمەت نیە. (میرلەبو)

# بیرکردنەوە

- ئەوەی کەبۆخۆت سەبارەت بەخۆت بیری لێدەکەیتەوە زۆر لەو بیرکردنەوانە گرنگترە کەڕەنگە خەڵک ئامۆژگاریت پێ بکەن. (سنەکا)
- ئەڵماس لە قوڵایی زەویدا دەدۆزرێتەوە، ڕاستیش لەقوڵایی بیرکردنەوەدا. (هۆگۆ)
- هەرگیز بیر لەڕابردووی خۆم ناکەمەوە مەگەر بۆ ئەوەبێ کەئاکامێکی لێوەرگرم. (نەهرۆ)
- قسەکردنی بێ بیرکردنەوە وەک تیرهاوێشتنی بێ نیشانە وایە. (؟)
- بیر لەوە بکەوە کەنەتکردووە نەک ئەوەی کەکردووتە. (سەعید نەفیسی)
- هەرچی کە دەتەوێ بیڵێی بیری لێبکەوە بەڵام هەرچی بیری لێدەکەیتەوە مەیڵێ. (زانایکی هیندی)
- سەعاتێک بیرکردنەوە، لەتەمەنێک خواپەرستی باشترە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ ع)
- چارەنووسی خۆت، بەبیرکردنەوە دیاری بکە. (کارلایل)
- ئەوکەسە لای من گەورەیە، کەبتوانێ لەنێوان هەستو بیرکردنەوەدا بەربەستێک دابنێت. (ناپلیۆن)
- باوەڕنەکردن یان درەنگ باوەڕکردن، هەندێک جار نیشانەی زیرەکیو وشیاری یە. (؟)
- هەرچەند زیاتر بیربکەینەوە ئەوەندە زیاتر خەفەت دەخۆین. (ئینجیل)
- هەتا زیاتر بیربکەینەوە ئەوەندە زیاتر بۆمان دەردە کەوێ کەهیچ نازانین. (ڤۆلتێر)

# لەخۆ بایی بوون

- بەهەر نارەحەتییەکی بچووک تووڕەبوونو بەخەڵک هەڵپڕژین، نیشانەی لەخۆبایی بوونی لەئەندازە تێپەڕە، یان کەم ئەقڵی یە. (پۆپ)
- ئەوانەی لەدرێژایی ژیانیاندا هەنگاوێک نانێن بۆ ئاسانکردنی کاری خەڵک، باوەڕ نەبە دۆستایەتیان بکەو نەبە دوژمنایەتیان. (؟)
- ئەو مرۆڤەی کە هەموو ڕۆژێ بیرو باوەڕی خۆی دەگۆڕێ، باوەڕی بە هیچ نیە. (؟)
- ئەوانەی کەخۆشبەختی خۆیان لەبەدبەختی خەڵکدادەبینن، ئەوانەی بەخەیاڵ لەسەر لووتکەیەکی بەرز وەستاونو خەڵکیش لەبەرپێی خۆیاندا دەبینن، ئەوانەی هەر لەخۆڕا خۆیان بەداواکاری خەڵکی دەزانن، ئەوانە بێ نرخترین چینی مرۆڤن. (؟)
- خەڵک هەر بەو پێوەرە دەتپێون کەتۆ خەڵکی پێدەپێوی. (؟)
- سڵاو لەخۆپەسندو لەخۆ بایی بووان، مەکە. (؟)
- بۆ دەبێ چاومان لەوەبێ کەخەڵک لەبەرژەوەندی ئێمە بجوڵێنەوە، مەگەر خۆمان هەمیشە لە بەرژەوەندی خۆمان دەجولێینەوە؟! (حجازی)
- لە خۆبایی بوونی ژنان گەورە ترین هۆی بەدبەختی خۆیانو تێکچوونی شیرازەی خێزانە، هیچ شتێک وەک لەخۆبایی بوونی ژنان ڕەگو ڕیشەی خێزان دەرناهێنێت. (چارلی چا پلین)
- خۆناسین، بەسەروەتێکی گەورە بزانە. (خواجە عەبدوڵلا)
- مرۆڤی لەخۆبایی بوو، لەناو کۆمەڵدا زۆرن، خەڵکیش هەر ئەوان بەکەر دەزانن. (؟)
- سەربەرزی، بەئەقڵو ئەدەبە نەک بەماڵو سامان. (؟)
- وشتر، پشتی خۆی نابینێ، بەڵام بەئاسانی پشتی هاوسێ کەی دەبینی. (پەندی مەراکشی)

- **لەخۆبایی دوژمنی زۆرن. (ئیمام هادی)**
- **ئەوەی کە فەرمانڕەوایی خەڵک دەکا، پێویستە یەکەمجار فەرمان لەخۆی بکا. (فیلیپ مەسینجەر)**
- **پێش هەمووشتێک پرسیارت لێدەکرێ هونەرت چییە، لێت ناپرسن باوکت کێیە . (سەعدی)**
- **کاتێک کەلەخەڵک نارازین، لەخۆمان نارازین. (؟)**
- **هەموو کەسێک دەیەوێ مرۆڤایەتی بگۆڕێت، بەڵام بەداخەوە هیچکەس لەبیری ئەوەدا نییە کە خۆی بگۆڕێ. (تۆلستۆی)**
- **مرۆڤ هەتا نەجیب تر بێ، کەمتر لەخۆ بایی دەبێ. (پەندی دانیمارکی)**

# زمانلووسیی

- ئەوانەی لەزمانبازیدا زیرەکی دەنوێنن، پتر وایە کەنیازی ناپاک لەدەروونیاندا، پەروەردە دەکەن. (ڤۆلتێر)
- زۆر کەسی واهەن کە بۆ خاتری پارچە ئێسقانێک خۆیان دەکەن بەسەگ. (سوێدی)
- مەرایی کردن خۆراکی شێتانە. (شکسپیر)
- زمانلووسی لەگەڵ ڕەوشتو سەربەرزی لەشوێنێکدا جێگایان نابێتەوە. (کۆنفۆشیۆس)
- زمانلووسی ژەهرێکی شیرینە. (پەندی ئەڵمانی)
- زمانلووسی، زمانلووسەکەو گوێگرەکەشی تێکدەداتو نابووت دەکا. (دیل کارنگی)
- لەبەرامبەر ئەوانەی کەهەنگوینیان لەسەر زمانە، ئاگاداری کیسەی پارەکەتبە. (پەندی ئەڵمانی)
- ئەوەی بەزمانی لووس بۆت دەدوێ، ئەگەر کڵاویشی لەسەرنەنابی ئەواخەریکە کڵاوێکت لەسەر بنێ. (پەندی ڕۆمانی)
- مرۆڤی زاناو مرۆڤی زمانلووس بەیەکەوە ناگونجێن. (ناپلیۆن)
- مرۆڤی زمانلووس دوژمنێکی شاراوەیە. (پەندی هەنگاری)
- کاتێک بۆ وەدەستهێنانی پلەوپایەیەک زمانلووسی دەکەی، پلەوپایەیێکی گەورەتر لەدەست دەدەی. (؟)
- ئەوکەسەی کەبەرامبەر گەورەی خۆی زمانلووسی دەکا، لەکۆتاییدا ناپاکی لەگەڵدا دەکا. (ماسیۆن)

# تەندرووستی

- ئەوەی لەش ساغە گەنجێکی گەورەی هەیە، بائاگاشی لێنەبێ. (؟)
- ئەوەی لەش ساغە هومێدی هەیە، ئەوەی هومێدیشی هەبێ هەموو شتێکی هەیە. (پەندی عەرەبی)
- خۆپاراستن  لەچارەسەرکردن باشترە. (پەندی کوردی)
- دووشت تا لەدەست نەچن قەدریان نازانی، یەکیان گەنجێتی ئەوەی تریان تەندروستی. (؟ )
- ئەو ماڵەی تیشکی خۆری تێدەچێ، دکتۆری بۆ ناچێت. (؟)
- گەرماوکردنو بەئەندازەی چوارسەعات خەوتن بۆ لابردنی ماندوویی بەکەڵکە. (ناپلیۆن)
- بە پێ ڕۆیشتن تەمەن درێژ دەکاو خواردن لەکاتی غارداندا نەخۆشی لادەبا. (؟)
- ڕۆژێ سێوێک بخۆی پێویستیت بە پزیشک نابی. (پەندی ئینگلیزی)

# تەنیایی

- ڕۆژە ناخۆشەکانت لەگەڵ تەمەنت تێکەڵ مەکە. (ئەفلاتۆن)
- زۆر خواردن لەئەنجامدا دەبێتە هۆی کەمخواردن. (پەندی ئیسپانی)
- هەوڵبدە گەدە تۆ هەڵبگرێ، نەک تۆ ئەو هەڵبگری. (؟)
- ئەوەی لەسەر تێری نان دەخوا، بەددانەکانی خۆی گۆڕی خۆی هەڵدەکەنی. (پەندی تورکی)
- لە خەڵک دووربەو تەنیا بژی، نەکەس ئازار دەدەی، نە کەسیش ئازارت دەدات. (ئەبوعەلای مەعری)
- ئەگەر هاوسەفەر لە تۆ باشتر یان وەک خۆت نەبێ، یان نەزان بێ تەنیایی باشترەو خۆشترە. (هاماپادا)
- لەڕاستیدا هەرشێتەکان خۆشبەختن چونکە هەرگیز هەست بەتەنیایی ناکەن. (ژانیل تولە)
- تاکو ئێستا هاوڕێ یەکی وام دەست نەکەوتووە کەهێندەی تەنیایی شایەنی هاوڕێ یەتی بێ. (توارو)
- تەنیایی بریتییە لەنەخۆشی گیانی مرۆڤ.. (هوکلی)
- ژیان چەندە سەخت دەبێ، کاتێک هەست بکەین کە لەژێر ئەم ئاسمانەدا کەسێک نیە خۆشی بوێین. (لۆرد ئاڤیبۆری)
- هەر دابڕانێک، بەشێکە لەمردنو هەر بەیەک گەیشتنەوەیەکیش جۆرێکە لەژیانەوە. (؟)

# شەڕو ئاشتی

- ئامادەبوون بۆ شەڕ، واتە پاراستنی ئاشتی. (واشنگتن)
- ئەوەی کە لەبەر شەڕ ڕادەکا، زەلیلە. (کوگاسب)
- ئەگەر مارت کوشت، بێچووەکەشی هەربکوژە. (پەندی فەرەنسی)
- لەناو باخی ئاشتیدا، داری بازرگانی بەردەگرێ. (؟)
- ئەوەندە دۆڕام، تاڕێگای بردنەوە فێربووم. (ناپلیۆن)
- مرۆڤی دۆڕاو، پتر لەشەڕە. (پەندی فەرەنسی)
- پارێزەری ئاشتی ئەرکەکەی لەفەرماندەرێتی شەڕ گرنگترە. (؟)
- ئەوەی لەگەڵ خەڵکدا ئاژاوە گێڕو شەڕخواز بێ پیاوەتی‌و مرۆڤایەتی لەدەستدەچێ. (ئەبو عەلی سینا)

# لاوێتی

- ئەگەر لاوێک لەئەوین قەدەغە بکەی، وەک ئەوە وایە کە نەخۆشێک سەرزەنشت بکەی کە بۆچی ئازاری هەیە. (دوکلوس)
- ئەگەر دەتەوێ زۆر بژی، لەکاتی لاوێتیدا پیربە. (پەندی ئیسپانی)
- لاوێتی، بەهاری ئارەزووە. (دیکنز)
- لاوێتی سندوقێکی داخراوە مەگەر هەرپیرەکان بزانن چی تێدایە. (؟)
- ئەستێرەی لاوێتی تەنیا یەکجار لەئاسمانی تەمەندا دەردەکەوی . (ژوبرت)
- لاوێتی کەژی بێ مەترسی ژیانە. (بایرون)
- لاوێتی خۆرێکە کە ئاوادەبێ، لەخەمو پەژارە بەولاوە هیچ شتێک بەجێ ناهێڵێ. (؟)
- لەڕاستیدا لاوی پیرو پیری لاو لەدونیادا زۆرن. (ئیسماییلۆ)
- **منداڵ، گەورەترین دڵخۆشی ڕۆژانی پیری یە بەڵام زۆر زوو دەبێتە هۆی پیر بوون.** (کوفمان)
- ئەوەی پیاوی پیر دەکوژێ، ئاشپەزی باشو ژنی جوانە. (پەندی فەرەنسی)
- هەموو کەسێک دەیەوێ زۆر بژی، بەڵام کەس حەزناکا پیربێ. (سویفت)

# تەماح

- ئەگەر گەورەییت دەوێ، هەرگیز چاوت لەماڵی کەس نەبێو بەوەی کەهەتە ڕازیبە. (لوقمانی حەکیم)

# حەسوودی

- حەسوود، کە بەناڕەوا باست دەکا، نیشانەی بەرزی تۆ دەردەخا. (تن)
- لەدۆستێک کەئیرەییت پێدەبا هەرگیز دڵنیامەبە. (؟)
- بەهرەی حەسوودی بەر لەدونیادا، تەنیا خەمو پەژارەیە، کەخەڵک لەخۆشیدادەبینێ خەمەکەی دوو بەرابەر دەبێ. (ئەرستۆ)
- چۆن ئاگر دار دەسووتێنێ، حەسوودی بردنیش وەها کارە باشەکانت لەناودەبا. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- حەسوودی، دەردێکی بێدەرمانەو جگە لەمردن هیچشتێک چارەی ناکا. (؟)
- حەسوودی بردن، بەخۆشی دۆستان، نیشانەی ئەوپەڕی بێ نرخیو بێدەستەڵاتییە. (؟)
- حەسوود، بەرلەوەی زیان بەخەڵگ بگەیەنێ، زیان بەخۆی دەگەیەنێ. (؟)
- حەسوود، وەک مێشەڕەشکە وایە، لەجەستەی ساخ خۆی دوور دەگرێتو دەچێ لەسەر برین دەنیشی. (چاپمان)
- حەسوودی، کێردی گیانە. (جان داریدن)
- حەسوودی، زیندانی گیانە. (؟)
- حەسوودی، جگە لەوەی کە لەگەورەیی مرۆڤ کەم دەکاتەوە، هیچ تایبەتمەندیەکی دیکەی نیە. (؟)
- حەسوود تیر بۆ خەڵک دەهاوێژێو خۆی دەپێکی. (پەندی سوێدی)
- حەسوود لای وایە ئەگەر لاقی هاوسێ یەکەی بشکێ خۆی باشتر بەڕێگادا دەڕوات. (پەندی دانیمارکی)
- ڕۆژگاری حەسوود، لە ڕۆژگاری هەمووکەسێک تاریکترە. (؟)
- ئەوەی لەبەرامبەر حەسووددا خۆی ڕابگرێ، یان دڵی زۆر باشە یان لە ئاسن دروستکراوە. (پەندی ئینگلیزی)

# ڕاستی

- ئەوەی کەهەی، هەرئەوەبە. (نیتشە)
- ئەوەی کەهەی، باشترت دەناسێنێ لەوەی کەدەیلێی. (ئەمرسۆن)
- هەڵە دەتوانێ لەکونێکی زۆر بچووکیشەوە تێپەڕ بێ، بەڵام ڕاستی لەدەروازەی گەورەشدا گیردەکا. (؟)
- دەبێ مافی تایبەتی خۆت بەنەرمیو ئارامیو ئەدەبەوە داوا بکەیو مافی خەڵکیش بپارێزی. (جان کایزل)
- چونکە لەسەر هەقم، لەهەڕەشە ناترسم. (سۆفۆکل)
- ڕاستیت خۆشبوێ، بەڵام لەهەڵەش چاوپۆشی مەکە. (ڤۆلتێر)
- وەک خۆر وابە، لەگەڵ هەموو کەسێک یەک ڕووبە. (بایەزید)
- سامانی ڕاستەقینە لەژیاندا، میهرەبانییەو بێنەوایی ڕاستەقینەش خۆپەرستییە.(دیند)
- هەرچەندە لەسەر هەقیش بی بەڵام هەرتوندو تیژی بەکار مەهێنە. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- کەسێک کەتەنیا ڕاستی بڵێ، دەبێ ئەسپێکی توندڕۆشی بۆ ڕاکردن هەبی. (؟)
- ژیانی مرۆڤ، وەک بڵقی سەرئاوە. (؟)
- ژیان خەوەو خۆشەویستیش خەونەکەیەتی. (ئەلەفرێد دێ موسێ)

# توڕەیی

- وردبوونەوەو گوێڕاگرتن لەقسەی چەوسێنەران سەرەتای دەستپێکردنی چەوساندنەوەیە. (کۆنفۆشیۆس)
- تەمبێکردن لەکاتی تووڕەبووندا چاک کردن نیە، بەڵکوو تۆڵەیە. (مونت نین)
- تووڕە بوون لەئاگرە، بەئاو بیکوژێنەوە. (محەمەد پێغەمبەر/ د.خ)
- ڕق‌و تووڕەیی، ئەقڵ تێکدەداتو مرۆڤ لەسەر ڕێگای ڕاست لادەدات. (؟)
- تووڕە بوون، بەشێتی دەستپێدەکاو بە پەشیمانی کۆتایی دێت. (فیساگۆرس)
- ڕق‌و تووڕەیی، نەک تەنیا مرۆڤ بچووک دەکاتەوە، بەڵکوو دەیکوژێت. (؟)
- جنێودان برینەکەی سارێژ نابێ. (پەندی تاجیک)
- ئازا، ئەوکەسەیە کەتووڕەبوون بەئاوی ئارامی بکوژێنێتەوە. (عەلی کوڕی ئەبوتالیب/ع)
- کە تووڕەبوون دێتەگۆ، ئەقڵ خۆی دادەپۆشی. (پەندی چینی)
- پیاوی تووڕە، هەمیشە پڕە لەژەهر. (کۆنفۆشیۆس)

# لوقمانی حەکیم

**ئامۆژگاریەکانی لوقمانی حەکیم بۆ کوڕەکەی:**

- **کوڕم!خوای گەورە بناسەو هەر پەندو ئامۆژگارییەک کە بیڵێی، سەرەتا دەبێ خۆت باوەڕت پێی هەبێ.**
- **ڕێز، لەخەڵک بگرە.**
- **هەموو کەسێک، بناسە.**
- **نهێنی، دڵی خۆت ڕابگرە.**
- **دۆستەکانت، بەزەرەرو قازانج، تاقیبکەوە.**
- **خۆت بپارێزە لەخەڵکی بێ ئەقڵو نەزان.**
- **هاوڕێی زیرەکو زانا هەڵبژ ێرە.**
- **بۆ کاری باش، بەردەوام تێبکۆشەو خۆت ماندوو بکە.**
- **پرسووڕا، بەخەڵکی زاناو باش بکە.**
- **تێبکۆشە، کەقسە دەکەی، بەبەڵگەوە بیکە.**
- **دەورانی لاوێتی، بەهەلێکی زێڕین بزانە.**
- **لەکاتی لاوێتیدا، بۆ هەردوو دونیا بەباشی هەوڵبدە.**
- **دۆستو هاوڕێکانت، خۆشبوێ.**
- **لەگەڵ دۆستو دوژمندا، ڕوو خۆشو ڕوو کراوەبە.**
- **دایکوباوکت، بەلاوە زۆر بەڕێزو خۆشەویست بن.**
- **مامۆستایەکەت، بەباشترینی باوکان بزانە.**

- بەگوێرەی داهاتت، خەرج بکە.
- لەهەموو کارێکدا، میانەڕەوبە.
- پیاوەتیو پیاوانەیی، بکە بەپیشەی خۆت.
- خزمەتکردنی میوان، بەئەرکی پێویست بزانە.
- بچی بۆماڵی هەرکەسێک، چاوو زمانت بپارێزە.
- جلو لەشت، هەمیشە خاوێن ڕابگرە.
- منداڵەکانت فێری زانستو ئەدەبو تیر هاویشتنو سواری بکە.
- کار بۆ هەر کەسێک بکەی، بەگوێرەی توانینت بیکە.
- خوو بەکەم خواردنو کەم خەوتن بگرە.
- هەرچی بۆخۆت پەسندی ناکەی، بۆخەڵکی دیکەش پەسندی مەکە.
- هەر کارێک دەکەی، بەورد بینیەوە بیکە.
- بە نەشارەزاییو نەزانی، "وانە" بێژی مەکە.
- نهێنی خۆت لەلای ژنو منداڵ، باسمەکە.
- چاوت، لە شتی هیچ کەسێک نەبێ.
- چاوەڕوانی"وەفا" مەکە، لەکەسێک، کەوەفای بۆ هیچ کەسێک نەبێ.
- بەبێ بیرکردنەوە، قسە مەکە.
- کاری ئەمڕۆ، دوامەخە بۆ بەیانی.
- لەناکەسو بەخیل، چاوەڕوانی چاکەو دڵسۆزی، مەکە.
- لەگەڵ خەڵکی گەورەدا، بەدوورو درێژی قسە مەکە.
- کەسێک کەپێویستی بەیارمەتیت بوو، بێ هومێدی مەکە.

- زۆر بیر لەناخۆشیەکانی ڕابردوو، مەکەوە.
- بۆ شتی لەدەستچو و، خەم مەخۆ.
- لەگەڵ خەڵکی نەزان، زۆر قسەو باس مەکە.
- بەنارەوایی، باسی کەس مەکە.
- لە کارکردن مەترسەو، هەمیشە بێ باکبە.
- جێگای دانیشتنی خۆت، بزانە.
- گوێ لەقسەی گەوران، بگرە.
- وەپێش پیرانو لەخۆت گەورەتر، مەکەوە.
- کار، بەمیوان مەکە.
- لە پێناو زەرەرو قازانجدا، ئابڕووی خۆت مەبە.
- بێ ئەدەبو لە خۆبایی، مەبە.
- لەشەڕو ئاژاوە، خۆت دوور بگرە.
- کاتێک بەڕێگادا دەڕۆی، چاو لەخۆت مەکە.
- لەگەڵ گەورەو بچووکدا، گاڵتەو قسەی بێنرخو بێجێ مەکە.
- ڕێز، لەهەموو کەسێک بگرە، تا ئەوانیش، ڕێز لەتۆ بگرن.
- هەوڵبدە، دڵی خەڵک، ڕابگری.
- ویژدان، بەپارە، مەفرۆشە.
- ملکەچی حەقیقەتبەو ڕاستی بکە بەپیشەی خۆت.
- پۆشینی عەیبی خەڵکت، بەلاوە گەلێک گرنگ بێ.
- لە کۆکردنەوەی سەروەتو سامان، تەماح مەکە.

- **لەگەڵ خەڵکی هەژاردا، هەمیشە ڕو خۆش‌و قسەخۆشبە.**
- **لەکاتی پێویستیدا، لەخوا بپاڕێوەو هەرچی کە دەتەوێ، هەر لەو داوا بکە**

# ژیان چییه؟!

م. پشدەری

2010/02/16

- ژیان، پێکهاتەیەکی بەنرخە لەنێوان بوون و مەرگ دا
- =، تەندروستیی و نەخۆشییە
- =، خۆشیو ناخۆشی یە
- =، پێکەنین و گریانە
- =، خۆشەویستی و دەست لێکبەردانە
- =، میهرەبانیی و دڵسۆزییە
- =، ڕێزگرتن و بەیەکەوە ژیانە
- =، هاودەردی و هاوخەمییە
- =، هاوسۆزی و لێبوردەییە
- =، کارکردن و بەخۆشی ژیانە
- =، خۆپەروەردەکردن و بەسەربەرزی ژیانە
- =، هیواو هومێدە، کەوتن و هەستانەوەیە
- =، بڕوا بەخۆبوونە
- =، گرتنەبەری ڕێگای دروست و خوا ناسینە
- =، هەوڵدانە لەباشەوە بەرەو باشتر
- =، ڕاستگۆییە لەگەڵ هەموو کەسێکدا، تەنانەت لەگەڵ خۆشدا
- =، ڕازیکردنی ویژدانە لەبەرامبەر هەر بیرکردنەویەکدا
- =، خۆپاراستنە لەهاوڕێی خراپ و بەرژەوەندیی پارێز
- =، بەهرە وەرگرتنە لەئامۆژگاریەکانی خەڵکی باش
- =، خۆپاراستنە لەدرۆکردن و خەڵکی درۆزن
- =، بەجێگەیاندنی پەیمانو بەڵێنە لەگەڵ کۆمەڵدا
- =، ڕێزگرتنە لەکات و بەفیڕۆ نەدانیەتی
- =، ڕێزگرتنە لەمرۆڤ و جیاوازی دانەنانە لەنێوانیاندا
- =، ئازار نەدانی دڵی بەرامبەرە بە وتەی ژەهراویی و نابەجێ
- =، خۆبەزۆر نەگرتن و گونجانە لەگەڵ خەڵکدا
- =، دەم و چاو کراوەیی و ڕوو خۆشییە لەگەڵ هەموو کەسێکدا

- =، چێژ وەرگرتنە لەژیان و رازیبوونە بەو شتەی کە سروشت پێی بەخشیوە
- =، بەشداربوونە لەخۆشیو ناخۆشیەکانی کۆمەڵدا
- =، بیر نەکردنەوەیە لەرێگای چەوت و هەڵە، لە پێناو ژیاندا
- =، خۆناسینە. گەر وانەبێ، مرۆڤ سەرکەوتوو نابێ لەژیانیدا.

# مرۆڤ 2

م. پشدەری

2010/02/17

مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر بەتواناو پیرۆزە. خوای گەورەش ڕێزی بۆ داناوەو دەڵێ: لەسەر جوانترین شێوە دروستمانکردووە. لەبەرامبەر پیرۆزیی مرۆڤ دا، هەموو شتێکیی بەنرخ، بێ نرخە. بەڵام هەر مرۆڤ، کاتێک کە خۆی بێ نرخ دەکا، لەهەموو شتێکیی بێ نرخ، بێ نرخترە!

داخێکی زۆر گەورەیە، کە بۆ دەبێ هەندێک کەس ڕێز لەو پیرۆزیە نەگرن کە خوای گەورە پێی بەخشیون و لەگەڵ گیانلەبەرو ئاژەڵانیتر دا لەیەکتری جیا کردوونەتەوە؟!

مرۆڤ بەدیمەن بوونەوەرێکی بچووکەو جیهانیش لەبەرامبەریدا زۆر گەورەیە، بەڵام کاتێک کەخۆی پەروەردە دەکاو ناوبانگ پەیدا دەکا، لەجیهانیش گەورە ترو بەتوانا ترە. چونکە:

- هەر مرۆڤە دەتوانێ سیستمی رۆژگار بگۆڕێت لەباشەوە بۆ خراپ و لە خراپیشەوە بۆ باش.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ جیهان ئاوەدان بکاتەوە، هەر ئەویشە دەتوانێ وێرانی بکات!
- هەر مرۆڤە دەتوانێ ببێتە هۆی خۆشگوزەرانی بۆ سەرجەم خەڵکی سەر زەویی، هەر ئەویشە دەتوانێ بڕیار بدا بۆ لەناو بردنی زۆربەی خەڵک.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ دنیا پڕ بکا لە میهرەبانی و خۆشەویستی، هەر ئەویشە دەتوانێ هەموو کەسێک لەگەڵ یەکتریدا بکا بەدوژمن.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ دنیا بکا بە بەهەشتی سەر زەویی، هەر ئەویشە دەتوانێ جیهان بکا بە دۆزەخ و هەموو کەسێک بێزارکا لەژیان.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ بەتیشکی زانست، هەموو جیهان روناک بکاتەوە، هەر ئەویشە دەتوانێ ژیان بەرەو دوا بگێڕێتەوە.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ لەناو دڵی هەر تاکێکی خەڵکی دنیادا جێی خۆی بکاتەوە، هەر ئەویشە دەتوانێ خۆی ریسواو بەدناو بکا.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ ئاسایش و ئارامی بۆ ژیان دروست بکا، هەر ئەویشە دەتوانێ ببێتە هۆی ترسان و تۆقاندن.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ (بولبول) ئاسا، موژدەی بەهارو خۆشی و شادیی بێت، هەر ئەویشە دەتوانی (کوندەبوو) ئاسا، نیشانەی وێرانیی و کاولکاریی بێت.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ پەیامبەری ئاشتیی سەر زەویی بێت، هەر ئەویشە دەتوانێ شەیتانی دووبەرەکی و دوژمنی هەموو بوونەوەر بێت.
- هەر مرۆڤە دەتوانێ نموونەی مرۆڤایەتی بێت، هەر ئەویشە دەتوانی ریسواترین بوونەوەری سەر زەویی بێت.

# باسکردن

- گرنگ ئەوەنییە کە مرۆڤ هەرگیز باسی نەکرێت! بەڵکوو گرنگ ئەوەیە کە کێ باسی دەکا؟
- هەر کەسێک کە لەلایەن کەسانی باش بە باشی ناوی برا ئەوە باشە، ئەگەر بەخراپیش باسیکرا، ئەوە خراپە.
- ئەگەر لەلایەن خەڵکی خراپیشەوە پەسندکرای نیشانەی ئەوەیە کەهاوسەنگی ئەوانی، ئەگەر بەخراپیش ناوبرای بەختەوەری، چونکە لەوان جیای. (وەرگێڕ)

# پەندی جۆراوجۆر

- ئەقڵ شتێکەو قوتابخانە شتێکی دیکە. (؟)
- پشیلە، ئەگەر کوێریشبێ، دوای مشک هەر دەکەوێت. (عەرەبی)
- بەردی گەورە نیشانەی نەهاویشتنیەتی. (کوردی)
- ناتوانی بەزۆر ژنی خەیانەتکار، لەماڵدا ڕابگری‌و ناشتوانی ژنی پاک بەبێ هۆ، بەند بکەی. (ئیرلەندی)
- هەرکاتێک بەرتیل لە دەرگاوە هاتە ژوورەوە، دادپەروەری لە پەنجەرەوە دەچێتە دەرێ. ( تورکی !)
- ئەگەر هەر ئەمڕۆ تەلاقت دەوێ، سەلاو لەدایکی مێردەکەت مەکە. (فەرەنسی)
- پارە، خزمەتکاری پیاوی ئاقڵەو گەورەی پیاوی بێ ئەقڵیشە (ئەڵمان)
- خوانی بێخوێ، نرخی خاوەن ماڵ، کەم دەکاتەوە.(ئەفریقایی)
- گریانی پیاوی دلێرو ئازا، نیشانەی بێ هێزیەو گریانی ژنانیش، نیشانەی مەکرە. (ئیتالی)
- ئەگەر پارەت هەبێ، خزمو کەس وەک مێرولە، پێتدا هەڵدەگەڕێن. (ئینگلیز)
- تاکە قسەیەکی دایکی مێرد، سەدعیشوەو نازی بووک، بەتاڵ دەکاتەوە. (ئەفغانی)
- ددانێکی کرماوی‌و خراپ، باشترە لەحەوت ددانی دەستکرد. (فەرەنسی)
- ئەگەر درەنگ بۆ میوانی چووی، چاوەڕوانی گۆشتی ڕانی بەرخ مەکە.(ئەفریقای)
- قەواڵە دەدڕێت، بەلام بەڵێن، هەرگیز. (ئەڵمان)
- بەختەوەر ژنێکە، کەخەسووی نەبێ. (ئینگلیز)

- مێرد، گوڵەو دایکیشی دڕکە. (فەرەنسی)
- پارە، بەدیهێنەری خۆشەویستییە، هەم شەڕ! (مەجارستانی)
- بێ ئەقڵ، خۆی لەکاری هەموو کەسێک وەر دەدات، جگە لەکاری خۆی. (ئەڵمانی)
- هەورێک، کەزۆر گرمەی هەبێ، کەمتر باران دەبارێنێ.(هیندی)
- زۆر گەڕاو، زۆر درۆ دەکا. (سعدی)
- زێڕ، بەئاگر تاقیدەکرێتەوەو پیاویش، بەپارە.(کوردی)
- هەرشتێک، با بیهێنێ، با، دەیبات. (ئێرانی)
- هەرچەندە قەفەس تەنگتربێ، ئازادی شیرین ترە.(ئەڵمانی)
- سرکەی (خەل) بەلاش، لەهەنگوین شیرین ترە. (ئێرانی)
- دڵۆپە، دڵۆپە، کۆدەبێتەوە، دوایی دەبێ بەدەریا. (سعدی)
- کاتێک خۆر بدرەوشێت، پێویستیمان بەمانگ نییە. (روسی)
- ڕوبارە گەورەکان، خۆیان بەقەرزداری سەرچاوە بچووکەکان دەزانن. (یوگسلاڤی)
- بوون بەمەلا، ئاسانە، بوون بەمرۆڤ، ئەستەمە.(ئێرانی)
- نەزان، کەدوژمنی خۆیەتی، چۆن دەتوانێ دۆستی خەڵک بێ! تــورکــی)
- کەسێک، کە ڕابردووی باشبێ، لە لێپرسین ناترسێ.(سعدی)
- سەگ بەهێزی کلکی، ئێسک دەشکێنێت. (کوردی)
- زیاتر باوەڕ بەچاو بکە، نەک بەگوێ. (چینی)
- بە یەکدەست، چەپڵە لێنادرێت. (کوردی)
- دان بەخۆداگرتن، گەورەترین پلەی هونەرە. (ئیسپانیایی)
- دڵۆپە، دڵۆپەی ئاو، بەردکون دەکا. (روسی)

- ئەگەر زمان لێبگەڕێ، سەر سەلامەتە. (کوردی)
- خۆی ڕیشی نییەو بەکۆسەش پێدەکەنێ. (کوردی) ح- مورادی
- ئاژەڵ، بەلاق دەبەسترێتەوە، مرۆڤیش بەبەڵێن. (ئینگلیز)
- لەکاتی شەڕدا، شیرنی دابەش ناکرێت. (ئێرانی)
- ئێستا، تۆسواریو منیش پیادەم. چینی)
- کاتی مردن، هەموو ئارەزووەکان زیندوو دەبنەوە. (ئیتالی)
- دز، کەبوو بەهاوڕێی دادوەر، فاتیحەی یاسا بخوێنە. (ئیتالی)
- کەس بەدۆی خۆی نالێ ترشە. (کوردی)
- چ شتێکە، کەهیچکاتێک پیرنابێ؟ بێگومان، خۆشەویستی دایکە. (ڕۆمی)
- نرخی زێڕ، لەلای زێڕنگرە.(کوردی)
- هیچکەس ئێسکی وشک نالێسیتەوە. (ئەلبانی)
- گەورەیی، بەئەقڵە نەک بەساڵ، دەوەڵەمەندیش، بە هونەرە نەک بەماڵ. (سەعدی)
- مانگا، گەرچی ڕەنگی ڕەشە، بەڵام شیری سپییە. (ڕوسی)
- کاتێک، کە دووکەس بەشەڕدێن، سەگەکانیشیان دەبن بەدوژمن. (ژاپۆنی)
- سواڵکەر، هەرچەندە ملی لار بکاتەوە، زیاتر درۆ دەکا.(سکاتڵەندی)
- کونی درۆ، زۆر قووڵە.(فەڕەنسی)
- کەسێک، کە لەگەڵ خوا درۆبکا، لەگەڵ خەڵکدا، دەبێ چی بکا؟ (ئێرانی )
- پیاوی بەکردەوەبە، نەک پیاوی بەقسە. (سپانیۆڵی)
- پیاوی باش، دەنگی ویژدان دەبیسێ. (سپانیۆڵی)
- بێ پارە بی، بێ خزمی. (ئیتالی)

- شێر کە مرد، چەقەڵ کلکی ڕادەکێشێ. (سپانیۆڵی)
- کوڕێک، کە زۆر گوێڕایەڵی قسەی دایکی بێ، باشتروایە، ژن نەهێنیت. (ئەمریکایی)
- دنیا، پڕە لەبێ ئەقڵو ئەحمەق، ئەگەر باوەڕ ناکەی سەیری ئاوێنە بکە. (یوگسلاڤی)
- زیندانی، ئەگەر هومێدی نەبێ، ناتوانێ بژێت. (ئەڵمانی)
- هۆی هەموو ناخۆشیەک، هەژارییە. (عەرەبی)
- لەبیری نان دابە، گندۆرە هەرئاوە. (ئێرانی)
- دوژمن، کەهەوڵی ئاشتی دەدات، تۆ خۆت بۆ شەڕ ئامادە بکە. (ئینگلیز)
- بەپشیلەیان گووت: پیساییت بۆ دەرمان دەشێ، خێراشاردییەوە. (کوردی)
- بەئاسانی ئاگرهەڵدەبێ، بەڵام بەزەحمەت دەکوژێتەوە. (یۆنانی)
- ئازا، جارێک دەمرێ، ترسنۆک هەزار جار. (م/ هەژار)
- ژەنگ، ئاسن دەخوا، ئێرەیش دڵ. (فەرەنسی)
- دادوەری بەرتیل خۆر، پێش مردن شێت دەبێ.(ژاپۆنی)
- دوژمن، هەرچەندە بێ هێز بێ، تۆ بەکەمی مەگرە. (ئیتالی)
- سەرم بشکێنە، بەڵام نرخم مەشکێنە. (ئێرانی)
- بەدەست لەسەردەست دانان، کار جێبەجێ نابێ. (یۆنانی)
- یاسا، زیاتر ددان نیشان دەدات، بەڵام گاز ناگرێ. (ئینگلیز)
- گورگ، لەوانەیە پێستی بگۆڕێ، بەڵام ناتوانێ هەڵوێستی بگۆڕی. (یوگسلاڤی)
- پیاوی بێ ئیش، زۆر قسە دەکا. (فەرەنسی)
- گورگی خەوتوو، وەخەبەرمەهێنە. (روسی)
- گرێیەک، کەبەدەست دەکرێتەوە، بۆ بەددان دەیکەیتەوە؟ (ئێرانی)

- کوێر، چیدەوێ؟ دووچاوی ڕوون. (کوردی)
- هیچکەس، عەیبی خۆی نابینێ. (ئێرانی)
- ژنو ددان، ئەگەر زۆر خزمەتیان نەکرێت، زوو خراپ دەبن. (فەرەنسی)
- درێشووکەی مارو زمانی مرۆڤ، هەردوکیان زیان بەخشن.(ئیتالی)
- باوەڕ پێکراوی هەموو کەسێک بە، بەڵام باوەڕ بەهیچکەس مەکە. (ئینگلیز)
- ژن، وەک ماسی وایە، بەئاسانی وەدەست دێت، بەڵام ڕاگرتنی ئەستەمە.(سپانیۆڵی)
- دەرگای ماڵەکەت باش دابخە، هاوسێکەت بەدز مەگرە.(کوردی)
- ژنی کەچەڵ، بەقژی کچە پووری دەنازێ.(عەرەبی)
- لەئێستریان پرسی: کوڕی کێی؟ وتی: خاڵم بارگینە.(کوردی)
- تا شێتێک نەبێ، شێخێک نابێ. وەرگێڕ
- مەیموون، هەرچەندە ناشیرینتر بێ، مەکرو ئەدای زیاتردەبێ. (ئێرانی)
- ئەوەی کە گوێ دەبیبیسێ، ئەوە نی یە کە چاو دەیبینی. (میسری)
- تەنانەت پەنجەکانی دەست، هەموویان وەک یەک نین. (یوگسلاڤی)
- بێدەسەڵاتترین گیان لەبەر پیاوە، لەبەرامبەر ئەوینی ژندا.(ئوسترالی)
- شەڕابی بەلاش، مەلاش دەیخواتەوە. (ئێرانی)
- ئەگەر بتەوێ شتێک لەناو کۆمەڵدا بڵاو بکەیەوە، لەگەڵ ژنەکەت باسی بکەو بڵێ: ئەوشتە زۆر گرنگە، تکایە با کەس نەیزانێ. (ئەڵمانی)
- پیاوی پیر، کەکچی گەنج بێنێ، مەرگ دەکەوێتە پێکەنین. (ئەڵمانی)
- هەرکەسێک شەرمی نەبێ، بڕواشی بەهیچ شتێک نییە. (عەرەبی)
- ژنی ڕوو خۆش، سەرچاوەی بەختەوەرییە. (سوئێدی) _ئەگەر خوا بیدات...._

- یان جوان قسەبکە، یان بێدەنگ بە. (سعدی)
- سەری تاسەو شەڕیش دەکا لەسەرشانە. (عەرەبی)
- لەنێو شێراندا ڕێوی بی باشترە، نەک لەنێو ڕێویاندا شێربی (عەرەبی)
- دەنگی دەهۆڵ، هەر لەدوورەوە ببیسی باشە. (کوردی)
- لۆکەو ئاگر، بەیەکەوە ناگونجێن. (هیندی)
- ئەگەر ناتوانی گاز بگری، ددانت نیشان مەدە. (ئینگلیز)
- مانگ، هەمیشە لەژێر هەوردا نابێ. (عیبری)

ڕاکردن لەبەر فیل عەیب نییە. (ئەنامی)

- منداڵێک کە زۆر پرسیار دەکا، نیشانەی زیرەکی یە. (داهۆمی)
- نان، بەبێ ماندوو بوون وەدەست نایەت. (یوگسلاڤی)
- گوێڕابگرەو سەیرکە، لەبارەی خەڵک چ بڵێن، لەبارەی تۆش هەمان شت دەڵێن. ( کوبایی)
- شێر، کەزنجیرکرا، کەروێشکیش پەلاماری دەدەن. (ئۆگاندایی)
- هەوری ڕەش، تەنیا هەڕەشە دەکا، هەوری سپییە کەباران دەبارێنێ. (ڕۆژ هەڵاتی)
- گورگ ددانەکانی لەدەست دەدات، بەڵام دوژمنی خۆی لەبیرناکا. (ئیتالی)
- خوێن، کە بەناحەق بڕژێت، هەرگیز لەبیرناکرێت. (کوردی)
- کەسێک، کەبەهیوای شانس لێی پاڵداتەوە، چەند ساڵ بەر لەمردنی، مردووە. (فەرەنسی)
- ئەسپ، لەبنەماڵەی دەوڵەمەند بکڕەو ژنیش لەبنەماڵەی هەژار بێنە. (ئەستۆنی)
- کەسێک، کەژنی دەوڵەمەند بێنێ، ئازادی لەدەست دەدات. (ئەڵمانی)
- جارێک دیتن باشترە، لەهەزار جار بیستن. (ژاپۆنی)
- مردوویەکی بەناوبانگ، باشترە لەهەزار زیندووی بەدناو. (ئێرانی)

- گیانی نەزان، بەزانست زیندوو دەبێتەوە. (پوریای وەلی)
- نرخی باوکت کاتێک دەزانی، کەخۆت بووی بەباوک. (دهخدا)
- پێشبینی، پەشێمانی بەدواوە نییە. (مەڕدۆخ)
- من، بۆتۆ دەمرم، تۆش بۆیەکی تر.(هیندی)
- کەوتنە ناو دەریا باشترە، لە کەوتنە ناو دەمی خەڵک (چینی)
- ژنی پینەچیو ئەسپی ناڵبەند، هەمیشە پێخواسن. (ئیرلەندی)
- ماسیو میوان، دوو ڕۆژ باشن، ڕۆژی سێ یەم بۆن دەبن. (ئیسپانیایی)

سالێخۆش، لەبەهارەوە دیارە. (ئێرانی)

- خۆشەویستی پیاو لەقسەکردندایە، خۆشەویستی ژنیش، لەبزەی سەرلێو. (چینی)
- چوار شت دەبنە هۆی بێزاری: تاژی تەمبەڵ، سەرۆکی نەزان، ژنی بێ منداڵ، ئەسپی لەسەرخۆ. (ئیرلەندی)
- ئەگەر بچی بۆ سەردانی گورگ، سەگ لەگەڵ خۆت ببە. (روسی)
- مەل، کە لەئاسمان بفڕێت، لەشەپۆلی دەریا ناترسێت. (ئینگلیز)
- لەگەڵ ڕێوی فێڵبازبەو لەگەڵ درۆزنیش، ڕێوی بە. (فەرەنسی)
- کەسێک، کە بیرو باوەڕی خۆی بەپارە دەفرۆشێت، مرۆڤ نیە. (هیندی)
- تیرداویو کەوان دەشارێتەوە. (کوردی) حەسەن مورادی
- زۆر سەرهەڵبڕی، کڵاوت لەسەردەکەوێ. (کوردی)
- درۆزن، خۆی نازانێ، بەڵام هاوڕێکەی شەرمەزاردەبێ. (کوردی)
- نزیکی هیزەبی، چەور دەبی، نزیکی دیزەش بی، ڕەش دەبی.(کوردی) ح موراد
- ئەگەر باشت کرد، ئەڵێی خۆم کردم، گەرخراپیشت کرد، ئەڵێی خواکردی.(کوردی)

- بێشە، ئەگەر ئاگر بگرێ، لەتەڕو وشک ناپرسێ. (کوردی)
- گوێدرێژ، ئەگەر بارەکەشی تفەنگ بێ، گورگ هەر دەیخوا. (کوردی)
- هاوڕێی کەسێک بە، کە ئەویش هاوڕێت بێ،
- بۆ کەسێک بدوێ، کەگوێت لێبگرێت،
- ڕێز، بۆ کەسێک دابنێ، کەشیاوی ڕێز بێ،
- هەرکەسێک کەهەستت بریندار بکا، لێی دوور کەوە،
- چۆن لەبەر شێر ڕادەکەی، ئاواش لەبەر نەزان ڕابکە،
- هەر کەسێک لوتبەرزو خۆ بەزۆرگربێ، بۆدۆستایەتی نابێ،
- زمان، ئەگەر لێی وریانەبی، دوژمنێکی گەورەیەو بەرەو هەڵدێرت دەبا. (وەرگێڕ)
- زۆر جوان بیربکەوە، دوایی قسەبکە. (سعدی)
- تا تۆ ئامۆژگاری منت کرد، من هەزار مێرووولەم ژمارد. (کوردی) ح- مورادی
- کەربەستە، لەخەم ڕەستە. (کوردی)
- لاقی شکاوەو کلکی دەپێچن. (کوردی)
- بەڵێ، تۆ وتت، منیش باوەڕم کرد! (کوردی) - ح/ مورادی-
- تۆ، ڕاست دەکەی، بەڵام خوا درۆزن بگرێ. (کوردی) - ح/ مورادی-
- تێگووشین، بەهیوای ماڵی دراوسێ، وشکە. (کوردی)
- خواردنی ماڵی دراوسێ، یان زوودێ، یان درەنگ دێ، یان هەرنایە (کوردی) - ح/ مورادی-
- لە چاوی کوێر، هەرئەوەندە فرمێسک دێ. ( کوردی)
- تێر، ئاگای لەبرسی نییە. (کوردی)
- دەست بە کڵاوی خۆتەوە بگرە - با- نەیبات. (کوردی)

- بۆق، بەواقەواق، گەورەنابێ. (کوردی)
- خەرمان گەورەی هەمیشە برسی. (کوردی)
- ناوی گەورەو شاری وێران. (کوردی)
- لەدەرەوە، خەڵک دەکووژێ، لەناخیشدا خۆی (کوردی) - ح/ موڕادی-
- لەدەرەوە، زەوق، لەناخیشدا تەوق. (کوردی) ح- موڕادی
- خەتەنە، فەڕزە بەڵام بەئینساف. (کوردی) حەسەن موڕادی
- قسەیەک بکەلەبەهری سەواو، نەشیش بسووتێ، براگەم نەکەواو. (کوردی) - ح/ موڕادی-
- کەخوا یارتبێ، لەسوڵتان مەپیچ، خوا یارت نەبێ، سوڵتانبی، وەهیچ. (کوردی) - ح/ موڕادی-
- کاسەی پڕلەنان، ئاشتی ناوماڵە. (کوردی)
- مانگا، ئەگەر بەدۆ دەبوو، لەبەر دەرگای خاوەنی دەبوو. (کوردی) - نەجات ئەحمەد)
- سەگێ ماخۆ چەغاندی، هەمووخەڵکی چەغاندی. (کوردی)- نەجات ئەحمەد)

# ژیان دەریایە

م. پشدەری

2010/07/01

مرۆڤ، تا هیچ نییە، پێیوایە هەمووشتێکە. بەڵام کەبوو بەهیچ، دەزانێ کە هیچ نییە. مەبەست لەو نووسینەدا ئەوەیە کەمرۆڤ لەدوو کاتدا زۆر شادە و خۆی بە بەختەوەرترین کەس دەزانێ:

یەکەم: ئەو کەسە کەهەموشتێک دەزانێ و لە هیچ شتێک دانامێنێ، دڵخۆشە بەوە کە تەنیا مرۆڤێکی ئاساییەو هیچیتر.


دووەم: ئەو کەسە کەهیچ شتێک نازانێ، بەڵام پێیوایە هەموو شتێک دەزانێ و دنیا بەئارەزووی ئەو دەسووڕێ.

بەڵام گومان لەوەدانیە کە ژیان دەریایەو مەلەوانی زۆر شارەزای دەوێ و هەرکەسێک کە مەلەوانێکی چالاک نەبێ، زوو نقووم دەبێ و بۆ هەمیشە بزردەبێ.

## مرۆڤ چۆن دەبێ بەمەلەوانێکی سەرکەوتوو لەدەریای ژیاندا؟

- دۆزینەوەی رێگای خۆشەویستی بەرامبەر بەمرۆڤ، بەسروشت، بەئاژەڵ و هەرچی بوونی هەیە.
- بڕوا بەخۆبوون، لەسەرووی هەمووشتێکەوە، بڕوا بەخوا بوون و پشتبەستن بەئەو.
- راستگۆیی، یەکەمجار لەگەڵ خۆ، دواتر لەگەڵ هەموو کەسێکدا.
- رێزگرتن لەهەموو کەسێک، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پلەوپایە.
- خۆبەگەورەتر نەزانین لەهیچ کەسێک، ئەگەر لەبەرزترین لوتکەی ژیانیشدابێ.
- بەکەمنەگرتنی هیچ کەسێک، ئەگەر لەنزمترین پلەشدابێ.
- دانەبەزاندنی نرخی هیچ کەسێک نەبەقسە، نەبەکردەوە.
- بیرنەکردنەوە لەزیانگەیاندن بە هیچ شتێک لە پێناو بەرژەوەندیی تایبەتدا.
- گرتنەبەری رێگای راست بۆ بژێوی ژیان.

- تێکەڵنەبوون لەگەڵ کەسانی ناڕاست و فێڵبازدا.
- خۆ بەدوور گرتن لەدرۆکردن و خۆهەڵکێشان.
- هاودەردیکردنی خەڵک بەبێ لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیەکانی تایبەتی.
- دروستکردنی کەسایەتیەکی شیاو بەهۆی توانای خۆت، نەک خۆهەڵواسین بەخەڵکی دیکەوە!
- بەوەفابوون لەگەڵ هەموو کەسێکدا، بەتایبەت لەگەڵ ئەوانەدا کە خاوەن چاکەن.
- بەیەک زمان دوان لەگەڵ هەموو کەسێکدا، چونکە خوا مرۆڤی دوزمانی خۆشناوێ.
- پاراستنی ڕێزو کەسایەتی و خۆ دوورگرتن لەقسەی بێسوود.
- راوێژکردن بەکەسانی شارەزاو راستگۆ.
- کارێک بکرێت کەنەبێتە هۆی لەکەدارکردنی کەسایەتی.
- هەرشتێک کە دڵ پەسندی نەکا، پەسند نەکرێ.
- خۆپێنەگەیاندن لەسەر حیسابی خەڵک.
- گوێگرتن لەدەنگی ویژدان و کردنیی بەدادوەر، بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک.
- هەوڵدان بۆ زانست بەبێ وەستان، بەڵام بەومەرجە کەلەخزمەتی گشتیدابێ، نەک هەر بۆ (ناو).



# گوێ ڕەش


م. پشدەری
2010/06/16

گوێڕەش، گیانلەبەرێکە لەپشیلە گەورەترو لە ڕێویش بچووکترە. بەڵام ئەو گیانلەبەرە، هەر بەدوای شێرەوەیەو بۆ هەموو گیانلەبەرەکانی دیکە جێی سەرسوڕمانە. هەر بۆیە لێی دەپرسن و دەڵێن: تۆ لەگەڵ شێردا جیاوازیت یەکجار زۆرە! بۆ هەر حەزدەکەی لەدوای شێر بڕۆی؟ یان ئەگەر لەدوای ئەو دەڕۆی، بۆ لێی نزیک نابیەوە؟ بەردەوام دەبن و دەڵێن: پێمانخۆشە بزانین کە تۆ و شێر، لە چ شتێکدا یەکتر دەگرنەوە؟

لە وڵامدا دەڵێ: من و شێر لەهەموو شتێکدا جیاوازیمان هەیە؛ ئەو گەورەیە، من بچووکم. ئەو بەهێزە، من بێهێزم هتد... بەڵام... لەدواکەوتنی شێردا، من دوو سوود وەردەگرم، کە بۆمن زۆر گرینگن: یەکەمیان ئەوەیە کە لەدوای ئەو دەڕۆم، لەدوژمنەکانم پارێزراوم. دووەمیان ئەوەیە کە پاشماوەکەی ئەو دەخۆم؛ کە هەمووی بۆ نەخورا. هەروەها ئەوەندەش لێی نزیک نابمەوە کە بمخوا.

ئەو نموونەیە، یەکێکە لەنموونە شاکارەکانی (سعدی شیرازی) کەبەڕاستی زۆر گونجاوە لەگەڵ ئەو کەسانەدا، کە بۆ خۆناساندن بە خەڵک، یان بە خەیاڵی خۆیان بۆ پۆینت زیادکردن لەسەر کەسایەتی خۆیان، لەو کەسانە نزیک دەبنەوە کە کەمێک لەناو خەڵکدا دیارن. ئینجا ئەو دیاربوونە، چ بەهۆی دەسەڵاتەوەبێ، چ بەهۆی سامانەوەبێ، یان بەهۆ شەهادەوەبێ! کە پێموایە هەرکەسێک پێویستە بۆخۆی هەوڵدا کەسایەتی بۆخۆی دروست بکا، نەک بەهۆی کەسایەتی کەسایەتیەکان، لە کەسایەتی خۆی زیاد بکا!
هەر بۆیە کورد دەڵێ: (تێگوشین بەتەمای ماڵی دراوسێ، هەر وشکە)





# پەروەردە

م. پشدەری
2010/06/14

سەرکەوتنێکی زۆر پیرۆزە بۆ هەر کەسێک، کەلەناو باوەشی دایک و باوکیدا پەروەردە کرابێت و بە زۆرێک لەئاواتەکانی گەیشتبێت. لەوەش گرنگتر ئەوەیە کە هەرکەسێک لەو بەهرە بەنرخەیە بێبەش بوویێت، بتوانێت خۆی پەروەردە بکات و لانیکەم بە کەمێک لەئاواتەکانی بگات.

من خۆم یەکێک بووم لەوکەسانە کە بەداخەوە بەهۆی بارودۆخی نەگونجاو، نەمتوانی وەک پێویست لەو بەهرە گەورەیە بەهرەمەند بم. بەڵام بەهۆی شەقی ڕۆژگارو گەڕان و سووڕان و دەربەدەری و تێکەڵبوونم لەگەڵ خەڵکی باش و بە ئەزموون دا، هەروەها زیان پێگەیشتن لەلایەن کەسانی هەلپەرست و بەرژەوەندی پارێزەوە، فێری هەندێک شت بووم، کە بێگومان سوودی زۆر گەورەیان بەمن بەخشیوە.

یەکەم: خۆناسین، چونکە هەرکەسێک خۆینەناسێ، ناتوانێ کەس بناسێ.

دووەم: خۆشەویستی بۆ نیشتیمان، ئەویش تاکو لێی دوور نەکەویتەوە، نازانی چەندە بەنرخە.

سێ یەم: خۆشەویستی بۆ هەموو مرۆڤێک، چونکە جگە لەجیاوازی زمان، هیچ جیاوزیەکی دیکە بەدیناکەم لەنێوانیاندا.

چوارەم: ئەگەر لەدەستم هاتبێ، چاکەکردن بەبێ بەرامبەر. کە بێگومان ئەوە ئەرکە.

پێنجەم: تێگەیشتن لەخۆشی و ناخۆشیەکانی خەڵک و هاوبەشیکردنیان.

شەشەم: بەوەی کە هەمە ڕازیم و چاوم لەماڵی هیچ کەسێک نی یە.

حەوتەم: هەوڵدەدەم لە هەموو کەسێک شت فێربم، چونکە هەرکەسەو بەشێوەیەک شارەزایی زیاتری هەیەو سوودی لێوەردەگیرێت.

هەشتەم: هەرکەسێک ڕێز لەخۆی نەگرێت، خۆمی لێ بەدوور دەگرم.

نۆیەم: هەرکەسێک بە هەر شێوەیەک زیان بە کەسایەتیم بگەیەنێت، خۆمی لێدەپارێزم.

**دەیەم: خۆشبەختی خۆم لەخۆشبەختی خەڵکدا دەبینمەوە، هەروەکچۆن بەدبەختی خۆم لە بەدبەختیەکانی خەڵکدا.**

# لێکتێگەیشتن

م. پشدەری
12:12 2010/11/11

بۆچێژوەرگرتن لەژیان، پێویستە مرۆڤەکان هەوڵبدەن خۆیان ڕابێنن تا لەیەکتر تێبگەن و بەجوانی هەستیی یەکتر بخوێننەوە. هەروەکچۆن مرۆڤی خوێندەوار بۆ زیاتر تێگەیشتن لەژیان و ئەزموون وەرگرتن لەڕابردووی خەڵک و پلان دانان بۆ داهاتوویەکی بەختەوەرانە، خۆی خەریکی خوێندنەوەی کتێبی بەسوودی جۆراوجۆر دەکاو ئەگەر لێشیتێنەگەیشت زیاتر هەوڵی خوێندنەوەی دەدا، دەبێ بەهەمانشێوەش خۆی ماندوو بکا تا لەهەستی خەڵک تێبگا بۆ ئەوەی ژیانی خۆی خۆش بکاو دەروونی ئارام بکا.

هەروەک کتێبەکان هەریەکە لەلایەن کەسێکەوە نوسراون و بەزمانی جیاجیا داڕێژراون، مرۆڤەکانیش بەهەمانشێوە بیروبۆچوون و لێکدانەوەی تایبەت بەخۆیان هەیەو پێویستە هەرکەسەو بەپێی تێگەیشتنی خۆی لەگەڵیدا ئاخاوتن و هەڵس و کەوت بکرێ.

مرۆڤ کاتێک لەدایک دەبێ سروشتێکی پاک و بێغەشیی هەیە، کاتێک چاوی دەکرێتەوەو کەمێک لەژیان تێدەگا، سەیری دەوروبەری خۆی دەکاو ئەوەی کە ئەوان دەیکەن زیاتر هەر ئەو فێر دەبێ و هەر ئەوە دەکا. بەڵام دواتر کە زیاتر خۆی دەناسێ و دەچێت بۆ ناو کۆمەڵگا، هەوڵ دەدا ئەوەی کە لەسەرەتادا فێری بووە، شتە باشەکان زیاتر بکاو شتە خراپەکانیش بەشتی باش ئاڵوگۆڕ بکا.

بەڕای من هەروەک چۆن لەهەموو شتێکدا جینسی چاک و خراپ هەیە، بێگومان لەناو مرۆڤەکانیشدا هەروایەو خەڵکی گونجاوو نەگونجاو هەیە، ئارام و بێ ئارام هەیە، خۆبەزۆرگرو خۆبەکەمگر هەیە، بێنرخ و بەنرخ هەیە، راستگۆو درۆزن هەیە، زۆر بڵێ و کەم دوێ هەیە، دووره پەرێزو تێکەڵ بەخەڵک هەیە، فێڵبازو دڵپاک هەیە، روخۆش و ڕووناخۆش هەیە، رەزیل و دڵکراوە هەیە، رەشبین و گەشبین هەیە، دڵنەرم و دڵڕەق هەیە، بێتواناو بەتوانا هەیە، بێوەفاو بە وەفا هەیە، یەکڕوو دوو ڕوو هەیە، بەڕێزو جڵف هەیە، زمان لووس و بێ فێڵ هەیە...هتد باس لەجوانی و ناحەزیش ناکەم چونکە جوانی و رازاوەیی مرۆڤ لەگونجان و رەوشت بەرزیی دایە. ناحەزیش پێچەوانەکەیەتی و ئەگەر مرۆڤ نەتوانێ لەژیانیدا گۆڕانکاری بەسەرخۆیدا بێنێ، هەرچەندە بەشێوە جوان و لەبەرچاو بێ، بەناشیرنترین بوونەوەری سەرزەوی دێتە بەرچاو...

کەوابوو، دەتوانم بڵێم: سەرچاوەی خۆشکردنی ژیان و گۆڕانکاری لەمرۆڤدا، لەخوێندنەوەو تێگەیشتن لەیەکتر سەرهەڵدەداو نابێ ئەو راستییەش لەبیرکەین کە مرۆڤ بوونەوەرێکی زۆر بەنرخ و پیرۆزە، بۆیە پێویستە ئەو رێزەی کە بۆی دانراوە، بیپارێزی.

# بۆئەوەی ویژدانت ئاسوودەبێ:

م. پشدەری

05:50:34 2010/11/13

- هەرگیز درۆ مەکە، تەنانەت ئەگەر زیانیشت پێ بگات. چونکە سەرکەوتن هەر لەڕاستیدایە.
- فشە مەکەو بەشان و باڵی خۆت هەڵامەڵێ. چونکە خۆت ناشیرین دەکەی.
- لوت بەرز مەبەو هیچ کەسێک بەکەم مەگرە.
- بە وتەی ناخۆش و نابەجێ، دڵی هیچ کەس ئازار مەدە.
- فێڵ لەکەس مەکەو رێگەش مەدە کەس فێڵت لێبکا.
- لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانتدا، ماستاو بۆ هیچ کەسێک مەکە.
- تابۆت دەکرێ چاکە بکە، بەڵام ئەوەندە نەبێ کە بەرامبەرەکەت پێیوابێ ئەرکە لەسەرت.
- رازیی دڵت بپارێزەو پارێزەری نهێنیەکانت بە.
- خۆت پێ لەکەس گەورەتر نەبێ و خۆشت بەکەم مەگرە.
- لەگەڵ هەموو کەسێکدا پاکبەو خۆت لەناپاک بپارێزە.
- هاورێی باش هەڵبژێرەو خۆت لەخەڵکی نەفس نزم بپارێزە.
- هەرشتێک جارێک گێڕاتەوە، جارێکی دیکە مەیگێڕەوە، چونکە بێتام دەبێ.
- کاتێک شتێک بۆ دەوروبەرت دەگێڕیەوە، بەقسەکەی خۆت پێمەکەنە.
- هەرشتێک کە دەیڵێی، پێش دەربڕین، جوان بیری لێبکەوە. ئەگینا دوایی پەشیمان دەبیەوەو خەمی لێدەخۆی.
- هەرکەسێک قسەت بۆ دەکا، باش گوێی لێبگرەو قسەی لێمەبڕە. تۆش هەرچی هەتە جوان دایرێژەو دوای ئەو بێژە.

- تا ڕێگا بۆ قسەکەت نەکەیەوە، هەرگیز دەمت مەکەوەو وەزنی خۆت دامەبەزێنە.
- خاوەن بەڵێن بە، چونکە بێبەڵێنی مرۆڤ دەشکێنێ.
- هەرکەسێکت خۆشویست، بەڕاستی خۆشتبوێ و فێڵ لەخۆت مەکە.
- هەرکەسێک هاوهەست و هاوکێشی خۆت نەبێ، نەخزمایەتی بکە نە هاوڕێیەتی، چونکە دەوامی نابێ.
- هەرکەسێک ڕێز لەخەڵک نەگرێ، خۆتی لێ دوور بگرە.
- هەرکەسێک نرخ بۆخۆی دانەنێ، نرخ بۆ هیچ کەس دانانێ، کەوابوو خۆتی لێ بپارێزە.
- هەرکەسێک بەزمانی لوس لەگەڵت دوا، ئاگات لەخۆت بێ.
- (هەرکەسێک دۆستت نەبوو، وەک دوژمن سەیری مەکە. بەڵکو هەرکەسێک دوژمن نەبوو، وەک دۆست سەیری بکە.)
- لەپێناو بەرژەوەندی خۆتدا، هیچ کەسێک بەکارمەهێنەو هەلپەرست مەبە.

# ژیان چییه؟!

**م. پشدەری**

2010/10/20

- **ژیان، هاوکارییە.**
- **ژیان، لەیەکتری تێگەیشتنە.**
- **ژیان، نیەت پاکییە.**
- **ژیان، بەدەنگەوە هاتنە لەکاتی تەنگانەدا.**
- **ژیان، یەکڕوویی و بەیەک زمان دوانە لەگەڵ بەرانبەردا.**
- **ژیان، لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندییە.**
- **ژیان، خۆشەویستییە.**
- **ژیان، راستگۆییە لەگەڵ یەکتریدا.**
- **ژیان، ڕووخۆشییە.**
- **ژیان، گوێڕایەڵییە.**
- **ژیان، هاوبەشییە لەخۆشیو ناخۆشیەکان و هاودەردیی و هاوخۆشییە.**
- **ژیان، بەختەوەرییە.**
- **ژیان، دڵخۆشییە بەوەی کە هەیە.**
- **ژیان، رازیبوونە بەوەی کە هەیە.**
- **ژیان، منەتنەکردنە لەسەر هیچکەس بەوەی کە دەیکەی یان بەوەی کە دیزانی.**
- **بۆ ئەوەی ژیانت خۆشکەی، ویژدانت ئاسوودە بکە.**
- **یارمەتی خەڵک بدە.**
- **هاوکاری خەڵک بکەو زۆر شادبە، ئەگەر وانەبی، بەختەوەر نابی.**
- **داوای هاوکاری لەخەڵک بکە، بەڵام بەمەرجێک، ئەوکەسەی داوای لێدەکەی، زیاتر لەتۆ پێیخۆشبێت.**

- **داوای هاوکاری لەکەسێک بکە، کەهەستی پیاوبوون و پیاوەتی تێدابێ.**
- **ژیان بەبێ ئەو خاڵانەی سەرەوە، رووبارێکی وشکەو هیچ سوودی نابێ.**

# راستیی

- مرۆڤ تاکو لەگەڵ خۆیدا راستنەبێ، ناتوانێ لەگەڵ هیچ کەسێکدا راستبێ.

- ئەوەی کە زۆر گرنگە بۆ مرۆڤ ئەوەیە، کەنابێ هەرگیز فێڵ لەخۆی بکا. چونکە نزیکترین کەس بۆ ئەو، تەنیا خۆیەتی.

- ئەوەی کە بەئاسانی کڵاوی لەسەر دەنرێت، بۆ ئەوە نابێ هەرگیز دڵیی خۆشبێ. چونکە کەسێکی رووخاوە لەژیاندا.

- کەسانی بەرژەوەندی پارێز، ئامادەن لەپێناو بەرژەوەندیەکەیاندا، پەنا بۆ هەمووشتێکی نەشیاو بەرن

وەرگێڕ

# دین، ئەگەر بریتی بێت لە:

م. پشدەری

2011/05/23

- دووڕوویی،
- درۆزنی،
- دووزمانی،
- دژایەتیکردنی خەڵک،
- دووبەرەکی،
- دوژمنایەتی،
- دابڕان لەڕاستی،
- دابەزاندن و کەڕامەت شکاندن بەقسەی بێ مانا،
- دان بەڕاستیدانەنان،
- داڕشتنی پیلانی ژەهراوی،
- درێژەدان بەئاژاوە نانەوە،
- داخستنی دەرگاکانی راستی،
- دووركەوتنەوە لەفەرمانە پیرۆزەکانی خوای گەورە،
- درێژدادڕی و بێڕێزیکردن،

من هەرگیز ئەو شێوە دینە پەسندناکەم. لەبەر ئەوە دین، واتا گوێڕایەڵیی و ملکەچکردن بۆ فەرمانەکانی خوای گەورە، کە سەرجەم شتە باشەکانی لەخۆگرتووە.

ئەگەر ئەوانەی بڕوایان بەخۆیان هێناوە کەدین بریتییە لەو خاڵە نەگریسانەی سەرەوە، دەتوانن کەمێک کات لەخۆیان بگرن و فەرمودەکانی خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا بخوێننە؛ بەتایبەتی

سورەی (المنافقون، هەروەها سورەی المؤمنون) بۆ ئەوەی تێبگەن کە لادان لەفەرمانەکانی خوای

گەورە چەندە کارەسات هێنەرە!!!!!!!!!!!؟

# خیانەتکردن

م. پشدەری
2011/04/04

کاتێک بیر لە خیانەتێک دەکەیەوە بەرامبەر بە کەسێک یان بەرامبەر بە کۆمەڵێک، ئینجا ئەو خیانەتە، بە زمان بێت یان بەکردەوە، سەرەتا زۆر باش بیربکەوەو بیر لە پێشهاتەکانی ئەو خیانەتە بکەوە بەرامبەر بەخۆت.:
کورد دەڵێ: (چی بچێنی، هەر ئەوە دەدروویەوە.)

یەکەم: هەتا ئەو ڕۆژە کەدەمریی، ویژدانت لەئازاردایەو تەنانەت بۆ ساتێکیش بەدڵێکی ئاسوودەوە ژیان تێپەڕناکەی.
دووەم: هەرکەسێک چاڵ بۆ هەرکەسێک هەڵکەنێ، لەئەنجامدا هەر خۆی تێیدەکەوێت.
سێیەم: لەئەنجامدانی ئەو خیانەتەدا، دوور نییە زیان بە ماڵت بگا، بە کەسایەتیت بگا، بە ماڵ و منداڵت بگاو هتد.
چوارەم: کاتێک کە دڕک دەچێنی، هەرگیز چاوەڕێ مەبە گووڵ بچنیەوە.
پێنجەم: هیچ کەسێک بەهۆی خیانەتەوە، لەژیاندا سەرکەوتوو نەبووە.
شەشەم: ئەو کەسەی خیانەت دەکا یان نیازیی خیانەتکردنی هەیە، هەروەکچۆن خاڵێکی ڕەش لەسەر بەفر دیاریدەکا، ئەویش ئاوا لەناو کۆمەڵگادا دیارەو ناتوانێ سیمای خۆی بشارێتەوە.
حەوتەم: ناشێرینترین دیمەن، ئەو دیمەنەیە کە تەنیا بیر لە تێکدانی ژیانی خەڵک و خیانەت دەکاتەوە.
هەشتەم: بێبایەخترین و کەم نرخترین کەس هەر ئەوانەن کە تەنیا دەتوانن وەک مێشە ڕەشە هەر لەسەر شتی پیس بنیشن.
نۆیەم: ئەو کەسەی بۆ چەند ساتێک بۆ ئەنجامدانی خیانەتێک دەیەوێ دڵیی خۆی ئاسوودە بکا، دەبێ باش بزانێ کە بۆ تەمەنێک لەناو زەلکاویی خەم و خەفەت دا مەلەوانی دەکا.
بەڕای من، گەورەترین خیانەت لەسەر گۆی زەویی، خیانەتکردنە بەهۆی زمان. چونکە هەرچی شەڕو ئاژاوەیە، لەژێر نووکیی زمان دا شاردراوەتەوە، هەروەکچۆن سەرجەم شتە چاکەکانیش هەر لەژێر زماندا شاردراونەتەوە. کەوابوو، با سوود لەزمان وەربگرین بۆ ئاشتی و بەیەکەوە ژیان، نەک تێکدانی شیرازەی بنەماکانی ژیان.

# ئەوشتانەی کەدەبنە هۆی رازاندنەوەی مرۆڤ:

م. پشدەری

2010/12/15

- دڵنیاکردنەوەی هەمووکەس لەزیان پێنەگەیاندن.
- ئەوەندە جێگای متمانەبێ، کە دوژمنەکانیش باوەڕی پێبکەن.
- هیچکەس بەچاوی گومان و ترسەوە سەیری نەکا.
- بەیەک زمان لەگەڵ هەموو کەسێکدا قسە بکا.
- سیقە، کەگەورەترین سامانی ژیانە، هەرگیز لەدەستی نەدا.
- راستیی رێبازی راستەقینەی بێت و هەرگیز لێی لانەدا.
- کەجێگای باوەڕی هەرکەسێک بوو، خیانەتی لێنەکا.
- بێبەڵێنی، کە ناشیرینترین شتە، خۆی لێ بپارێزێ.
- بۆهێشتنەوەی ناوبانگی باش، ئەگەر زیانیشی پێ بگا، هەر سەرکەوتووە.
- ئەوەی کەدڵی پەسندی نەکرد، پەسندیی نەکا.
- هەرکەسێک لەزمانی دڵنیانەبێ، هاوڕێی نەبێ.

# ئەوشتانەی کە دەبنە هۆی کەمکردنەوەی رێزیی مرۆڤ:

م. پشدەری

2011/02/03

- زمان لووسی
- دوورِوویی
- فێڵبازی
- ناپاکی
- حەسوودی
- نیەت پیسی
- هەلپەرستی
- ناکەس پەرستی
- خۆنەناسین
- خۆبەهیچ نەزانین
- خۆبەزلزانین
- بێگانە پەرستی
- بێبەڵێنی
- خۆلێگۆڕان بەبێ هۆ
- لاساری
- خۆتێهەڵقورتاندن لەکاروباری خەڵکدا
- زۆر بلێیی و درێژدادڕی
- پەنابردن بۆ کاریی نەشیاو لەپێناو ژیاندا
- نەپاراستنیی ناوو ناوەرۆک
- کەم بیرکردنەوە
- لاساییکردنەوە بەنەزانی
- خۆجلف کردن بۆ دڵخۆشکردنی دەوروبەر!

# سیقەو راوێژ

م. پشدەری
16/06/2011

- کەسێک کەڕاوێژی پێدەکرێ، بێگومان باوەڕی پێدەکرێ.
- هەرکەسێک کە باوەڕی پێنەکرێ، هەرگیز راوێژی پێناکرێ.
- ئەوکەسەی کەڕاوێژی پێدەکرێ، پێویستە راستگۆ بێ، ئەمین بی، حیساب لەسەر خۆی بکات، هۆی دوو دڵیی نەبێ بۆ ئەو کەسانە، کە سیقەی پێدەکەن، دەبێ ئەوەندە جێگەی باوەڕبێ کە نەک تەنیا هەر هاوڕێو نزیکەکانی، بەڵکو جێی متمانەبێت تەنانەت بۆ دوژمنەکانیش.
- پارە، پوڵ، جوانیو زانست، مرۆڤ دەوڵەمەند ناکات، بەڵکو ئەوەی دەبێتە هۆی دەوڵەمەندیی راستەقینە، دڵنیابوونی خەڵکە لەبەرامبەر رەفتارو بیرکردنەوەو کردەوەکانی ئەودا.
- کەسێک کە جێگەی باوەڕیی هەموو کەسێکە، بێگومان، خۆشەویستی هەموو کەسێکیشە.
- کەسێک کە خاوەنی سیقەو بڕواو متمانەیە، بەشداری ماڵو سامانی هەموو کەسێکە.
- کەسێک کە پارێزەری ئابڕوو رازیی خۆیەتی، پارێزەری رازیی هەموو کەسێکە.
- کەسێک کە هیچ کەس سیقەی پێ نەکا، خوای گەورەش سیقەی پێناکا. لەبەرئەوە پێنووسی خوا، زمانی خەڵکە. کەوابوو هەرچی بیکات سوودیی نییە، چونکە نرخو بایەخیی لەلای خوا نی یە.
- نرخ بۆ مرۆڤ، گەورەترین سامانی جیهانە کەدەستی کەوتووە. هەرکەسێک بێبەش بێت لەو سامانە سروستییە، هەژارترینو کەمترین کەسیی سەر رووی زەوییە.